د. مارف عومەر گوڵ

# کێشەی کەسایەتیی یاسایی‌ی
# نێونەتەوەیی‌ی گەلی کورد

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان

د. مارف عومەر گوڵ

# کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەییی گەلی کورد

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

سلێمانی ٢٠٠٥

# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتانو ئابوریو مەسەلە ستراتیجییەکانو هەوڵی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نادا.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەنو بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن


- د. مارف عومەر گوڵ
- کێشەی کەسایەتیی یاسایی‌ی نێونەتەوەیی‌ی گەلی کورد
- چاپی دووەم.
- سلێمانی ٢٠٠٥
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان
- ژمارەی سپاردن (٦٤٩)ی ساڵی ٢٠٠٥
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی سەنتەر : ٥/٣٣/٧

## پێشەكیی چاپی دووەم

چاپی یەكەمی ئـەم كتێبـە كاتێـك بـوو رژێمـی سـەدام حوسـێن دەسەڵاتداربوو لەعیراقـداو حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتانی عـیراق لەقەیرانێكدا دەژیا لەبەر چەند هۆكارێك، ناكۆكیی ناوخۆ، گەمارۆی ئابوریو هەڕەشـەی رژێمـی عـیراق لـەدژی كـورد، بـەڵام ئـەم چـاپە لەكاتێكدا دەكەوێتە بەردەستی خوێنەر كـەرژێمی نـاوبراو كۆتـاییی هاتووەو كورد بەشدارە لەدەسەڵاتو حوكمڕانی كردنی عیراقـدا، جگـە لەوەی كەحكومەتی هـەرێمی كوردسـتانی عـیراق لەپێشـكەوتنێكی باشدایە لەڕووی سیاسی، ئابوریو كارگێڕیەوە.

بەشداری كردنی كورد لەحوكمڕانی كردنی عیراقـدا، رەنگدانـەوەی لەسەر خواستو مافەكانی لەدەسەڵاتو پێوەندیەكانی ناوخۆو دەرەوەی دەوڵەتی عیراقدا دەبێ. بەڵام ئاخۆ ئەم بەشداری كردنە بەردەوام دەبێت، یان بۆ ماوەیەكە تاكو كەسـانی شـۆڤێنیو دژ بـەكورد جـارێكی تـر دەسەڵاتیان باڵا دەبێت لەعێراقدا؟ ئەمـە پرسـیارێكی رەواو دروسـتە. لەلایەكی دیكەوە بۆ دیاری كردنی چـارەنوس بـەو شـێوەیەی كەگـەل خـۆی بـەگونجاوی بزانێـت، پێویسـتە رەچـاوی ئـەم قۆناغـە بكـرێو لەدەستوری عیراقدا ئەو مافە بەكورد بدرێ كەئازاد بێ لەدیاریكردنی چارەنووسی خۆی لەداهاتوودا، چونكە هیچ یـەكگرتنێكی زۆرەملێكـی سەرناگرێت، ئەم مافەش لەیاسای نێودەوڵەتاندا بۆ هەموو میللەتانی دونیا رەوایە، بەگوێرەی سەردەمو قۆناغ هەر میللەتێك خۆی بڕیاری لێ دەدات نەك بەسەریدا بسەپێنن.

ئێمە پێمان وایە دروستکردنەوەی حکومەتی عیراقو بیناکردنەوەی ژێرخانو دەسەڵات لەعیراقدا لەدوای کەوتنی رژێمی سەدام حوسێنەوە، لەزۆر لایەنەوە لەدروستکردنی دەوڵەتی عیراق دەچێت لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان سوپای بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی رۆڵی سەرەکییان هەبوو لەدروستکردنی دەوڵەتی عیراقو پێکهێنانی دەسەڵاتی حوکمڕانی کردندا، هەر ئەو کاتە، کورد حکومەتی شێخ مەحموودی حەفیدی هەبوو لەکوردستانو هێشتا باشووری کوردستان نەلکێندرابوو بەعیراقەوە، هەمان کاتیش کورد رۆڵی دیاری هەبوو لەدروستکردنی دەسەڵات لەعیراقدا. پاشتر سەرانسەری مێژووی عیراق بوو بەمێژووی زوڵمو تاوان لەدژی داخوازیو مافە رەواکانی کورد لەعیراقدا.

لەسەرەتای سەدەی بیستو یەکەمیشدا، ساڵی (٢٠٠٣) بەهاتنی سوپای ئەمریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیان رژێمی خوێناویی سەدام حوسێن کەوتو عیراق بەبێ دەسەڵاتو حوکمڕان مایەوە، بەڵام کورد لەعیراقدا لەساڵی (١٩٩٢)ـەوە حکومەتی خۆی لەکوردستانی عیراقدا دامەزراندبوو، دوور لەدەسەڵاتی رژێمی عیراق. لەدوای کەوتنی رژێمی سەدامو هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی عیراقو سەرهەڵدانی تیرۆرو تاوان لەناو عیراقدا، دیسانەوە لەکوردستان حکومەت هەبوو و لەعیراقیش هیچ نەبوو، بەڵام کورد ئەمجارەیان گەرمترو بەهێزتر بەشداریی لەدروستکردنەوەی دەسەڵاتو حوکمڕانی کردنی عیراق کرد، بەو جۆرەی کەیەکەم سەرۆك کۆماری عیراق لەم قۆناغەدا بەرێز جەلال تاڵەبانی هەڵبژێردراو لەکوردستانیش بەرێز مەسعوود بارزانی بەسەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ پاش چەند ساڵی تر چی روودەدات؟ مەسەلەی کورد لەعیراقدا بەچی دەگات؟ لێرەدا پێویستە ئامــاژە بــەو گۆڕانکاریو رووداوە جیهانیو ئیقلیمیو ناوەکیانــە بکــەین کــەکاریان کردۆتە سەر مەسەلەی کورد پێشکەوتووەو و وایان کـردوە دەسـەڵاتی کورد لەگەڵ وڵاتانی دونیادا برەوێکی باش پەیدا بکات. بۆیـە ئەگـەر لەدەسـتوری عیراقـدا رێگـە بـەوە نـەدرێ مـافی داهـاتووی کـورد لــەدیاریکردنی چارەنوسـیدا دیـاری بکـرێ، ئـەوا رێگەیـەکی دیکـە لەبەردەم دەسەڵاتی کوردا دەکرێتەوە کە لەپاراستنی سنوورو دەسەڵاتی حکومــەتی کوردیــدا روو لــەجیهان بکــا بــۆ پشــتگیری کردنــی لەدیاریکردنی شێوەی حوکمڕانیو سەربەخۆییدا.

ئــەم کتێبــەی ئێمــە، هــەر لەدەســتپێکردنیەوە تێکــڕای ئەگــەرە یاساییو رەواکانی لەبەرچاو گرتووە، ئـەوەی دیـاریکردوە کەچـاکترین رێگا بۆ دیاری کردنــی چـارەنوس ریفراندۆمــە، بـەگوێرەی خواسـتو قۆناغی ژیانی میللـەت خـۆی، هـەر بۆیـە بابەتـەکانی ئـەم کتێبـە گرنگیی خۆیان وەکو کارێکی زانستی پاراستووە.

٢٠٠٥/٨/١٦

سلێمانی

# پێشەکیی چاپی یەکەم

لەیاسای تازەی نێونەتەوەییدا پرنسیپی یەکسانیو دیاریکردنی چارەنووسی گەلانو میللەتان بەشێوەیەکی گشتی دانی پێدانراوە لەدوای جەنگی دوەمی جیهانەوە، لەئەنجامی ئەم پرنسیپە یاساییە جیهانییەدا زیاتر لە(١٠٠) دەوڵەتی تازەی سەربەخۆ پەیدابوون.

خاڵی دووەمی بەندی یەکەمی دەستوری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پرنسیپی یەکسانیو دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی کردۆتە بناغە بۆ بەدیهێنانی یەکێك لەئامانجەکانی ئەم رێکخراوە، کەبریتییە لە((پەرەپێدانی پەیوەندی دۆستانە لەنێوان میللەتاندا لەسەر بناغەی رێزگرتنی یەکسانی مافی گەلان)). هەروەها لەبەندی(٥٥)یشدا چەسپێنراوە کەئاشتیو ئاسایشی نێونەتەوەیی تەنها لەسەر بناغەی رێزگرتنی پرنسیپی یەکسانیو دیاریکردنی چارەنووسی گەلان مسۆگەر دەکرێت.

جێگیرکردنی ئەم پرنسیپە لەدەستووری رێکخراوی نەتەوەیە کگرتوەکاندا نیشانەی دان پێدانانێکی گشتییە پێیدا، پێویستە دەوڵەتانیش رێزی لێ بگرنو رێگە بۆ هەمو گەلان خۆش بکەن بۆ بەدیهێنانی.[١]

پاشتر ئەنجومەنی گشتی رێکخراوی نەتەوەیە کگرتوەکان (١٤/١٢/١٩٦٠) لە بەیاننامەی سەربەخۆیی ولاّتانو گەلانی کۆلۆنیدا پەرەی بەناواخنی پرنسیپی یەکسانیو دیاریکردنی چارەنووسیداو جەختی کرد کە((هەمو گەلان مافی دیاریکردنی

چارەنووسیان هەیە. بەحوکمی ئەو مافەش بەئازادی بڕیار لەسەر دۆخی سیاسی (ستاتوس)ی خۆیان دەدەن‌و پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵایەتی‌و کولتووری خۆیان بەدی دێنن)) هەر بۆیەش، ((هەموو گەلان مافی هەمیشەییان لەسەربەخۆیی تەواوو سەرداریێتی بەسەر سەرجەم سنووری نەتەوەییاندا هەیە))و دەتوانن بەهەر شێوەو رێگەیەکی گونجاودا بێت پەرە بە خەباتیان بدەن لەپێناوی ئازادیدا[٢].

دارِشتنی یاسایی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان، کە لەپرنسیپی یەکسانی‌و دیاریکردنی چارەنووسەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت لەبەندی یەکەمی پەیمانی جیهانی (نێونەتەوەیی) دەربارەی مافی ئابوری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری ساڵی١٩٦٦و پەیمانی جیهانی دەربارەی مافی مەدەنی(Civile)و سیاسی ساڵی ١٩٦٦دا جێگیرکراوە. لەم بەندەدا، مافی گەلان بەم شێوەیە جێگیر کراوە:

١-بەئازادی دیاریکردنی چارەنووس.

٢-بەئازادی هەڵبژاردن‌و دیاریکردنی سستمی سیاسی.

٣-بەئازادی بەکارهێنانی سامان‌و سەرچاوە سروشتیەکانی ناوخۆ[٣].

ئەنجومەنی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبەیاننامەی تایبەت بەپرنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەییدا، دەربارەی پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری نێوان دەوڵەتان بەگوێرەی دەستوری نەتەوە یەکگرتوەکان لە ٢٥ ئۆکتۆبەری ١٩٧٠دا رایگەیاندوە کە((بڕوای وایە، پرنسیپی یەکسانی‌و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بریتی‌یە لە بەشداریکردنێکی گرنگ لەیاسای نێونەتەوەییدا، چونکە جێ بەجێکردنی کاریگەرانەی، مەبەستی سەرەکییە بۆ پشتگیریکردنی پێشکەوتنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان دەوڵەتان کەبناغەی لەسەر رێزگرتنی پرنسیپی یەکسانی سەرداریێتی داکوتاوە))[٤]

گەلی کورد، مێژوویەکی کۆنی هەیە لەخەباتیدا بۆ ئازادی‌و سەربەخۆیی، تاکو رۆژگاری ئیمڕۆش، نەیتوانیوە چارەنووسی خۆی

دیـاری بكـاتو ئـەو مـافانــەی بــەدی بێنێـت. ئەگەرچـی لەپەیماننامــەی سیڤەر لە١٠/٨/١٩٢٠دا بەندی(٦٢) ئۆتۆنۆمییەكی ناوچەیی بۆ ئەو ناوچــانە دیــاری دەكـات كەزۆربــەی دانیشــتوانی كــوردن (لــەباكوری كوردســتان). بەنـدی(٦٤)یـش ئـەوە دیـاری دەكـات، ئەگـەر لـەماوەی ســالێك لــەدوای بەگەڕخســتنی پەیماننامەكــەوە، ئەگــەر كوردەكــان ویستیان، ئەوا دەتوانن سەربەخۆبن.[٥] بەڵام پەیماننامەی سـیڤەر حـوكمی یاسایی وەرنەگرتو نەكەوتەكار. چارەنووسی كـوردیش بـەبێ بەشـداریی خۆی لەپەیماننامــەی لـۆزان لـە٢٤/٧/١٩٢٣دا پێشـێل كـراو سـنوری تازەی توركیا دیاریكرا[٦]. لەئەنجامدا خاكی كوردستان لەنێوان توركیـا، ســوریا، عــیراقو ئێرانــدا دابەشــكرایەوەو نەخشــەی بــۆ كێشــرا. بــەڵام حكومەتی عێراقو بەریتانیا بە بەیاننامەیەكی رەسمی هاوبەش بڕیاریان لەســەر پێكهێنــانی حكومــەتێكی كـوردیدا لەچوارچـێوەی عێراقـدا، كەئەویش پاشـتر جێبـەجێ نـەكرا. لـەناوخۆی توركیـا، سـوریاو ئێرانـدا بــەهیچ جۆرێــك دان بەمافــەكانی كــوردا نــەنرا، نــەوەكو كەمینــەی نەتەوەیی، نەوەكو گەلێكی سـەربەخۆ لـەدیاریكردنی چارەنوسـیدا. ئـیتر بزوتنەوەی كورد لەنێوان ئەو چوار دەوڵەتەدا لەتو پەتبوو. بەتایبەتیش چەند رێكەوتننامـەیەكی هاوبەشی نێوان ئەو چوار دەوڵەتە زیـاتر كـاری خراپی كردە سەر چارەنووسی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد.

لەبـەر دابەشـكردنی گـەلی كـورد بەسـەر چـوار دەوڵەتـدا، كێشـەی جێبەجێكردنی مـافی دیاریكردنی چارەنووس، رەنگە بەچەند شێوەیەكی جیاجیـا چارەســەر بكرێـت، دیـارە لـەم بۆچونەشـدا رەوتـی سیاسـەتی هەرێمیو جیهـانی لەگـەڵ فاكتـەری نـاوخۆی بزوتنـەوەی كـوردا رەچـاو دەكرێت. باشووری كوردستان كەهەتاكو ئێسـتاش بەشـێوەیەكی رەسمـی وەكو بەشێك لەعیراق ناو دەبرێت، لەدوای دۆڕانـدنی عێـراق لەجـەنگی دووەمــی كەنــداوو ســەپاندنی ســزای نێونەتــەوەیی بەســەر عیراقــدا، سیاسەتی جینۆساید لەو ناوچانەی كە بە((زۆنی ئاسایش)) نـاودەبرێن،

بەربەند کرا، چونکە جەماوەری کوردستانو هێزەکانی بزوتنەوەی کورد دەسەڵاتیان گرتەدەست. پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەتێکی کوردی ڕێگایەکی تریان کردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا. بەڵام ڕەنگە لەتورکیا یا ئێران یا سوریا، بەگوێرەی هەلومەرجی قۆناغەکە باس لەشێوەی چارەسەرکردنی کێشەکە بکرێت.

لەم سەردەمەدا، بەهۆی کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو سەپاندنی سزای نێونەتەوەیی بەسەر عیراقدا، گەلی کورد ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا کە بەشێوەی ئاشتیانە چارەنووسی خۆی دیاری بکات. جا لەبەر ئاڵۆزی کێشەی کورد لەنێوان چوار دەوڵەتدا، لەڕوی زانستیەوە، چارەسەری یاسایی نێونەتەوەیی دەربارەی سەربەخۆیی گەلی کورد، بە بڕوای ئێمە وەستاوە لەسەر شیکردنەوەی کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی:

نوێنەری تایبەتی بنکۆمیسیۆنی تایبەت بەقەدەغەکردنی نەژاد پەرستیو داکۆکی لەکەمینەکان، ئە. ئاید لەڕاپۆرتی((داکۆکی لە کەمینەکان)) زۆر بەدڵنیاییەوە بیروڕای وایە کەمافی دیاریکردنی چارەنووس بێ دوو دڵی بۆ ئەم گەلانەیە:

١-گەلانی کۆلۆنی.

٢-گەلانی ئەو سنورانەی کەهێرشی بێگانە داگیری کردوون یا لەدوای ساڵی(١٩٤٥)ـەوە لکێندراون.

٣-گەلانی فیدراڵی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، کەمافی جیابونەوەیان لەدەستوردا دیاریکرابێت.

بەڵام ئەو سنوورانەی کەپێش ساڵی ١٩٤٥، واتە لەپێش دانانی دەستوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەشکری بێگانە داگیری کردوونە یا لکێندراون، ئەو گەلانەی کە بەشێوەیەکی یەکگرتوو ((Compact)) لەهەرێمێکدا دەژین، لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەرداریدا دان بەکەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییاندا دەنرێت، بەڵام بۆ جێ بەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئەو گەلانە لەسەریانە

خۆیـان ئیسـپاتی بکـەن کـە بـەگوێرەی یاسـای نێونەتـەوەیی مـافی جیابوونـەوەیان هەیـە، هەوڵـدان بـۆ گـۆڕینی سـنووره مێژینـەکان لـەم سەردەمەدا، دەبێتە هۆی شەڕو پێکدادان لەناو چوارچێوەی ئەو سستمە جیهانیەی کەدەقی گرتووە بـەڵام کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی ئـەو گەلانـە ئـەوە دەگەیـەنێت کـە ئـەو گەلانـەی لەچوارچـێوەی دەوڵـەتێکی دیکەدا دەژین، پێویستە لەسەر دەوڵەتەکە رەچاوی پرنسیپی یەکسـانیو دیـاریکردنی چارەنووسـیان بکـاتو ئـەو گەلانـە حکومـەتی خۆیـان هـەبێتو نوێنەرایـەتی سـەرجەم دانیشـتوانی تێـدابێت، بـەبێ جیـاوازی رەگـەز، ئـاین یـا رەنـگ، هـەروەها رێزگرتنـی لەسـەرجەمی مافـەکانی گـەلان. هـەرکاتێکیش ئـەو مافانـە پێشـێل کـران، مەسـەلەی مـافی دیاریکردنی چارەنووس هەتا جیابوونەوەش خۆی دەسەپێنێت، ((ئەگـەر ئەمـەش بەدڵنیاییـەوە بـاوەڕ بەکۆمەڵگـەی جیهـان نـەهێنێت، ئـەوا دەوڵەتانی دەرەوە مافی ئەوەیان نیـە بکەونـە هانـدانو پشـتگیریکردنی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو گەلە))[٧]. بەڕاستو دروستی، دۆخی گـەلی کـورد لـەم حاڵەتەدایـە، کەنیشـتمانەکەی لـەدوای جـەنگی یەکـەمی جیهانیەوە دابەشکراو هەر بەشـێکی لکێنـدرا بەدەوڵەتێکـەوە، ئەمـەش زۆر لـەپێش پێکهێنـانی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکانو دانـانی دەسـتوورەکەیەوە بـووە. زیـاتریش دۆخـی کـورد ئاڵۆزیەکـەی لەوەدایـە، نیشتمانەکەی بەچوار دەوڵەتەوە لکێندراوە.

کـەباس لـەمافی دیـاریکردنی چارەنووسـی گـەلی کـورد دەکرێـت، کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی ئـەو گەلـە رەچـاو ناکرێـت. بـە بـیروڕای ئێمە (نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە)، مەسـەلەی کەسـایەتی یاسـایی نێـو نەتەوەیی بەردی بناغەی چارەسەرکردنی ئاڵۆزترینو شێواوترین کێشەی پەیوەندیی نێودەوڵەتانە لەم سەردەمەدا.

هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕمـان لەکێشـەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد داوەتەوە.

ئـەركی سـەرەكیی ئێمـە لـەم لێكۆڵینەوەیـەدا، شـیكردنەوەیەكی زانستیانەی هەڵو مەرجی جیٚبەجیٚكردنی مافی یەكسانیو دیاریكردنی چارەنووسـی گـەلی كـوردە، كـە لـەدوای جـەنگی یەكـەمی جیهانـەوە نیشتمانەكەی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش كـراو لكیٚنـدرا بەدەوڵـەتانی میللەتانی ترەوە.

بـۆ بـەدیهیٚنانی مەبەسـتی لێكۆڵینەوەكـەمان ئـەم لایەنانـەمان شیكردۆتەوە:

-جیـاوازیی نیٚـوان كەسـایەتیی یاسـاییی نیٚونەتـەوەیی گـەلو خەسڵەتەكانی كەسانی (Subject - سوبیٚكت)ی یاسای نیٚونەتەوەیی.

-بوونی كەسایەتیی یاساییی نیٚونەتـەوەیی لای گـەلی كـورد، كـە بەشیٚوەیەكی یەكگرتوو (Compact) لەناو دەوڵـەتانی میللـەتانی تـردا دەژی.

-مافی گەلی كورد لـەدیاریكردنی چارەنووسـی خۆیـدا، لەبەرانبـەر سیاسەتی عیٚراق كەپرنسیپی یەكسانیو مافی دیاریكردنی چارەنووسی پیٚشیٚل كردووەو جینۆساید پیادە دەكات.

-شـیٚوەی جـیٚ بـەجیٚكردنی مـافی دیـاریكردنی چارەنووسـی گـەلی كورد لەباشووری كوردستان (ئەو بەشەی كـە بەعـیٚراقـەوە لكیٚنـدراوە)، بەهەڵبژاردنی سستمی فیدرالیزم بۆ ئەم قۆناغە.

دەبوایە لەم لێكۆڵینەوەیەدا گرنگیمان بـەتاوانی جینۆسـایدی گـەلی كورد بدایە، بـەڵام ئـەو باسـەمان بـەكتیٚبیٚكی سـەربەخۆ چـاپ كـردوە، بـەناوی: (جینۆسـایدی گـەلی كـورد لەبـەر رۆشـنایی یاسـای تـازەی نیٚودەوڵەتاندا).

لەم لێكۆڵینەوەیەدا، پشتمان بەكارە زانسـتیەكانی كۆمـەڵیٚك زانـاو پسپۆڕی یاسای نیٚونەتەوەیی بەستووە، بەتایبەتیش سەرچاوە روسیەكانی

بواری زانستی یاسای نێونەتەوەیی‌و هەندێ سەرچاوەی زانایانی جیهان کە کارەکانیان کراون بەرووسی. هەروەها پشتمان بەکارەکانی کوردناسان‌و زانایان‌و نوسەرانی کوردیش بەستووە. بەڵگەنامەو راپۆرت‌و بڕیارو رێکەوتننامەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگیەکی زۆریان پێدراوە وەکو سەرچاوەی یاسای نێونەتەوەیی پشتمان پێیان بەستووە.

بۆ یەکەم جاریش، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ بەڵگەنامەی (حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق) کە لەساڵی ١٩٩٢ دامەزرا، بەکارهێنراوە.

## سەرچاوەکانی پێشەکیی چاپی یەکەم (بەزمانی رووسی):


1. Тункин Г.И. Основы теории международного права. - М., 1970. - С.73.
2. Резолюция Генеральной Ассамблеи ООН 1514 /ХУ/ от 14 декабря 1960г.
3. Резолюция Генеральной Ассамблеи ООН 2200 /XXI/ от 16 декабря 1966г.
4. Резолюция Генеральной Ассамблеи ООН 2625 /ХХУ/ от 24 октября 1970г.
5. Итоги империалистической войны: Серия мирных договоров / Под ред. Ю.В.Ключникова и А.В.Сабанина. Севр и Лозанна. - М., 1927. - С.24, 25.
6. Цит.произв. - С.143 и сл.
7. Док.ООН E/CN.4 /Sub.2 /1992/37. - Р.35-36.

# بەشی یەکەم

## چەمکی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی

یاسای نێونەتەوەیی لەئەنجامی پێویستی رێکخستنی نێوان دەوڵەتانەوە هاتۆتە ئاراوە، بۆیە دەوڵەتی خاوەن سەروەریی (دولة ذات سیادة)، بووە بەیەکەم لایەن (سوبێکت - Subject) لەیاسای نێونەتەوەییدا.

دەوڵەتی خاوەن سەروەریش لەزانستی یاسای نێونەتەوەییدا، مانای سەربەخۆیی دەوڵەتەکەیە لەپەیوەندی نێوان دەوڵەتانو لەدەسەڵاتیدا لەناوخۆی خۆیدا.

ئەم تێڕوانینە، لەلای زانایانی یاسای وڵاتانی رۆژئاوا بەفراوانی دیارە. زانای ئوسترالی (د. ستارك) دیاری دەکات کەدەوڵەتی خاوەن سەربەخۆییو سەرداریی بەسەر هاونیشتمانانو کاروباری ناوخۆی سنوورەکەیدا، لایەنی (کەسی) یاسای نێونەتەوەییە. زانای بەریتانیش (ی. براونلی) دیاری دەکات کەلایەنی جێگیرو چەسپاو لەسایای نێونەتەوەییدا دەوڵەتی خاوەن سەروەرییە.

دەربارەی هەمان تێڕوانین، سەرۆکی پێشووی دادگای نێونەتەوەیی سەر بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)، ئیدوار هیمینس دی ئەریچاگە، دیاری دەکات کەدەوڵەت پێویستە سنووری دیاریکراوی هەبێو دەسەڵاتی قانوونی خۆی بەسەردا جێ بەجێ بکات.

قانون ناسی ئەمریکایی چ. هاید دەڵێت کەدەوڵەت پێویستە ئەم پێکهاتانەی هەبێت:

١-دانیشتوان، پێویستە ژمارەیان بەو ئەندازەیە زۆر بێت کەخۆی بگریٚو بوونی خۆی بەردەوام رابگرێت.

٢-سنوورێکی دیاریکراو، تاکو دانیشتوانی تێدا بژین.

٣حکومەت، بۆ کۆنترۆڵی هەرێمو رێکخستنی کاروباری دانیشتوان.

٤-توانای بەشداریکردن لەپەیوەندیی دەرەوەدا.

یاسای نێونەتەوەیی لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان رێك دەخات، لایەنەکانی (سوبێکتەکانی) بەحوکمی دەسەلاتو سەروەرییان لەژێر رکێفی چوارچێوەیەکی تایبەتی دیکەدا نینو سەربەخۆیانە رەفتار دەکەن.

دۆخی یاسایی (ستاتوس – Status) ی بەشدارانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانیش جیاوازە لەستاتوسی بەشدارانی پەیوەندی ناوخۆی هەر ولاتێك، هەر بۆیەش لایەنەکانی یاسای نێونەتەوەیی بەحوکمی سەربەخۆیی خۆیان بنەمای یاسایی نێونەتەوەیی پێکدێننو هەر خۆیان ئەو مافو ئەرکانە جیٚ بەجیٚ دەکەن کە ئەو بنەمایانە پێکی هێناون.

جگە لەوەی کەیەکەم لایەنی یاسای نێونەتەوەیی دەوڵەتی خاوەن سەروەرییە، گەلانو میللەتانی خەباتگێریش لەپێناوی ئازادیو دەوڵەتی سەربەخۆدا. هەروەها رێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتانو دەوڵەتی تایبەتمەندیش هەر لایەنی یاسای نێونەتەوەیین. ئیتر بەگوێرەی تایبەتمەندیی پەیوەندیی نێونەتەوەیی هەر لایەنێك (سوبێکتێك) مەوداو قەبارەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئـەم مەسـەلەیەش بـووە بەمایـەی لێـدوانو تۆژینەوەیـەکی بـەرفراوان لەتیۆری گشتی یاسادا.

بەشـێك لـەزانایان پێیـان وایـە کەچـەمکی (سـوبێکتی یاسـا)و (کەسایەتی یاسایی)، دوو واتای هاوجووتن.

س. س. ئەلیکسـێیەڤ، دەڵێـت، ((زاراوەی – سـوبێکتی یاسـاو – کەسـایەتی یاسـایی – بـەگوێرەی کـاکڵی بنچـینەییان هـاوجووتن)). هەروەها س. ف. کەچیکیان، دەستنیشانی کردووە کە لایـەنێك بەشـدار بێ یا توانای بەشداربوونی لەپەیوەندیی یاساییدا هەبێت، وەکـو کەسـی (سوبێکتی) یاسا دیاری دەکرێت.

هەروەها دوو زانای دیکە هەمان بۆچوونیان هەیە، د. ی. فیلـدمانو گ. ی. کوردیوکـەڤ، کـەپێیان وایـە ((سـوبێکتی یاسـا)) بانگـدەری نوێنەرایـەتی تیـۆری یاسـایە. یـە. ئـە. شـیبایڤ – بڕیـار دەدات کەدیاریکردنی سوبێکتی یاسا، ئەوە تیۆری گشتی یاسـایە، کـە بەسـەر یاسای نێونەتەوەییشدا جێ بەجێ دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کـە کاکڵی چەمکی ((سـوبێکتی یاسـا)) بـەجیا لـەبوارەکانی تـری یاسـا، مـافو ئەرك پێك دێنێت.

بەهەمـان شـێوەش، ن. ئـە. ئوشـاکەف بڕیـار دەدات کـە لایەنـەکانی (واتـە، سـوبێکتەکانی) یاسـای نێونەتـەوەیی، ئـەو لایـەنو کەسـانەن کەبەشـدارن، یاتوانـای بەشـداربوونیان هەیـە لەپەیوەنـدیی یاسـایی نێونەتەوەییدا.

بەڵام بواری بەشداربوون یا بەشداریکردن لەپەیوەندیی یاسـاییدا لـە لایەنێکەوە دەگۆڕێت بۆ لایەنێکی دیکە، دەربـارەی ئـەم راسـتی‌یەش ر. ئۆ. خالڤین وا سەرنجی داوە کەپێویستە مانای سوبێکتی یاسـا لـەمانای بەشـدارانی پەیوەنـدیی یاسـایی جیـا بکرێتـەوە. هـەر ئـەم تێڕوانینـەش

وایکـــردووه کـــەخالّفین لـــەناو ســـوبێکتەکانی یاســـادا جیـــاوازی بکـــات لەنێوان ئەو لایەنەی کەمافی هەیەو ئەو لایەنـەی کەئـەو مافانـەی خـۆی لەپەیوەندیی یاساییدا جێبەجێ دەکات.

هـــەروەها س. س. ئەلیکســـێییەف، ئـــەویش دانـــی پێـــدا دەنێـــت کەسوبێکتی یاسا، واتە ئـەو لایەنـەی کەسـایەتی یاسـایی هەیـە، واتـە، دەتوانێـــت ببێتـــە بەشـــداری پەیوەنـــدیی یاســـایی. بـــەڵام ســـوبێکتی پەیوەندیی یاسایی، واتە، بەشداری راستەقینەی پەیوەندی یاسایی.

کەواتــە، هاوپەیوەنــدی نێــوان ((ســـوبێکتی یاســـا))و ((ســـوبێکتی پەیوەندیی یاسایی)) پشتگیری ئەو بیروڕایەی ر. ئۆ. خالّفین دەکـات کـە کەســایەتی یاســایی رێگــە دەکاتــەوە بــۆ بەشــداری کــردن لەپەیوەنــدیی یاساییدا.

س. س. ئەلیکسـێییەڤ وای دیـاریکردوە کـە کەسـایەتی یاسـایی دوو پێکهاتەی هەیە:

یەکەم: توانای هەبوونی مـافو لەئەستۆگۆتنی ئەرك.

دووەم: توانای سەربەخۆ جێبەجێکردنی مـافو ئەرك.

لەبەر ئەوە، هەندێ جار بەکەسایەتی یاسایی دەوترێت، مـافی توانای کارئەنجامدان.

ئـیتر، بـەگوێرەی خەسـڵەتی یاسـای نێونەتـەوەیی، کـە رەنگدانـەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانە، دەتوانین بڵێین کەسایەتی یاسایی چەمکێکی جیاوازە لەیاسای ناوخۆی دەوڵەت.

تایبەتمەندیی کەسایەتی یاسـایی لەیاسـای نێونەتەوەییـدا بـەگوێرەی دیـاریکردنی ستاتوســی دەوڵــەت یــا رێکخــراوی نێونەتــەوەیی نێــوان دەوڵەتان دەزانرێت.

بەهۆی سەروەریی (سەرداریتی)یەوە، تایبەتمەندیی سوبیکت بەم جۆرە دیاری دەکریت:

دەوڵەت بەحوکمی بوونی خۆی (ipsofacto) سوبیکتی یاسای نیونەتەوەییە، ئەمەش بەو واتایە دیت: کەسایەتی یاسایی نیونەتەوەیی دەوڵەت بەدریژایی بوونی بەردەوامەو هەر بە یەکگرتنی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتیکی دیکەدا، یا دابەشبوونی بەچەند بەشیك، ئیتر ئەو کەسایەتی‌یە نامینی.

ئەگەرچی دەوڵەتان خۆیان بەشدارن لەپیکهینانی بنەماکانی یاسای نیونەتەوەییداو دەتوانن بەشداربن لەجی بەجی‌کردنی ئەو پەیوەندییە یاساییانەدا، بەڵام هیچ کاتیك دەوڵەت ناتوانی دەرباز بی لەحوکمی بنەما ئیمپیرەتیڤەکانی یاسای نیونەتەوەیی (قواعد آمرة – Jus Gogens). ئەگەر خۆیشی بەشدار نەبووبی لەدروست کردنیاندا، ئەوا دەبی پیوەی پابە ندبی. هەر بۆ نموونە، ئەگەر دەوڵەت بەشداریش نەبی لەپەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی نیونەتەوەییدا، وەکو جینۆساید یا ئەپارتیید یا تاوانی جەنگ، ئەوا هەر پابەندە بەئەنجام نەدانو بەربەندکردنیان. کەواتە، لیرەدا دەوڵەت لەکاتی بەشدار نەبوونیشیدا لەدروست بوونی بنەمایەکی یاسایی ئیمپیرەتیڤدا، هەر دەبی بەشدار بی لەجی‌بەجی کردنیدا، چونکە خەسڵەتیکی یاسایی داسەپینەری هەیە.

ل. ئە. مەجەریان پی‌ی وایە کەسەرجەم مافو ئەرکەکانی دەوڵەت لەلایەن دەوڵەتان خۆیانەوە دیاری دەکریت. جا چ لەپەیماننامەی نیودەوڵەتاندا یالە دابو نەریتدا دیاری بکریت.

تایبەتمەندییەکی تری دەوڵەت ئەوەیە، جیاواز لەسوبیکتەکانی تری یاسای نیونەتەوەیی، ئەو توانایەکی یاسایی جیهانی بەرفراوانی هەیەو لەجی‌بەجی‌کردنی بنەمای یاساییو پەیوەندیی نیوان دەوڵەتاندا ناکری

سنووری بۆ دابنرێ. دیاره لێرەدا مەبەست لەچوارچێوەی پەیوەندیی ئاساییه، نەك رەفتاری نائاسایی.

سوبێکتێکی تری یاسای نێونەتەوەیی، رێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتانه. ئەو رێکخراوەش دەبێ لەسەر بناغەی رێکەوتننامەی نێوان دەوڵەتانەوە دروست بووبێ. کە خۆیان تێیدا ئەندام بن و بەئارەزووی ئەوان پێك هاتبێ، بۆ نمونە، رێکخراوی UN . ئیتر هەر جۆره پەیوەندییەك لەگەڵ ئەو رێکخراوەدا یا لەگەڵ ئۆرگانەکانی‌دا، نیشانەی دان پێدانانی هەردوو سەره بەیەکتریدا، بەتایبەتی جۆری ئەو پەیوەندییە وەکو بەستنی پەیماننامە، رێکەوتننامە، کۆنتراکت یا گۆڕینەوەی نامەو بیرورا. (لێرەدا پێویستە ئاگاداری پەیوەندیی دەزگاکانی UN بین، لەگەڵ ئۆرگانەکانی ((حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق)) دا کە لەساڵی (١٩٩٢) دامەزرا، چ پەرلەمان یا ئەنجومەنی وەزیران یا وەزارەتەکان).

گ. ی. تونکین واپێشان دەدات کەدان پێدانان بەرێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتان، نیشانەی پەیدابوونی میتۆدی تازەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان دەوڵەت.

هەروەکو لەم سەردەمەدا دانی پێدانراوه، کەرێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتان سوبێکتی (لایەنی) یاسای نێونەتەوەییە. ئـ. ئـه. شیبایەڤ بەمجۆره پێکهاتەکانی ئەو جۆره رێکخراوانه دیاری دەکات:

١-لەسەر بناغەی رێکەوتن، ٢-بوونی ئامانجی دیاریکراو،

٣-بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی پێك هاتبێ.

ئـ. ت. ئوسێنکه وای دادەنێت کەدان پێدانان بەرێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتاندا وەکو سوبێکتی (Subject) یاسای نێونەتەوەیی، بریتی‌یه لەم نیشانانه:

١-ڕێکخراو لەسەر بناغەی پەیماننامەی نێوان دەوڵەتان بێو بکەوێتە کار.

٢-بەشدارەکانی ڕێکخراو دەبێ دەوڵەتان بن.

٣-توانایەکی سەربەخۆی هەبێت.

٤-ئۆرگانی جێبەجێکردنی خواستو ئامانجەکانی هەبێت.

٥-پێویستە ڕەوایی یاسایی هەبێت.

٦-هاوکاری نێوان دەوڵەتان ڕێك بخات.

گ. م. ڤیلیامینەڤ، لەتێڕوانینی مەسەلەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی ڕێکخراوی نێونەتەوەییدا، وای هەڵدەسەنگێنێت کە:

١-پێویستە ڕێکخراو ئۆتۆنۆمی هەبێت.

٢-پەیوەندی نێوان دەوڵەتان ئۆرگانیزە بکات لەجێبەجێکردنی سەربەخۆییاندا.

٣-دەبێ دەوڵەتان دان بەکەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی ڕێکخراودا بێنن.

٤-ڕێکخراو مافی قانوونی هەبێت، کە لەئاستێکی نێونەتەوەییدا جێبەجێ بکرێت.

گەلێك لەزانایانو قانووناسان بیروڕای لەو جۆرەی ڤیلیامینەڤ -یان هەیە دەربارەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی ڕێکخراوی نێوان دەوڵەتان.

بەمجۆرە، کەسایەتی یاسایی دەوڵەت بەدرێژایی بەردەوامبوونی پێوەند نیە بەخواستی بەشدارانی دیکەی پێوەندی نێوان دەوڵەتانەوە، بەڵام کەسایەتی یاسایی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتان بەندە بەخواستو ئارەزووی دەوڵەتە بەشداربووە پێکهێنەرەکانیەوە.

دادگـای نێونەتـەوەیی سـەر بـەرێکخراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەبڕیارێکدا دەربارەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە:

ڕێکخـراوی (UN) کەسـایەتیەکی یاسـایی نێونەتـەوەیی بەئەندازەیـەکی فـراوان هەیـەو دەتوانێـت لەئاسـتێکی نێونەتەوەییـدا کاربکات، بەڵام هەمان کات دادگای نێونەتەوەیی دەڵێت کـەرێکخراوی (UN) وەکـو سـوبێکتێکی یاسـای نێونەتـەوەیی ئـەو مـافو ئـەرکو کەسایەتی‌یە یاساییەی نیە بەو ئەندازەیەی کەدەوڵەتێك هەیەتی.

لەچـەند پەیماننامەیـەکی نێونەتـەوەیی گشـتیدا دان بـەرێکخراوی نێودەوڵەتیدا نراوە وەکو سوبێکتی یاسای نێونەتەوەیی. ساڵی (١٩٧٥) پەیماننامـەی ڤیەننا ئامادەکراو بـەکراوەییش مایـەوە تـا ئیمـزا بکرێـت. دەربارەی نوێنەرایەتی دەوڵەتان لەپەیوەندیاندا لەگەڵ ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە نێونەتـەوەیین. لەهـەمان پەیماننامـەدا مـافی ڕێکخـراوی نێـوان دەوڵەتان لەپەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتاندا دیاریکراوە.

سـاڵی (١٩٨٥) ڕێکەوتننامـەی ((قـانونی پـەیماننامان)) مـافی ڕێکخـراوی نێونەتـەوەیی لەپەیوەنـدیی یاسـاییو ڕێکخسـتنی ڕێکەوتننامـە لەگـەڵ دەوڵـەتانو ڕێکخراوانـی تـری نێودەوڵەتانـدا دیاریکرد.

کەواتە، کەسایەتی یاسایی ڕێکخراوی نێوان دەوڵەتان تایبەتمەنـدیی لەئەنجامی خواسـتی دەوڵەتانـەوە پەیـدا دەبێـتو جیـاوازە لەکەسـایەتی یاسایی نێونەتەوەیی دەوڵەتان خۆیان.

بـەمجۆرە، کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی ڕێکخـراوی نێودەوڵـەتان پابەندی خواستی بەشدارانێتی لەپێکهێنانیدا، بەڵام کەسایەتی یاسـایی

نێونەتــەوەیی دەوڵــەت بەدرێــژایی بــەردەوامبوونی پابەنــدی خواســتی بەشدارانی تری پەیوەندیی نێودەوڵەتان نیە.

ن. ئە. ئوشاکەڤ دەڵێت: توانای بەشداریکردن لەپەیوەندیی یاساییدا بەڵگەی کەسایەتی یاساییە، ئەگـەر لەپراکتێکـدا سـوبێکت بەشـداریش نەبێت.

ئیتر بۆ دیاریکردنی کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەییش زۆر گرنگـە بــزانین کــێ ســوبێکتی (کەســی) یاســای نێونەتەوەییــە، چــونکە بەشداریکردن لەپەیوەندیی یاسایی نێونەتـەوەییدا ئـیتر بـێ سـێو دوو ئەوە بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسـاییە. بـەمجۆرەش دەبیـنین، کێشـەی کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی. گـەلی کـورد، دابڕانێتـی لەبەشـداری کردنــیو پێوەنــدیی یاســایی نێونەتەوەییــدا لەلایــەك دەوڵەتــە داگیرکارەکانی کوردستان تەگەرەن لەبەردەم گەلی کـورددا، چـونکە دان بەسـەربەخۆییدا نـانێن، لەلایـەکی تـرەوە، بزووتنـەوەی رزگـاریی کـورد هێشتا نەیتوانیوە وەکو سوبێکتی یاسای نێونەتەوەیی بچـێتە پێشـەوە، چونکە زەمینەیەکی یاسایی نەخولقاندووە. ئەگەر بۆ نمونـە، حکومـەتی خــوارووی کوردســتان بهێنینــەوە، زۆر چــاك دەگەینــە ئــەو ئەنجامــەی کەمەودای کاری سیاسی – یاسایی ئەو حکومەتـە گیرکـراوەو خواسـتی دەسەڵاتی حیزبایەتی زاڵ بووە بەسەر خواستی گەلدا، کـە لەپەرلـەمانو نوێنەرایەتی کردنیدا بەرجەستە دەکرێو دەتوانرێ، حکومـەتی خـوارووی کوردســتان بکرێتــە ئۆرگــانی بــەجێ گەیانــدنی کەســایەتی یاســایی نێونەتەوەیی بـەو مـەرجـەی زەمینـەی دەسـتووریی هـەبێو لەپەیوەنـدیی نێوان دەوڵەتاندا بەشـداربێت، نـەك حیزبـەکان پەیوەنـدی بەدەوڵەتانـەوە بکـەنو رێگـە لەپرۆسـەکردنی کەسـایەی یاسـایی نێونەتـەوەیی بگـرن،

چونکە ئەو کەسایەتی‌یە، بەبێ بەشداربوونی حکومەتی کوردستان نایەتە دی.

خەسڵەتی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی ئەوەیە کەماف‌و ئەرکەکانی سوبێکت بەهۆی پەیماننامەی یا داب‌و نەریتی یاسای نێونەتەوەییەوە پەیدا بوون، ئەو ماف‌و ئەرکانەش دەبنە چەند بەشێکەوە: ماف‌و ئەرکە سەرەکیە گشتی‌یەکان، ماف‌و ئەرکە سەرەکیە تایبەتیەکان، ماف‌و ئەرکە تایبەت‌و پێکهێنراوەکان.

-ماف‌و ئەرکە سەرەکیە گشتییەکان: ئە. فیردرۆس مافە سەرەکییەکان راستەوخۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەت، بەحوکمی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی خۆی، چونکە دەوڵەت یەکەم سوبێکتی یاسای نێونەتەوەییە.

ڤ. م. کەرێتسکی بڕوای وایە ماف‌و ئەرکە سەرەکیە گشتیەکان لەپرنسیپە سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەییەوە پەیدا دەبن کەپەیوەندن بەهەموو سوبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەییەوە.

ساڵی (١٨٨٦) زانای روس ف. ف. مارتێنس وای دیاریکردوە کەماف‌و ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت، ئەو ماف‌و ئەرکانەن کەدەوڵەت ناتوانێت نکۆڵیان لێ بکات‌و دەستەبەرداریان بێت.

هەمان تێڕوانینیش لەلایەن ئەنجومەنی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەساڵی (١٩٤٩)دا دیاریکراوە، ئەویش لەپرۆژەی بەیاننامەی ماف‌و ئەرکەکانی دەوڵەوتدا.

ماف‌و ئەرکە سەرەکییە تایبەتییەکان: رەنگدانەوەی تایبەتمەندیی ستاتوسی جۆرەکانی سوبێکتی یاسای نێونەتەوەییش، کەئاخۆ ئەو ماف‌و ئەرکانە هی کام سوبێکتن؟ چونکە ماف‌و ئەرکەکانی دەوڵەت قەبارەیان جیاوازە لەهی رێکخراوی نێوان دەوڵەتان.

-ماف‌و ئەرکە تایبەت‌و پێکهێنراوەکان: ئەم ماف‌و ئەرکانە بەهۆی ڕێکەوتننامەو پەیماننامەی نێوان دەوڵەتانەوە پێك دێن.

(بەم ئاوایە)، کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بریتی‌یە لەتوانای سوبێکت (کەسی یاسایی) بەگوێرەی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی کەماف‌و ئەرکی هەبێت‌و بتوانێت بەشداربێت لەپەیوەندیی - یاسایی نێونەتەوەییدا، بەڵام لەپراکتیکدا بەشدار نەبوون لەپەیوەندی یاسایی نێونەتەوەییدا، کەسایتی یاسایی نێونەتەوەیی نافەوتێنێت.

## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم ( بەزمانی رووسی ):


1. Международное право / Под ред. Г.И.Тункина. - М., 1982. - С.81-82; Василенко В.А. Основы теории международного права. - К., 1988. - С.192; Курс международного права: В 7-ми т. - Т.I. - С.159-161.
2. Starke I.J. Introduction to International Law. - London, 1989. - P.100.
3. Броунли Я. Международное право. Книга первая. - М., 1977. - С.108.
4. Де Аречага Э.Х. Современное международное право. - М., 1983. - С.265 и сл.
5. Хайд Ч. Международное право, его понимание и применение Соединенными Штатами Америки. Т.I. - М., 1950. - С.88.
6. Международное право / Под ред. Г.И.Тункина. - М., 1982. - С.81.
7. Курс международного права: В 7-ми т. - Т.I. - М., 1989. - С.169-170.
8. Там же. - С.173, 177.
9. Алексеев С.С. Общая теория права. Т.II. - М., 1982. - С.139.
10. Качекьян С.Ф. Правоотношения в социалистическом обществе. - М., 1958. - С.84.
11. Фельдман Д.И., Курдюков Г.И. Основные тенденции развития международной правосуб"ектности. - Казань, 1974. - С.26.
12. Шибаева Е.А. Правовой статус межправительственных организаций. - М., 1972. - С.41-42.

13. Ушаков Н.А. Понятие суб"екта международного права // Курс международного права: В 7-ми т. Т.I. - М., 1989. - С.160; см. также: Бобров Р.Л. *Основы теории международного права.* - М., 1968. - С.68.
14. Халфина Р.О. Общее учение о правоотношении. - М., 1974. - С.116.
15. Алексеев С.С. Цит.произв. - С.140.
16. *Халфина Р.О. Цит.произв. - С.117.*
17. Алексеев С.С. Цит.произв. - С.139.
18. Курс международного права: В 7-ми т. Т.I. - С.167.
19. Василенко В.А. Основы теории международного права. - С.143.
20. Маджорян Л.А. Основные права и обязанности государств. - М., 1965. - С.156.
21. Курс международного права: В 7-ми т. Т.I. - С.167.
22. Тункин Г.И. Теория международного права. - М., 1970. - С.343.
23. Шибаева Е.А. Право международных организаций. - М., 1986. - С.26.
24. Усенко Е.Т. Совет Экономической Взаимопомощи - суб"ект международного права // Советский ежегодник международного права. 1979. - М., 1980. - С.20.
25. Вельяминов Г.М. Международная правосуб"ектность // Советский ежегодник международного права. 1986. - М., 1987. - С.87.
26. Международная правосуб"ектность /некоторые вопросы теории/. - М., 1971. - С.12; Тункин Г.И. Цит.произв. - С.362-378; Моравецкий В. Функции международных организаций. - М., 1976. С.86-90; Хименес де Аречага. Цит.произв. - С.257.
27. Вельяминов Г.М. Цит.произв. - С.86.
28. I.C.J. Reports, 1949. - P.178-179.

29. Усенко Е.Т. Цит.произв. - С.I9; Курс международного права: В 7-ми т. Т.I. - С.I77.

30. Курс международного права: В 7-ми т. Т.I. - С.I66-I67.

3I. Там же. - С.I6I.

32. Словарь международного права. 2-е изд. - М., I986. - С.303.

33. Международное право / Под ред. Г.И.Тункина. - М., I982. - С.82-83.

34. Фердросс А. Международное право. - М., I959. - С.205.

35. Корецкий В.М. Проблема основных прав и обязанностей государств // Советский ежегодник международного права. I958. - М., I959. - С.87; а также: Маджорян Л.А. Основные права и обязанности государств. - М., I965. - С.I56; Словарь международного права. - М., I986. - С.257.

36. Мартенс Ф.Ф. Современное международное право цивилизованных народов. Изд.2-е. Т.I. - Санкт-Петербург, I887. - С.293.

37. Международное право в избранных документах. Т.I. - М., I957. - С.3I-32.

38. Тункин Г.И. Теория международного права. - М., I970. - С.405; Международная правосуб"ектность/некоторые вопросы теории/. - М., I97I - С.8.; Аречага Э. де Х. Современное международное право. - М., I983. - С.257; Вельяминов Г.М. Международная правосуб"ектность. - С.86.

# بەشی دووەم

## پرۆسەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان‌و تایبەتمەندییەکانی

هەر کەسێك لەچوارچێوەی هەر وڵاتێکدا بژی، بەحوکمی پێوەندیی بەدەزگاکانی دەوڵەتەوە، ماف‌و ئەرکی هەیە. کەواتە، پێوەندییەکی یاسایی بەدەوڵەتەکەوە گرێی دەدات، بۆیە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی‌و جێبەجێ‌کردنی ئەرکەکانی دەبێ پرۆسەی ئەو پێوەندییە یاساییە بکات. کەواتە، کەسایەتی‌یەکی یاسایی هەیەو بەحوکمی پێوەندیی‌و بەشداربوونی لەیاساو دەزگاکانی دەوڵەتدا، پرۆسەی دەکات. بۆیە، دەبێتە کەسێك (سوبێکت-Subject) لەکەسانی یاسای ناوخۆ. بەڵام ئەوەی پێوەندیی بەگەلانەوە هەیە، هەموو گەلێك ماف‌و ئەرکی خۆی هەیە لەپێوەندیی نێوان وڵاتاندا. جا بەدەست هێنانی ئەو مافانەو جێبەجێ‌کردنی ئەو ئەرکانە، گەل یا میللەت بەهۆی دەزگا (ئۆرگان)ی بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاساییەوە ئەنجامیان دەدات. لەکاتی بوونی دەوڵەتدا ئەوا بەهۆی دەوڵەتەکەوە پرۆسەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی دەکرێ، واتە، دەوڵەت وەکو سوبێکتی یاسای نێونەتەوەیی دەبێتە ئۆرگانی بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتی‌یە. بەڵام گەلان‌و میللەتانی ئازادیخواز لەپێناوی رزگاریدا، بەهۆی ئۆرگانێکی نیشتمانی‌یەوە دەتوانن ئەو کەسایەتی‌یە یاساییە لەپێوەندیی نێوان

ولاَتاندا بەرجەستە بکەن. جا رەنگە ئەو ئۆرگانە بەرەیەکی نیشتمانی بێت یا حکومەتێکی کاتی یا پەرلەمان یا کۆنگرەیەك بێت. کەواتە، بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بەشداربوونە لەپێوەندیی نێوان ولاَتاندا لەبەجێهێنانی مافو جێبەجێکردنی ئەرکدا، ئەوکاتە ئەو ئۆرگانە وەکو سوبێکت یاسای نێونەتەوەیی بەشدار دەبێ لەپێکهێنانی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەییو دەبێ ڕێز لەپرنسیپەکانیشی بگرێ.

لەدوای جەنگی دووەمەوە، لەبەر ئەوەی لەدەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پرنسیپی یەکسانیو دیاریکردنی چارەنووسی گەلان جێگیرکرا، کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان گرنگییەکی زۆری پێدراو دانی پێدانرا. لەلایەکی دیکەشەوە، گەلێ بەڵگەنامەی گرنگ بلاَوکرانەوە. لەوانە: بەیاننامەی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ولاَتانو گەلانی کۆلونیال کراو/ ساڵی ١٩٦٠/، ڕاگەیاندنی پرنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی دەربارەی پێوەندیی دۆستایەتیو هاوکاری لەنێوان ولاَتاندا بەگوێرەی دەستووری UN/ ساڵی ١٩٧٠/، هەروەها هەردوو پەیمانی ساڵی ١٩٦٦ دەربارەی مافی مەدەنی، سیاسی، ئابووریو کولتووری. لەو بەڵگەنامانەدا ئاسۆگەی پێویستی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان بەڕوونی دیاریکراوە.

هەروەها لەئەنجامدانی بەجێهێنانی پرنسیپی یەکسانیو دیاریکردنی چارەنووسی گەلانەوە زیاتر لەسەد ولاَت سەربەخۆییان بەدەست هێنا.

کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان جیاوازە لەکەسایەتی یاسایی سوبێکتەکانی تری یاسای نێونەتەوەیی. تایبەتمەندیی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لەوەدایە کەبریتییە لەسەروەریی نەتەوەیی

((السـيادة القوميـة)). جـا جێگیرکردنـی پرنسـیپی دیـاریکردنی چارەنووس لەدەستووریUN دا، زەمینـەی یاسـایی سـەروەری نەتـەوەیی دارشتو ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەوە روون بکرێتەوە کەبۆچی یاسای نێونەتەوەیی بریتی‌یـە لەیاسـای نێـوان دەوڵـەتان، بـەڵام گـەلێ بنـەمای تێدایـە داکـۆکی لـەو گـەلو میللەتانـە دەکـات کـەخاوەنی دەوڵـەتی سەربەخۆی خۆیان نین؟.

گ. ب. سـتارو شـێنکە بـیرورای وایـە کـە (سـەروەریی نەتـەوەیی) کۆمەڵـە مافێکـە میللـەت هەیـەتی بـۆ پاراسـتنی بـوونی خـۆیو رەسەنایەتی نەتـەوەیی تارەوشـێکی بـاشو لـەباری بـۆ دابـین بکـات بـۆ پێشکەوتنی. لەروانگەی یاسای تازەی نێونەتەوەییەوە هەر گـەلێك، هـەر میللـەتێك سـوبێکتی (Subject) مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـە. بـەگوێرەی بەیاننامـەی پرنسـیپەکانی یاسـای نێونەتـەوەیی دەربـارەی هاوکاریو دۆستایەتی نێوان دەوڵەتان لەبەر رۆشنایی دەسـتوریUN دا، ((بەحوکمی پرنسیپی یەکسانیو دیـاریکردنی چارەنووسـی گـەلان کـە لەدەستوری UN دا هاتووە، هەموو گەلان مافی خۆیانە بەئازادیو بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی ستاتوسی سیاسی خۆیـان دیـاری بکـەنو گەشـە بەپێشـکەوتنی ئـابووری، کۆمەڵایـەتیو کولتـووری بـدەن. هـەموو دەوڵەتانیش لەسەریانە رێز لەو مافانە بگرن)). بەڵام میللـەت یـا گـەل بەچەند مانایەکی جیاواز دیاری دەکرێت. مـافی چارەنووسیش لەلایـەن گەلێ کۆمەڵی مرۆڤەوە وا دیاری دەکرێ کەپێك هاتووە لەچەند گـەلێك یاچەند میللەتێك یا تەنیا گەلێك، یا تەنیا بەشـێکی میللـەتێك. جگـە لەوەش، مەسەلەی سوبێکتی مافی چارەنووس چ لـەڕووی تیۆرییـەوە یـا لەپراکتیکدا لـەقۆناغی رزگـاریی نەتەوایەتیـدا رەنگـە بەچـەند جۆرێـك

چارەسەر بکرێ، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو چارەنووسە پێشتر جارێك دیاری کرابێ.

بۆیە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە جەخت لەسەر سەروەریی نەتەوەیی بکەین، چونکە هەر گەلێك یامیللەتێك ئەگەر لەچوارچێوەی سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا بەشێوەیەکی یەکگرتوو (Compact) بلاوبووبێتەوەو یەکێتییەکی نەتەوەیی ئەندامانی بەیەکەوە گرێ بدا، ئەوە خاوەنی سەروەریی نەتەوەییە لەنیشتمانی خۆیدا. بەحوکمی ئەوەش مافی رەوای خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکاتو مافەکانی دابین بکات. لێرەدا خالّی گرنگ لەوەدایە، ئەگەر گەل پرۆسەی جێبەجێکردنی مافی چارەنووسیش نەکات، ئەوا هەر هەڵگری کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییە، بەلام فۆرمی (شێوەی، جۆری) جێبەجێکردنی ئەو کەسایەتییە (واتە بەرجەستەکردنی) پێوەندی بەخواستی گەل خۆیەوە هەیە.

ئەگەرچی کرۆکی مافی گەل دیاریکردنی چارەنووسێتی، هاوکات ئەگەر خاوەنی دەوڵەت بێ یاخاوەنی دەوڵەت نەبێت، ئەوا بەگوێرەی گەلێ پەیماننامەی جیهانیو هەمە لایەنە ئەم مافانەی هەیە:

١-مافی داکۆکی (بەرگریی) لە بەکۆمەڵ قڕکردن یا فەوتاندنی بەشێك، بەگوێرەی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی بەربەندکردنی جینۆسایدو سزاخستنە سەر تاوانکارانی.

٢-مافی خۆپاراستن لەسەردەمی جەنگو هەموو جۆرە شەڕێکی چەکداریدا، بەگوێرەی پەیماننامەکانی ژنێڤ/ ساڵی ١٩٤٩/ دەربارەی پاراستنی قوربانیانی جەنگ، هەروەها پرۆتۆکۆلی یەکەمو دووەمی ساڵی ١٩٧٧ کەبوونە بەپاشبەندی پەیماننامەکانی ژنێڤ.

٣-مافی خۆپاراستن لەجیاوازیی رەگەز، بەگوێرەی پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٥ دەربارەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیی رەگەز (نەژاد پەرستی).

٤-مافی پێشکەوتن.

٥-مافی پاراستنی ژینگە لەوێرانکاریو لەوتاندن.

کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لەوڵاتی فرە نەتەوە، لەم سەردەمەدا گرنگی‌یەکی زۆری هەیە، چونکە چارەسەرنەکردنی گەلێك شەڕو پێکدادانی دروست کرد.

گەلێك لەزانایان بڕوایان وایە، کەهەموو گەلانو میللەتان بەگوێرەی پرینسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییان هەیەو دەتوانن ببنە سوبێکتی (لایەنی) پەیوەندیی یاسایی-نێونەتەوەیی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

زانای نەرویجی ئە. ئاید لەراپۆرتێکی‌دا لەرێکخراوی مافی مرۆڤ لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی بەرگریی کردن لەکەمینەکان، باس لەکێشەی ناوخۆی دەوڵەتان دەکات، لەکاتێکدا ستاتوسی سیاسی ناوچەیەك دیاری نەکرابێ، بەتایبەتیش ئاید بیروڕای وایە ئەو گروپانەی کە لەهەرێمێکی دیارکراوی دەوڵەتێکدا دەژین، یا بەشێوەیەکی یەکگرتوو (Compact) لەسنورێکدانو خۆیان بەکەمینە دانانێن، خۆیان بەگەلێکی سەربەخۆ دەزانن چونکە یەکێتی‌یەکی نەتەوەییان هەیە، داوای سەربەخۆیی دەکەن بەتایبەتیش گۆڕینی سنووری دەوڵەتەکە. ئاید پێی وایە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کەهەموو گەلان بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی ئازادانە ستاتوسی سیاسی خۆیان دیاری بکەنو پێشکەوتنی کولتووری، ئابووریو کۆمەڵایەتی خۆیان پەرە پێبدەن. هەموو دەوڵەتانیش لەسەریانە بەگوێرەی

دەستووری UN ڕێز لەو مافانە بگرن. بەڵام ئاید بۆ دەستنیشانکردنی ئەو گەلانەی کەدەتوانن مافی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، یان ئەوانەی پێیان دەوترێت ((گەل)) بەم جۆرە روونی کردۆتەوە کەمافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئەم گەلانەیە:

١-ئەو گەلانەی کە لەچوارچێوەی کۆلۆنی دان.

٢-ئەو گەلانەی کەپاش ساڵی ١٩٤٥/ دوای پێکهێنانی UN/ ولاَتەکانیان داگیرکراوە.

٣-ئەو گەلانەی کەئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی دانو لەدەستوریاندا مافی جیابوونەوەیان دیاریکراوە.

جگە لەو گەلانە، ئاید وای بۆ دەچێت ئەگەر گەلێگ یەك لایەنە داوای جیابوونەوە بکات ئەوە ئەو مافەی بەپلەی دووەم بۆ دیاری دەکرێت، لەئاستی پرینسیپی (یەکێتی خاکی وڵات) دا بەتایبەتیش ئەگەر دەوڵەت پرینسیپی یەکسانیو مافی دیاریکردنی چارەنووسی لەناوخۆی خۆیدا رەچاو کردبوو و سەرجەم دانیشتوانی ناوخۆی بەبێ جیاوازیی رێز لەمافەکانیان گیرابوو و بەشداری دەسەڵات بوون لەحکومەتدا. بەڵام لەکاتێکدا دەوڵەت رێگای لەدانیشتوانی ناوخۆی خۆی گرتو مافەکانیان دابین نەکرا، یا سەرجەم گەلانی ناوخۆی دەوڵەتەکە وەکو یەك یەکسان نەبوون. ئەوا مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس خۆی دەسەپێنێتو گرنگی پەیدا دەکات.

بەمجۆرە، ئاید بڕوای وایە جگە لەو گروپانەی کە بەشێوەیەکی یەکگرتوو لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەژین، ئەوانی تر لەسەریانە بیسەلێنن کە بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی مافی جیابوونەوەیان هەیە، ئەگەرنا دەوڵەتانی تر بۆیان نیە پشتگیریی ئەو جیابوونەوەیە بکەن.

بەبیروڕای ئێمـە، ئەگەرچـی خـەباتی گـەلان بـۆ سـەلماندنی وەزعیـان دەورێکی دیاری هەیـە، هـەر وەکـو پێشـتر روونمـان کـردەوە، بـەحوکمی سـەرداریی نەتـەوەیی هـەموو گـەلان‌و میللـەتان کەسـایەتی یاسـایی نێونەتەوەییان هەیە، ئیتر بەگوێرەی ئەو کەسایەتیە مەرج نیە ئەو گەلانە هـەر لەچوارچـێوەی سسـتمی کۆلـۆنی دابـن، یـا وڵاتەکـەیان پـاش دامەزرانـدنی UN داگیرکرابـێ یـا لەدەوڵـەتێکی ئارەزوومەندانـەو فـرە نەتـەوەدا بـن ئەوسـا بتـوانن بەشـداربن لەپێوەنـدیی نێونەتەوەییـدا، بەتایبەتیش مافی داکۆکی کردن لەتاوان چ جینۆساید یا نەژادپەرستی یـا هـەر تـاوانێکی تـر وەکـو تاوانـەکانی شـەڕی چـەکداری، لەیاسـای نێونەتەوەییدا وەکو بنەمای ئیمپیرەتیڤ (Jus Cogens) جێگیر کراوە.

گەلانی کۆلۆنی‌و گەلانی چەوساوە کـە لـەژێر دەسـەڵاتی بیانـەدان، دەتوانن ببن بە سوبێکتی یاسای نێونەتەوەیی‌و بکەونە بەرجەستەکردنی کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی خۆیـان، بـەڵام پێویسـتە ئۆرگـانی جیٚبـەجێکردنی سـەروەریی (سـەرداریی) نەتـەوەییان هـەبێت تـا ئـەو کەسایەتیە بەرجەسـتە بکـات. چـونکە ئـەو ئۆرگانـە سیاسـی‌یە دەبێتـە بناغەی دەوڵەتی پاشەڕۆژ. جا ئەو گەلەی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی تردا چارەنووسـی دیـاریکرابوو، ئەگـەر لـەماف‌و ئەرکـەکانی‌دا بەراسـتی یەکسانی بوو لەگەڵ گەلانی تری ناو وڵاتەکەداو بەشداربوو لەپەیوەندییە یاسـاییەکانی دەوڵەتـدا، ئـەوا لەچوارچـێوەی ئـەو وڵاتـەدا کەسـایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بەرجەستە دەبێت، بۆیە هـەر هـەوڵێك لـەدەرەوە را بدرێت، بەدەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی وڵاتەکە دژمێردرێـت، تـەنیا ئەگـەر بـارو رەوشـێکی لـەبارو گونجـاو بڕەخسـێ‌و ئـەو گەلـەش توانـای جیابوونـەوەو خۆپاراسـتن‌و خۆبـەڕێوەبردنی هـەبێت. بـەڵام لەحاڵـەتی پێچەوانەدا، واتە ئەگەر لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا لەژێر چەوساندنەوە

دابوو، ئەوا ئەو گەلە ئەو مافەی هەیە دووبارە چارەنووسی خۆی دیاری بکاتەوە. دیارە بۆ دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووسیش، ئۆرگانی سیاسی پێویستە، مەرجیشە ئەو ئۆرگانە دەبێ پەیوەندیی بەگەلەوە بەردەوام بێ‌و بتوانێت دەسەڵاتی بەسەر خاکەکەدا دیاری بکات‌و سنووری قەڵەمڕەوی ئاشکرابێت‌و راستی داواکانیشی بسەلمێنێت، ئەوەش سەردارێتی نەتەوەیی جێگیر دەکات‌و نوێنەرایەتی دەکا، بەلاّم بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی سەردارێتی دەوڵەت جێگیر دەکات. کەواتە، سەردارێتی، نەتەوەیی ماف بەگەل دەدات بەشداربێت لەپەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا، ئەمەش بەمانای کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی دێت، بەلاّم جێبەجێکردنی ئەو کەسایەتییە پابەندە بەپێکهێنانی رێکخراوی (ئۆرگانی) سیاسی پێش پێکهێنانی دەوڵەت کەنوێنەرایەتی خواست‌و هیواکانی گەل دەکات.

گ. ب. ستاروشێنکە باس لەحاڵەتی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووس دەکات کەجیاوازە لەگەڵ یەکەم جاری دیاریکردنی چارەنووسدا. ئەو گەلەی یەکەم جار چارەنووسی دیایکراو لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا، بێ بەری ناکرێت لەدیاریکردنەوەی چارەنووسی خۆی، ئەگەرچی رێگەی نادرێت کەپشتگیری دەرەوەی هەبێت، چونکە وەکو دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆ دەژمێردرێت. بەلاّم هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت نکوولّی لەمافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بکات، ئەویش بەحوکمی دەستوری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ((ئەگەر دەوڵەت هەر گەلێك بخاتە دۆخێکی واوە کەبوونی بکەوێتە مەترسییەوە. وەکو ئەنجامدانی جینۆساید یا ئەپارتید، یا هەل‌و مەرجێکی واخراپ پەیدا بێت هەڕەشە لەئاشتی‌و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکات، ئەو کاتە کۆمەڵگەی جیهانی بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی

نەتــەوە یــەکگرتووەکان بــۆی هەیــە پشــتگیری ئــەو گەلــە بکــات بــۆ دیاریکردنی چارەنووسی))و بۆ پاراستنی لەتاوان.

بــەم جــۆرە، بــۆ پرۆســەکردنو بــەجێهێنانی کەســایەتی یاســایی نێونەتــەوەیی گــەلانی کۆڵــۆنیو گــەلانی ژێــر دەســەڵاتی بیــانی کەنیشــتمانەکەیان داگیرکــراوە، پێویســتە گــەلی خــەباتگێڕ لــەپێناوی ئازادیدا ڕێکخراوێکــی سیاســی یــا ئۆرگانێــك پێــك بێنێــت کــەدەربڕی ئامانجەکانی بێت بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ دەوڵەتی پاشەڕۆژ. بەڵام ئەمە بــەس نیــە بــۆ ئــەوەی گــەل ببــێ بەلایــەنێك (ســوبێکت) لەیاســای نێونەتەوەییدا، بەڵکو پێویستە ئەو ئۆرگانە دەسەڵاتی بەسەر ســنورێکی (هەرێمێکی) دیاریکراودا هــەبێت، تــاکو ببێتــە بناغەیــەکی ماتریــالی (مادی) بۆ کاروباری.

ســاڵی ١٩٥٤ گــەلی جــەزائیر لەخەباتیــدا دژی کۆلۆنیــالیزمی فەرەنسە، (بەرەی رزگاریی نەتەوەیی) پێك هێنا. ساڵی ١٩٥٨ کاتێـك ئەو ڕێکخراوە دەسەڵاتی بەسەر بەشـێك لـەخاکی نیشـتمانەکەیدا پەیـدا کـرد، کۆمـاری جـەزائیری پێکهێنـاو حکومـەتێکی کـاتی دروسـتکرد. ســاڵی ١٩٦٠ یــەکێتی ســۆڤێت پەیوەنــدیی لەگــەڵ بەســتو وەکــو حکومەتی دیفاکتو دانی پێدا نا. لەساڵی ١٩٦٢دا لەرێکەوتننامەکانی (ئیڤیــان)دا دەوڵــەتی فەرەنســە بــەرەسمی (دی یوریــە-دی ژور) دانیپنــا بەحکومەتی کاتی جەزائیر.

مــەرجێکی بــەدیهێنانی کەســایەتی یاســایی نێونەتــەوەیی گــەلی خەباتگێڕ لەپێناوی سەربەخۆییدا، ئەوەیە کەئەو گەلە بەهۆی ڕێکخـراو یا ئــەو ئۆرگانــەی کــەپێکی دەهێنێــت بنــەماو پرینســیپەکانی یاســایی نێونەتــەوەیی لەبەرچــاو بگــرێو ڕێــز لــەناوەڕۆکیان بگرێــت. چــونکە

پێشێلکردنی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییدا.

ئەگەرچی لەزانستی یاسای نێونەتەوەییدا، ئەوە دیاری کراوە کەنەك تەنها گەلان و میللەتانی چەوساوە، بەڵکو هەموو گەلان و میللەتان هەڵگری مافی دیاریکردنی چارەنووسن و دەبنە لایەن و بەشداری یاسای نێونەتەوەیی. بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستە پێش دامەزراندنی دەوڵەت، ڕێکخراو یا ئۆرگانێك هەبێت کەنوێنەرایەتی گەل بکات. لەلای دەوڵەت وەکو یەکەم لایەنی یاسای نێونەتەوەیی دەبێ توانای هەبوونی ماف و لەئەستۆگرتنی ئەرکەکانی هەبێت و بتوانێت سەربەخۆ جێبەجێیان بکات.

بەڵام لەلای گەلان و میللەتان بەجۆرێکی ترە، چونکە ئەوان توانای هەبوونی ماف و لەئەستۆگرتنی ئەرکیان هەیە، بەڵام کاتێك دەتوانن ئەنجامیان بدەن کە لەپەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا بەشداربن، بۆ ئەمەش پێویستە ئۆرگانێکی سیاسی هەبێت، دەسەڵاتی بەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا هەبێت و ڕێز لەپرینسیپ و بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی بگرێت.

دۆخێکی دیکەی ئەو گەلەی کە لەگەڵ گەلانی تردا لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا یەکانگیربووە و چارەنووسی دیاریکراوە، ئەوەیە کە کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی لەچوارچێوەی سەرداریێتی دەوڵەتەکەدا بەرجەستە دەبێت، تەنها لەکاتێکدا کەدەوڵەتەکە مافەکانی ئەو گەلە پێشێل بکات و ڕێگە لەبەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بگرێت، لەو حاڵەتەدا کێشەی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووس سەرهەڵدەداو خۆی دەسەپێنێت.

لەکۆتایی ئەو شیکردنەوەی کەخستمانە روو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان (میللەتان) جیاوازە لەکەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەیی دەوڵەتانی سەربەخۆو لایەنەکانی دیکەی یاسای نێونەتەوەیی. ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لەسەر پرنسیپی دیاریکردنی چارەنووس راوەستاوە کە بریتی‌یە لەسەردارێتی نەتەوەیی. ئەویش ئەو مافە بەگەل رەوا دەبینێ کەبوون‌و تایبەتمەندیی نەتەوەیی بپارێزێت‌و هەل‌و مەرجێکی لەبار پێك بێنێت بۆ پێشکەوتنی نەتەوەیی. هەموو گەلان‌و میللەتان سەردارێتی نەتەوەییان هەیەو بەحوکمی ئەوەش کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی، بەلاّم تەنها ئەو گەلانە دەتوانن بەشداربن لەپەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا، کە لەخەباتدان بۆ سەربەخۆیی‌و وەك قۆناغی پێش پێکهێنانی دەوڵەت، رێکخراو یا ئۆرگانێکی سیاسیان پێکهێناوەو دەسەلاّتی بەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا هەیەو رێز لەبنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان دەگرێت. کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان (میللەتان) لەقۆناغی خەباتی رزگاری نەتەوەیەتیدا بەهۆی ئۆرگان (رێکخراوە، بەرە، حکومەتی کاتی) بەرجەستە دەکرێت.

# سەرچاوەکانی بەشی دووەم ( بەزمانی رووسی ):


1. Старушенко Г.Б. Принцип самоопределения народов и наций во внешней политике Советского государства. – М., 1960; Сперанская Л.В. Принцип самоопределения в международном праве. – М., 1961; Игнатенко Г.В. От колониального режима к национальной независимости. – М., 1966; Право на самоопределение: осуществление резолюций Организации Об"единенных Наций /Исследование, подготовленное Гектором Грос Эспьелем, специальным докладчиком Подкомиссии по предупреждению дискриминации и защите меньшинств/. – Нью-Йорк, 1980; Старушенко Г.Б. Принцип равноправия и право народов распоряжаться своей судьбой. Гл.10 // Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. – М., 1989; Защита меньшинств: Возможные пути и средства облегчения мирного и конструктивного решения проблем, связанных с меньшинствами /Второй доклад о проделанной работе, представленный г-ном Асбьорном Эйде/ // Док.ООН E/CN.4/Sub.2/1992/37; Umozurike U.O. Selfdetermination in International Law. – Hamden (Conn.), 1972; Stark J. Introduction in International Law. – London, 1989; United Nations, Diveded World. The UN's Roles in International Relations. – Oxford, 1993.
2. Рез. Генеральной Ассамблеи ООН 1514/XУ/ от 14 декабря 1960г; 2625 /XXУ/ от 24 октября 1970г.; 2200 /XXI/ от 16 ноября 1966г.
3. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. – С.177-178.
4. Там же. – С.178.
5. Там же. – С.179.
6. Рез. Генеральной Ассамблеи ООН 2625 /XXУ/ от 24 октября
7. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. – С.176.
8. Подробнее см.: Мартыненко А.П. Права народов в современном

международном праве. - К., 1992.
9. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.178-179.
10. Там же. - С.181.
11. Ушаков Н.А. Международная правосуб"ектность народов // Курс международного права: В 7-ми т. Т.I. - М., 1989. - С.170; Старушенко Г.Б. Принцип равноправия и права народов распоряжаться своей судьбой // Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.176-181.
12. Док.ООН E/ CN/ Sub.2 /1992/37 от I июля 1992г.
13. Там же, пункт 166-167.
14. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.181.
15. Международное право / Под ред. Г.И.Тункина. - М., 1982. - С.88-89.
16. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.178.
17. История внешней политики СССР. Часть вторая, 1945-1970. - М., 1971. - С.289-290.
18. Дипломатический словарь. Т.Ш. - М., 1986. - С.593-594.
19. Признание в современном международном праве // Признание новых государств и правительств / Под общей редакцией Д.И.Фельдмана. - М., 1975. - С.65-66; Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.182.
20. Курс международного права: В 6-ти т. Т.I. - М., 1967. - С.154-155; Курс международного права: В 7-ми т. Т. I. - С.170.
21. Курс международного права: В 7-ми т. Т.I. - С.162-163.

# بەشی سێیەم

## ماف و ئەرکە سەرەکییەکانی گەلانی خەباتگێڕ

## لە پێناوی ئازادیدا

لەبەر ئەوەی کەبناغەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان لەسەر سەروەریی نەتەوەیی (السیادة القومیة) دامەزراوە، نەك لەسەر سەروەریی دەوڵەت(سیادة الدولة)، مافی گەلان بەهۆی جێبەجێکردنی پرینسیپی دیاری کردنی چارەنووسەوە دیاری دەکرێت. ئەمەش لەیاسای نێونەتەوەییدا دانی پێدانراوەو لەکۆمەڵێك بەڵگەنامەدا جێگیرکراوە. گ. ب. ستارو شێنکە دەڵێت کە، جێگیرکردنی پرینسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەیاسای نێونەتەوەییدا زەمینەی یاسایی چەمکی-سەروەریی (یا سەرداریتی) نەتەوەیی-دارشتو ئەوەی روون کردەوە کەبۆچی یاسای نێونەتەوەیی، یاسای نێوان دەوڵەتانە، بەڵام ئەو بنەمایانەی لەخۆگرتووە بۆ داکۆکی لەو گەلو میللەتانەی کەدەوڵەتی خۆیان نیە؟ کۆمەڵێك لەو بنەمایانە لەپرینسیپی دیاریکردنی چارەنووسەوە سەرچاوە هەڵدەگرن. دیب عەکاوی، باس لەو تێڕوانینە تازەیەی بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلان دەکات کە لەقۆناغی رزگاریی نیشتمانی دان، ئەوە دیاری دەکات کەئەو گەلانە ماف و ئەرکەکانیان مەودای دابین کردنیان کەمتر فراوانە وەك لەدەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەڵگەنامەی پرینسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی

دەربارەی پێوەندیی دۆستایەتیو هاوکاری نێوان وڵاتان بەگوێرەی دەستوری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەساڵی ١٩٧٠دا، مافو ئەرکەکانی سوبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەیی لەسەر بناغەی پرینسیپی یەکسانیو دیاریکردنی چارەنووس دیاریکردووە. مافە بنچینەییەکانی گەلان بەگشتی ئەمانەن:

١-هەموو گەلان بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی مافی بەئازادیی هەڵبژاردنی ستاتوسی (وەزعی قانوونیی-Status)، سیاسی خۆیان هەیەو پێشکەوتنی ئابوری، کۆمەڵایەتیو کولتووری خۆیان گەشە پێ بدەن.

٢-هەموو گەلان مافی بەئازادیی دیاریکردنی فۆرمی (شێوەی) چارەنووسیان هەیە، بەدروستکردنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییو سەربەخۆ یا بەچوونە پاڵ وڵاتێکی سەربەخۆ یا یەکگرتن لەگەڵیدا یا دەستەبەرکردنی هەر ستاتوسیکێ سیاسی دیکەبێ.

٣-هەموو گەلان لەبەجێگەیاندنی دیاریکردنی چارەنووسدا، مافی داواو پشتگیری لێکردنیان هەیە. بەگوێرەی مەبەستو پرینسیپەکانی دەستووری UN لەدژی هەر نارەواییەك کەمافی دیاریکردنی چارەنووسو ئازادییو سەربەخۆییان لێ زەوت بکات.

٤-هەموو گەلان ئازادن لەدژی ژێردەستەیی بێگانەو چەوساندنەوە.

دیارە لەبەرانبەر ئەو مافانەشدا کەگەلان هەیانە، وڵاتان کۆمەڵێ ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە لەهەمان بەڵگەنامەی پرینسیپەکانی یاسای نێونەتەوەییدا جێگیر کراون، ئەوانیش ئەمانەن:

١-وڵاتان لەسەریانە، چ بە تەنیاو سەربەخۆ یا بەیەکەوە، کار بکەن بۆ بەجێگەیاندنی پرینسیپی یەکسانیو دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بەگوێرەی دەستووریUN.

٢-ولآتــان لەســەريانە دەســت لەهــەر جــۆرە زۆرداريیــەك بگرنــەوە كەببێتــە هــۆی پچــڕاندنی گــەلان لــەمافی دیــاریكردنی چــارەنووس‌و ئازادی‌و سەربەخۆیی.

٣-ولآتــان لەســەريانە دەســت لەهــەر جــۆرە زۆرداريیــەك بگرنــەوە كەببێتە هۆی دابەشبوونی بەشێكی یا سەرجەمی یــەكێتی خــاكی ولآت یــا یــەكێتی سیاســی ولآتــی ســەربەخۆو خــاوەن ســەروەریی. لەگــەڵ ڕەچاوكردنی پرینسیپی یەكسانی‌و دیاریكردنی چارەنووسی گەلان، بــەو مەرجەی ئەو ولآتەی كەحكومەتەكــەی نوێنەرایــەتی ســەرجەمی گــەلانی ناوخۆی دەكات بێ جیاوازیی ڕەگەزو بیروڕای ئاینی‌و ڕەنگ بێ.

لەبەر ئەوەی پرینسیپە سەرەكی‌یەكانی یاسای نێونەتەوەیی خەسڵەتی ئیلزامی‌یان هەیە بۆ هەموو سوبێكتەكانی یاسای نێونەتــەوەیی، بۆیــە گەلی خەباتگێڕ لەپێناوی ئازادیدا، ئەگەر بەشداریش نــەبێ لەپێوەنــدیی یاسایی نێودەوڵەتاندا. واتە ئەگەر وەكو سوبێكتیش نەچووبێتە پێشەوە، ئەوا هەموو سوبێكتەكانی یاسایی نێونەتــەوەیی (دەوڵــەت، ڕێكخــراوی نێونەتەوەیی نێــوان دەوڵــەتان‌و گــەلانی خــەباتگێڕ لــەپێناوی ئازادیــدا) لەســەريانە ڕێــز لەســەرجەمی مــاف‌و ئەركــە بنەڕەتیــەكانی ســوبێكت بەگشــتی بگــرن. لێــرەدا، بۆمــان روون بــۆوە، ئەگــەر گــەل لــەقۆناغی ڕزگاریی نەتەوەییدا، نەشبووبێ بەسوبێكتی یاسای نێونەتەوەیی، لەبــەر ئــەوەی هــەڵگری كەســایەتی یاســایی نێونەتەوەییــە، ئــەوا ئــەو گەلــە لەســەریەتی ڕێــز لــەماف‌و ئەركــەكانی ســوبێكتەكانی تــر بگــرێ، لەبەرامبــەر ئەوەشــدا، ســوبێكتەكانی تــر لەســەريانە ڕێــز لــەماف‌و ئەركەكانی گەل لەقۆناغی ڕزگاریی نەتەوەییدا بگرن، ئەمەش نیشــانەی ئەوەیــە ســەرجەم پرینســیپەكانی یاســای نێونەتــەوەیی بــەبێ جیــاوازیی دادەسەپێندرێن.

گەل/ میللەت/، لەقۆناغی رزگاریی نەتەوەییدا، ئەو ماف‌و ئەرکە تایبەتیانەی هەیە کەستاتوسی یاسایی نێونەتەوەیی رەنگ دەداتەوە وەکو:

١-بەشداربێ لەپێوەندیی لەگەڵ وڵاتان‌و رێکخراوە جیهانیەکاندا.

٢-نوێنەری تایبەتی بنێرێ بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ وڵاتان‌و بەشداری کردن لەکاروباری رێکخراوە جیهانی‌و کۆڕو کۆنفرانسەکاندا.

٣-بەشداربێ لەپێکهێنانی بنەمای یاسایی نێونەتەوەییداو بەسەربەخۆیی جێبەجێیان بکات.

٤-لەدژی دەوڵەتی کۆلۆنیال لەکاردا بێ.

٥-لەخەباتیدا، سوود لەپێوەندیی نێونەتەوەیی‌و میللەتانی تر وەربگرێ.

هەروەها، گ. ستاروشێنکە بیروڕایەکی لەو جۆرەی هەیە کە بۆ بەدیهێنانی پرینسیپی یەکسانی‌و دیاریکردنی چارەنووس، لەیاسای تازەی نێونەتەوەییدا دان بەمافی گەلانی خەباتگێڕ لەپێناوی دیاریکردنی چارەنووس‌و دان بە بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوەیەتیداو هەروەها دەوڵەتیشدا نراوە کەمافی داواکردنی پشتگیری‌و یارمەتی، مافی خەباتی چەکداری لەپێناوی ئازادیداو مافی پێشکەوتن‌و پەرەپێدانی ژیانی خۆیان هەیە.

بۆهەمان مەبەست دیب عەکاوی پێی وایە کەگەلی خەباتگێڕ لەپێناوی سەربەخۆییدا کۆمەڵێك مافی تایبەتی هەیە.

جا ئەو ماف‌و ئەرکانەی کەگەلان هەیانە، ئاخۆ ئەو گەلانەی کەئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا یەکیان گرتووە لەپێش پێکهێنانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ساڵی ١٩٤٥، یا ئەو گەلانەی کەپێشتر بەزۆری نیشتمانەکەیان داگیرکراوەو لکێندراون

بەدەوڵەتێکی ترەوە، ئاخۆ ماف و ئەرکەکانیان وەکو یەکە؟ ئە. ئاید کاتێك باس لەکەمینەکان دەکات، بیروڕای وایە کەپرینسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئەو سنوورانە جیٚبەجیٚ ناکرێت کە لەپێش ساڵی (١٩٤٥)وە داگیرکراون یا گەلانیان لکێندراون بەدەوڵەتانی ترەوە. چ لەئەورووپا یا لەناوچەو کیشوەرەکانی تر، چونکە ئەو گەلانە تێکەڵی یەکتربوونەو گۆڕینی سنوورەکان دەبێتە هۆی ئاژاوەو شەڕو پێکدادان. ئاید، کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی ئەو گەلانە ڕەت دەکاتەوەو لەدۆخێکی نایەکسانیدا لەگەڵ گەلانی خاوەن دەوڵەتدا دەیان هێڵێتەوە.

گەلی خەباتگێڕ لەپێناوی ئازادیدا، ئەگەر بەزۆر لکێنرابیٚ بەدەوڵەتێکی ترەوە، چ لەپێش جەنگی دووەمەوە یا لەدوای پێکهێنانی ڕێکخراوی UN/ ساڵی ١٩٤٥/، ئەوا بەڕای ئێمە مافی خۆیەتی پرینسیپی دیاریکردنی چارەنووس پیادە بکات. بۆیە، لەدژی ئەو بیروڕایە رادەوەستین کەوا دەڕوانێتە ئەو گەلانەی ئەگەر لەپێش پێکهێنانی ڕێکخراوی UN-ەوە نیشتمانەکەیان داگیرکرابیٚ یا لکێنرابن بەوڵاتێکی ترەوە، ئەوا ئەو گەلانە بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار گونجاون لەگەڵ میللەتانی ترداو دەستکاریی کردنی ئەو سنوورانە ئاژاوە دەنێتەوە. ئەو بیروڕایە ناکۆك و نەگونجاوە لەگەڵ بنەماو پرینسیپە دان پێدانراوەکانی یاسای تازەی نێو نەتەوەییداو لەبەرچاوگرتنی سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتانە بۆ دەست بەسەراگرتنی میللەتانی ترو هەڵلوشینی سەرچاوە ئابوورییەکانیان. تاقی کردنەوەی بەشێکی زۆری ژیانی ئەو گەلانە روونی کردەوە، کەهەر گەلێك یاخاکێك بەزۆر لکێنرابیٚ بەوڵاتێکی ترەوە، ئەوا ئاشتی لەو وڵاتەدا بەرقەرار نابیٚ ئەگەر ڕێز لەخواست و مافی ئەو گەلە نەگیریٚ و ئازادیی بۆ دابین نەکریٚ.

خاڵیٚ دووەمی بەندی یەکەمی دەستووریUN، بەندی یەکەمی هەردوو پەیمانی ساڵی ١٩٦٦ دەربارەی مافی مەدەنی، سیاسی، ئابووریو کولتووریی لەگەڵ گەلیٚك بەڵگەنامەی تردا، راستەوخۆ مەبەستو ئامانجی ریٚکخراوی UN دیاری دەکەن لەپیٚشخستنی پیٚوەندیی دۆستایەتیو ریٚزگرتنی مافی گەلاندا، بەتایبەتیش مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئیتر هەر مەبەستیٚك لەپشت ئەو بیرورایەوە بیٚت، کەستاتوسی گەلانی چەوساوە کە لەپیٚش ساڵی ١٩٤٥-ەوە داگیرکراون دەسکاریی نەکریٚ، ئەوا بەبیرورای ئیٚمە پیٚشیٚل کردنی ئەو راستییەیە کەمافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو گەلان دانی پیٚدانراوە.

راستیی پیٚوەندیی نیٚوان وڵاتانی ئەوەی دەرخستووە، کەکەسایەتی یاسایی نیٚونەتەوەیی هی خاك نیە، بەڵکو هی گەلانە، گەل لەچوارچیٚوەی خاکیٚکی دیاریکراودا دەتوانیٚ ئەو کەسایەتییە جیٚبەجیٚ بکات، ئەگەر بیٚتو بەشداربیٚ لەپیٚوەندیی نیٚو نەتەوەییدا. جا ستاتوسی ئەو گەلانەی پیٚش ساڵی ١٩٤٥ نیشتمانەکەیان کراوە بەکۆلۆنی یا لەشکری بیٚگانە داگیری کردووە یا بەزۆر لکیٚنراوە بەدەوڵەتیٚکی ترەوە، ئەوە دەخوازیٚ چارەنووسی خۆیان دیاری بکەنەوە. لەو حاڵەتەشدا، دەبیٚ ئەو گەلە زەمینەی خۆ بەریٚوەبردنی سازدابیٚو ئیسپاتی ئەوەی کردبیٚ کەژیانو بوونی بەتاوانی دەوڵەتەکە لەمەترسیدایەو ئەو مەترسییەش هەرەشە لەئاشتیو ئاسایشی جیهانی دەکات، ئیتر کۆمەڵگەی جیهانیی بەگویٚرەی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی UN دەتوانیٚ پشتگیری ئەو گەلە بکات.

دیارە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو گەلان دانی پیٚدا نراوە، ئەو گەلانەش کە لەچوارچیٚوەی دەوڵەتیٚکدا دەژین، یا چەند

بەشێك لەمیللەتان لەچوارچێوەی دەوڵەتێكدان، كەدەیانەوێ سەربەخۆو ئازادبن.

ئـ. ڤ. تیمۆفێیڤ بیروڕایەكی جیاوازی هەیە دەربارەی دیاریكردنی چارەنووس، ئەو بڕوای وایە دەبێ پرینسیپی مافی دیاریكردنی چارەنووس بۆ سنوور یا هەرێم بێت نەك بۆ گەلان. واتە پرینسیپی مافی هەرێم لەدیاریكردنی چارەنووسدا، نەك مافی گەلان لەدیاریكردنی چارەنووسدا. دیارە ئەم بۆچوونە هەتاكو ئێستا لەرووی جێبەجێكردنەوە شتێكی گونجاو لەبار نیە. مافی گەلانیش لەدیاریكردنی چارەنووسدا ناكرێت دەستكاری بكرێ‌و رێگە لەخواست‌و لەپێشكەوتنی گەلان بگیرێت.

داسەپاندنی پرینسیپێكی تازەی یاسای نێونەتەوەیی پێویستی بەرۆژگارێكی درێژو پراكتیكێكی باش هەیە تا جێگەی خۆی بگرێت. كەواتە لایەنەكانی یاسای نێونەتەوەیی تاكو ئێستا دەوڵەتان‌و ئەو لایەنانەن كەدەتوانن بەشداربن لەپێكهێنانی بنەمای یاساییداو خۆیان ئەو بنەمایانە جێبەجێ دەكەن، بەڵام هەرێم ناتوانێت ببێتە لایەنێك لەیاسای نێونەتەوەییدا. هەر بۆیەش ناتوانێت بنەمای یاسایی پێك بێنێ‌و بەشداربێ لەجێبەجێكردنیاندا، كەواتە نەمافی هەیەو نە ئەركیشی دەكەوێتە ئەستۆ، بەڵكو دانیشتوانی هەرێمێكی دیاریكراو كەنیشتمانی خۆیانە لەرێگەی نوێنەرایەتی‌یەوە بەشدار دەبن لەپێكهێنانی بنەمای یاساییدا. ئەویش بەرێكخستنی رێكەوتننامە، پەیماننامە، كۆنتراكت‌و بەیاننامەو راگەیاندنی هاوبەش لەگەڵ لایەنەكانی تری یاسای نێونەتەوەییدا، چ دەوڵەتان یا رێكخراوە نێودەوڵەتیەكان یا رێكخراوەكانی بزوتنەوەی رزگاری گەلان كەلایەنن لەیاسای نێونەتەوەییدا.

بەدیهێنان‌و بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلانی خەباتگێڕ لەپێناوی سەربەخۆییدا، بەهۆی پەیماننامەو کۆنتراکت‌و رێکەوتننامەوە کەماف‌و ئازادییەکانی گەلان (بەشدارانی) دیاری دەکرێت‌و وەکو لایەنێکی یاسای نێونەتەوەیی بەشدار دەبن لەپێکهێنان‌و جێبەجێکردنی بنەماو چوارچێوە یاساییە نێونەتەوەییەکان.

ئەو گەلانەی کە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەژین، ئەگەر سەرجەمیان لەماف‌و ئەرکەکانیاندا یەکسان بن‌و لەپێشکەوتن‌و ژیانێکی ئارامدا بژین‌و بەیەکسانی بەشداری پەیوەندییە یاسایی‌و کارگێڕییەکانی ناوەوەو دەرەوەبن، ئەوا پشتگیریی کردنیان هەتاکو ئێستاش لەیاسای نێونەتەوەییدا (بەمەبەستی جیابوونەوە)، بەدەستێوەردانی کاروباری ناوخۆ دادەنرێت، بەڵام ئەو گەلەی کە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدایە لەگەڵ گەلانی تردا‌و مافەکانی پێشێل کراوەو ژیانی بەر مەترسی‌و هەڕەشە کەوتووە، وەکو جۆری تاوانی جینۆسایدو نەژادپەرستی، ئەوا کێشەی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووس خۆی دەسەپێنێت‌و پشتگیریی کردنیش دەبێتە کارێکی رەوا بۆ بەربەندکردنی تاوان‌و لەپێناوی سەربەخۆییدا.

بەم جۆرە دەبینین گەلانی خەباتگێڕ لەپێناوی ئازادیدا، ئەم ماف‌و ئەرکانەیان هەیە:

١-ماف‌و ئەرکە بنەڕەتی‌یەکانی سوبێکت بەگشتی کە لەسەر پرینسیپی یەکسانی‌و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان پێگەی داناوە.

٢-ئەو ماف‌و ئەرکە بنەڕەتی‌و تایبەتیانەی ستاتوسی ئەو گەلە دیاری دەکەن.

٣-ئەو ماف‌و ئەرکانەی بەهۆی پەیماننامەی نێونەتەوەییەوە دیاریکراون‌و پێکهاتوون.

## سەرچاوەکانی بەشی سێیەم ( بەزمانی رووسی ):


1. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.I78.
2. Диб Акави. Новые тенденции реализации международной право-субъектности народов, борющихся за независимость. Деп., рег.номер № I365. - С.6.
3. Рез. Генеральной Ассамблеи ООН 2625 /XXУ/ от 24 октября I970г.
4. Там же.
5. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.5.
6. Международное право / Под ред. Г.И.Тункина. - М., I982. - С.89.
7. Старушенко Г.Б. Принцип равноправия и права народов распоряжаться своей судьбой // Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.I80-I8I.
8. Диб Акави. Цит.произв. - С.9.
9. Док.ООН E/CN.4/Sub.2/1992/37. - P.35.
10. Рез. Генеральной Ассамблеи ООН 2200 /XXI/ от I6 декабря I966г.
11. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.I77-I78.
12. Тимофеев Е.В. Новые аспекты принципа права наций на самоопределение // Московский журнал международного права. - I993. - № 4. - С.II2.
13. Курс международного права: В 7-ми т. Т.I. - С.I62-I63.
14. Курс международного права: В 7-ми т. Т.2. - С.I78,

# بەشی چوارەم

## مەسەلەی کورد لەرێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا

بۆ ئەوەی بتوانین لەبەر رۆشنایی ئەو بابەتانەی کە لەبەشەکانی رابردوودا شیمان کردنەوە، دۆخی قانوونیی (Status) گەلی کورد لەسەردەمی تازەدا دیاری بکەین، پێویستمان بەوەیە ئاورێکی مێژوویی لەو بەڵگەنامانەو رووداوانە بدەینەوە کە لەسەردەمی جەنگی یەکەمەوە گەلی کورد بووە بە بابەتو مەبەستیان. چونکە سیاسەتی زلهێزە کۆلۆنیالیەکانیش وا پیادە کرا هەوڵو خەباتی گەلی کوردیان پێشێل کرد.

لەگەرمەی رووداوەکانی جەنگییەکەمی جیهانیدا، بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردیش کەوتە خۆو هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتبۆوە، ئەویش بەمەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی[1]. لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی زلهێزەکان بەمەبەستی دابەش کردنی کوردستانو پێشێل کردنی مافەکانی گەلی کورد نەخشە دەکێشرا، ئەوە بوو لەرێکەوتننامەکانی سایکس-بیکۆدا لە ١٦/٥/١٩١٦دا بەتەواوی پیلانەکەی دارێژرا[2]. لەو رێکەوتننامانەشدا گەلی کورد بوو بەبابەتو نەبوو بە بەشدار، واتە نەبوو بەلایەنێکی ئەو پەیماننامەو رێکەوتننامانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی.

## پەیماننامەی سایکس-بیکۆ بریتی بوو لەچەند ڕێکەوتننامەیەك:

١-بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی روسیا-فەرەنسە لە ١٣/٤/١٩١٦دا، (کەئەمە بەشی یەکەمی پەیماننامەی سایکس-بیکۆ بوو)، جگە لەرۆژهەڵاتی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی روسیای قەیسەریدا بوو، دەبوایە بەشێکی باکووری کوردستانیش بەرئەو بکەوتایە.

٢-بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی نێوان بەریتانیاو فەرەنسە لە ١٦/٥/١٩١٦دا (ئەمەش بەشی دووەمی پ. سایکس-بیکۆ بوو)، بەشێکی زۆری سوریاو زۆربەی ناوچەکانی ئەنادۆڵو ویلایەتی موسڵ دەبوایە بدرێن بەفەرەنسە. هەندێ ناوچەی تری سوریا بەر بەریتانیا دەکەوت[٣].

بەبیروڕای پرۆفیسۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە لەکوردستان نیشانەی دۆخێکی ئابووری یەکگرتوو لەسەرهەڵدان‌دا بوو[٤]، م. لازەریف-یش هەر لەوبارەیەوە بیروڕای وایە کەپەیماننامەی سایکس-بیکۆ دابەشکردنی گەلی کوردی بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا دیاریکردبوو کەبووە هۆی بەربەستێکی سەخت لەبەردەم پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەیی کورداو لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی-ئابووری، سیاسیو کولتووریدا[٥]. بەو جۆرە، دەبینین پەیماننامەی سایکس-بیکۆ هیچ ئاوڕێکی لەمافو خواستەکانی گەلی کورد نەدا بۆوە.

لە ٣٠/١٠/١٩١٨دا ئاگربەسی (مۆدرۆس) بۆ راگرتنی شەڕ لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمانو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا راگەیەندرا. بەگوێرەی بەندی حەوتەمی ئاگربەستی مۆدرۆس، وڵاتە هاوپەیمانەکان بۆیان هەبوو هەر جێگایەکی ستراتیژیی، ئەگەر بەرژەوەندییان پێویست

بکات داگیری بکەن. لێرەدا، ئاگربەسی مۆدرۆس کوردیش دەگرێتەوە، چونکە بەکردەوە کوردستان داگیرکرا. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کەوڵاتانی هاوپەیمان لەسیاسەتیاندا مەبەستیان بوو نزیکی ئەو سنوورانە بکەونەوە کەدەتوانن ببنە بەربەست بۆ پەرەسەندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ لەروسیا، بەتایبەتیش لەبەندی (۲٤)ی ئاگربەسی مۆدرۆسدا ئەوە دیاریکرابوو کە لەکاتی بشێویو ئاژاوەدا، هاوپەیمانان دەتوانن بەشێکی سنوورەکانی ئەرمینیا داگیر بکەن[٦].

بەریتانیاش لەرێکەوتنی سایکس-بیکۆ نارازیی بوو، چونکە دەیویست ناوچەکانی کانگای نەوت لەویلایەتی موسڵ داگیر بکات، ئیتر لەگەڵ هەوڵو کۆششی دیپلۆماسیانەدا، بەریتانیا توانی لە ۱۰/۱۱/۱۹۱۸دا ویلایەتی موسڵ داگیر بکاتو بەرەو خوارووی کوردستانیش کشا. بەریتانیا دامو دەزگایەکی سەربازیی لەولایەتی موسڵ دامەزراند، بەپێچەوانەی ویلایەتی بەغداو بەسرە، کەبەڕێوەبەرایەتی مەدەنییان هەبوو، لەلایەن بەریتانیاوە[٧]. ئەو سەردەمە ویلایەتی بەغداو ویلایەتی بەسرا پێیان دەوترا عیراق، بەڵام باشووری کوردستان لەچوارچێوەی عیراقدا نەبووە، وەك تر: ئەو سەردەمە نەعیراق بەو سنوورەی ئێستایەوە هەبووە، نە باشووری کوردستانیش لکێندرابوو بەعیراقەوە. لەپاش دامەزراندنی ماندێتی بەریتانیا لەبەغداو پێکهێنانی دەوڵەتی عیراق، بەزۆری ئینگلیزەکان خوارووی کوردستان داگیرکراو بەعیراقەوە لکێندرا.

لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر (۸/۱۱/۱۹۱۷)و لەدوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی لینین دەربارەی ئاشتی کەداوای ئازادیی بۆ گەلان دەکردو داگیرکردنی نیشتمانی میللەتان بەزۆرو لکاندنی بەنارەوا پێناسە دەکرد[٨]. بەتایبەتی دۆخی کورد بەو جۆرە بوو، کەئەمەش دەبوایە

لەسیاسەتی دەرەوەی روسیای سۆڤێتیدا رەچاو بکرابایەو مافەکانی کورد پشتگوێ نەخرانایە. پاشتر سەرۆکی ئەمریکا (ویلسن)، لە ١٩١٨/١/٨دا چواردە بەندەکەی خۆی بڵاو کردەوە کەبەندی دوانزەیەمینیان دەربارەی ئازادیی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بوو[٩]. لەدوای ئەو دوو بەڵگەنامەیەوە مەسەلەی ئازادیی گەلان چووە قۆناغێکی ترو مافی دیاریکردنی چارەنووس چەمکێکی تازەی لەقانونی نێونەتەوەییدا پەیدا کرد. ئەگەر چی ئازاد بوونی گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەگوێرەی سیاسەتی وڵاتانی کۆلۆنیالی دەبوایە ئەو ناوچانە بەپێی سنووری دەسەڵاتو بەرژەوەندیی خۆیان دابەش بکرابانایە. ئەوە بوو بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگی یەکەمو پێکهێنانی پەیماننامەیەکی ئاشتیانە، کۆنفرانسی پاریس لە ١٩١٩/١/١٨ تا ١٩٢٠/١/٢١ رێکخرا[١٠]، هاوکات وڵاتە کۆلۆنیالیە سەرکەوتووەکانی جەنگ بەهۆی دیپلۆماسیو هێرشی سەربازییەوە کەوتنە جێگیرکردنی پێگەکانی خۆیان لەرۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاستدا، شان بەشانی هەوڵی تورکیا بۆ خۆ جێگیرکردنی، بەتایبەتیش سەرجەمیان لەهەوڵی داگیرکردنی ناوچە نەوتاوییەکانی کوردستاندا بوون. هەر لەکۆنفرانسی پاریسیشدا پلانی دابەشکردنێکی کۆلۆنیالیانەی کوردستان رەنگی رشت. ئەو دابەشکردنەش لەو ساوە گەلی کوردی پێوەدەناڵێنێت، هەروا کەوتەوە کەئیمرۆ هەیە. هەر لەو کۆنفرانسەدا ئەو ئایدیایە واگەیی کەخوارووی کوردستان بخرێتە پاڵ عیراق، رۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەکو خۆی لەچوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە، خۆر ئاوای کوردستانیش بۆ فەرەنسییەکان لەسوریا ناوزەد کرا، بەڵام چارەنووسی باکووری کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا بوو بەبێ چارەسەر مایەوە[١١].

هەمان کات، ژەنەراڵ شەریف پاشا لەهەوڵو کۆششێکی بەردەوامدا بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی. دەردی کێشەی کورد لەوەدایە ئەوساو (ئێستاش) رابەرانی کورد نەك ناتوانن بزوتنەوەیەکی سەرانسەری یەکگرتوو پێك بێنن، بەڵکو لەهەر بەشێکی کوردستانیشدا ناتوانن بزوتنەوەکە بەڕاستی یەك بخەن، پێوەندیی نێوان لایەنەکانی بزوتنەوەی کورد بەو ئەندازەیە نەبوو کەقورساییەکی باش دروست بکات لەسەر سیاسەتی جیهانی، دیارە گەلێك فاکتەری ناوەکیو دەرەکیش حوکمیان بەچارەنووسی کورد کردوە.

شایانی باسە شێخ مەحموودی حەفید پشتگیریی شەریف پاشای کردوەو وەفدی ناردوە، بەڵام ئینگلیزەکانو فەرەنسیەکان لەحەڵەب وەفدەکەی شێخ مەحمودیان گەڕاندەوەو رێگەیان نەدان[١٢]. شەریف پاشا لەکۆنفرانسی پاریسدا داوانامەیەکی گرنگی پێشکەش کرد، بەتایبەتیش داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی نێونەتەوەیی کرد بۆ ئەوەی لەمەسەلەی کورد بکۆڵنەوەو ئەو سنوورانەی کەزۆربەی دانیشتوانی کوردن لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی کوردیدا یەك بخرێن[١٣]. ئیتر هەوڵەکانی شەریف پاشا دەورێکی باشیان دی لەوەی کەمەسەلەی کورد لەچوارچێوەی پەیماننامەی سیڤەردا ببێتە بابەتێکی گرنگو بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ[١٤].

له ١٩-٢٦/٤/١٩٢٠ کۆنفرانسی سان ریمۆ لەئیتالیا پێکهاتو بڕیاری دروستکردنی ماندێتی فەرەنسەو بەریتانیا درا بۆ پێکهێنانی چەند دەوڵەتێك (عیراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین، ئوردونو عەرەبستانی سعودیە)، ئەویش بۆ تەواو جێگیرکردنی سیاسەتی کۆلۆنیالیانەی ئەو دوو وڵاتەو بەتایبەتیش بۆ دەست بەسەرا گرتنی ئابووریی دەوڵەمەندی ئەو سنوورانە[١٥]. بۆ یەکەمین جار مەسەلەی کورد

لەکۆنفرانسی سان ریمۆدا بەو شێوەیە رەنگی دایەوە کەهەڵوێستی بەریتانیا بەڕاشکاویی لەو بارەیەوە دیار بوو بریتی‌یە لە:

١-دابڕینی کوردستان لەتورکیاو خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

٢-وازهێنانی فەرەنسە لەباکووری کوردستان.

٣-دانانی سستمێکی ماندیت (انتداب) لەخوارووی کوردستاندا یا دروستکردنی زۆنێك بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی بەریتانیا لەعیراق‌و وڵاتی فارس[١٦].

بەم جۆرە، بەهەڵوێستێکی کۆلۆنیالیانەوە ئینگلیزەکان مەبەستی خۆیان بەئاشکرا لەکۆنفرانسی سان ریمۆدا دەربارەی مەسەلەی کورد پیشان دا، کەبەرژەوەندیی نەتەوایەتی کورد لەبەرچاو نەگیراو ئیتر بەگوێرەی سنووری دەسەڵات‌و بەرژەوەندیی فەرەنسەو ئینگلتەرە، مەسەلەی کورد ئەمسەرو ئەوسەری پێ دەکرا، تا سەرجەمی سیاسەتەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەو زلهێزانە بەئەنجام گەیشت. مەسەلەی کورد لەدوای سان ریمۆشەوە، هێشتا هەر بابەتی پێوەندیی نێوان وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگ‌و تورکیای دۆڕاو بوو، تا لەپەیماننامەی سیڤەردا، چارەسەرێکی بۆ دانرا بەڵام بەدابەشکردنێکی کۆلۆنیالیانەی کوردستانەوە.

پەیماننامەی سیڤەر لە ١٠/٨/١٩٢٠دا لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمان‌و سەرکەوتووی جەنگی یەکەم لەلایەك‌و تورکیای عوسمانی لەلایەکی دیکەوە ئیمزاکرا. ئەو پەیماننامەیە جێگایەکی دیاری هەیە لەمێژووی یاسای نێو دەوڵەتاندا، چونکە وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگی یەکەم ویستیان بیکەنە ئامرازێك بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریای عوسمانی لەنێوان خۆیانداو چارەنووسی گەلانی ژێردەسەڵاتی عوسمانیەکان بەگوێرەی سیاسەت‌و بەرژەوەندیی خۆیان دیاری بکەن. ئەو

سیاسەتەش وابەئەنجام گەیشت کەچەند دەوڵەتێك لەژێر ماندێت (ئینتیداب-Mandat) پێکهاتوو بووە بناغەی پێوەندییەکی قانوونی جیاواز لەساڵانی پێشوو و تازە لەمێژووی گەلانی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەیماننامەی سیڤەر بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا دان پێدانانێك بوو بەگەلی کورداو مەسەلەکەی وەکو بابەتی یاسای نێو نەتەوەیی خستە روو. بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەو راستیەش بین (ئەگەر!) پەیماننامەی سیڤەر سەری بگرتایە، دروست بوونی ئەو دەوڵەتە کوردیەی کەتێیدا دیاری کرابوو، یەکەم: کاری دەکردە سەر دۆخی کورد لەو سنوورانەی کوردستان کەبەر ئەو دەوڵەتە نەدەکەوتن، دووەمیش: دەبووە بناغە بۆ دەوڵەتێکی کوردی سەرانسەری لەپاشەڕۆژدا.

کەواتە، پەیماننامەی سیڤەر چارەسەرێکی یەکجارەکی دانەنابوو بۆ مەسەلەی کورد، بۆیە زۆر پێویستە لەم لایەنانەوە سەیری بکەین:

١-ناوەڕۆکی ئەو بەندانەی کەپێوەندییان بەگەلی کوردەوە هەیە، چونکە جگە لەبەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)، چەند بەندێکی تری کورد دەگرێتەوەو سنوورەکانی کوردستان دابەش دەکات بەسەر ئەرمینیاو تورکیاو سوریاو میسۆپۆتامیادا. وەکو لەبەندەکانی (٢٢، ٨٩، ٩٤)دا دەردەکەوێت.

٢-سیاسەتی وڵاتە کۆلۆنیالەکان دەربارەی مەسەلەی کورد لەپێش و سەردەم و لەپاش سیڤەردا، کە بەفاکت و بەڵگەوە دەتوانین روونی بکەینەوە مەبەستی دابەشکردنی کوردستان لەئارادا بووە.

٣-حوکمی پەیماننامەی سیڤەر لەیاسای نێونەتەوەییدا، چونکە ئەو پەیماننامەیە هەر ئیمزاکراو وڵاتانی بەشدار بڕیاریان لەسەر نەداوە، واتە (تصدیق-Ratification) نەکراوە. بەتایبەتیش مەرجی بڕیار لەسەردان لەکۆتایی پەیماننامەکەوە دیاریکراوە[١٧].

لەخوێندنـــەوەی پەیماننامـــەی ســـیڤەردا دەگەینـــە ئـــەو ئەنجامـــەی، ئەگەرچی بۆ یەکـەم جـار دان بەکەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی گـەلی کـوردا بنرێـت لەپەیماننامـەیـەکی نێودەوڵەتیـدا، بـەڵام هاوکـات ئـەو پەیماننامـەیە کوردسـتانی بـەجۆرێکی تـر دابـەش دەکـردەوە. سیاسـەتی وڵاتانی هاوپەیمانیش هەر لەسـەردەمی سـیڤەرو پاشتریشـدا واکەوتـەوە، پەیوەندیی لەگەڵ حکومـەتی تازەی تورکیا بەڕابەرایەتی مستەفا کەمال بگـرن‌و کۆمـەڵێك ڕێکەوتننامـەی لەگەڵـدا ڕێـك بخـەن، کـە لـەڕووی قانوونیەوە ئەوە ناکۆك بوو لەگەڵ پەیماننامـەی سیڤەردا. ڕووداوەکـانیش وا بەئەنجام گەیشتن کەحکومـەتی مستەفا کەمال سەرکەوت‌و دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، ئـیتر لایـەنی گرنگـی سـیڤەر کەحکومـەتی سـوڵتانی عوسمانی بوو، هەرەسی هێنا.

حکومـــەتی مســـتەفا کـــەمالیش، هـــەوڵی زۆریدا بـــۆ ئـــەوەی پەیماننامەیـــەکی تـــر جێگـــەی ســـیڤەر بگرێتـــەوە. ئـــەوە بـــوو لـەـ٢٤/٧/١٩٢٣دا پەیماننامـەی لـۆزان لـەنێوان حکومـەتی تـازەی تورکیا لەلایەك‌و بەریتانیا، فەرەنسە، ئیتالیـا، یابـان، یۆنـان‌و... هتـد لەلایەکی دیکەوە ئیمزا کـرا[١٨]. پێش ئیمزاکردنـی پەیماننامـەی لـۆزان فەرەنسەو بەریتانیا چەند ڕێکەوتنێکیان لەنێواندا بوو بـۆ دابەشـکردنی کوردسـتان. بـەریتانیا سـەرقاڵی پێکهێنـانی عـیراق بـوو، فەرەنسـەش دەوڵەتی سوریا. ئەوە بوو بەگوێرەی ئەنجامەکانی کۆنفرانسی سـان ڕیمـۆ لـە ٢٥/٤/١٩٢٠ دا مانـداتی بـەریتانیا بەسـەر عـیراق‌و فەرەنسـەش بەسەر سوریادا جێگیرکران.

٢٥/١٠/١٩٢٠ بەسەرپەرشـتی بـەریتانیا کـە پیرسـی کـۆکس نوێنەرایـەتی دەکـرد، ئەنجومـەنی وەزیرانـی عـیراق پێکهـات لـە ٢٣/١٢/١٩٢٠ یشـدا لـەپاریس ڕێکەوتننامـەی ئـەنگلۆ-فەرەنسـی

پێکهات کەدەربارەی سنوری مانداتی فەرەنسەو بەریتانیا بوو لەسوریاو عیراق، هەر لەو کاتەشەوە ناوچەکانی رۆژاوای کوردستان کەوتنە بەر سنووری سوریا[19].

بەگوێرەی خاڵی یەکەمی بەندی سێیەمی پەیماننامەی لۆزان، لە ٢٠/١٠/١٩٢١دا فەرەنسەو تورکیا سنووری نێوان سوریاو تورکیایان دیاریکرد[20].

لەکۆتایی ١٩٢٢ شدا بەریتانیاو عیراق بەیاننامەیەکی رەسمیو هاوبەشیان دەرکرد، کەدان بەمافی کوردا دەنێن لەپێکهێنانی حکومەتێکی کوردیدا لەچوارچێوەی عیراقدا[21].

پەیماننامەی لۆزان دابەشکردنی کوردستانی خستە چوارچێوەی سنووری نێوان تورکیا، سوریاو عیراقەوە. ئەمەش رێگەی قانوونی بۆ ئەو وڵاتانە سازکرد کەسنوورەکانی خۆیان دیاری بکەن، ئیتر ئەو دابەشکردنە کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکیا، بەریتانیاو فەرەنسەوە. بۆیە بەبیروڕای ئێمە، بەیاننامەی هاوبەشی نێوان عیراقو بەریتانیا ئەگەر چی دان پێدانانە بەمەسەلەی کورد لەچوارچێوەی عیراقدا، بەڵام هاوکات دابڕینی باشووری کوردستانە لەباکوور.

پەیماننامەی لۆزان زەبرێکی کۆلۆنیالیانەی سەخت بوو بەمیللەتی کوردو بزووتنەوەکەی کەوت. ئیتر لەو رۆژگارەوە، بزووتنەوەی کورد هەتاکو ئێستاش نەیتوانیوە یەکگرتوو بێت، کێشەی کوردیش هەر یەکێك لەو وڵاتانە وەکو کێشەی ناوخۆ رەفتاری لەگەڵدا دەکات. پەیماننامەی لۆزان، بەتەواویی مافەکانی کوردی پێشێل کردو دابەشکردنی کوردستانی جێگیر کرد. لەسەردەمی کۆنفرانسی لۆزاندا، بەریتانیا لەهەوڵی سەرکوتکردنو سەرقاڵکردنی بزوتنەوەی کورددا بوو لەباشووری کوردستان. لە ٢١/٢/١٩٢٣دا بەریتانیا داوای لەشێخ

مەحموودی حەفیدکرد کەحکومەتەکەی جێبهێڵێو بچێتە بەغداد[22].
بەڵام لە ٢و ٢٢/٥/١٩٢٣دا فڕۆکەکانی بەریتانیا هەڕەشەنامەیان بەسەر شاری سلێمانیدا بڵاوکردەوە. پاشتر چەند جارێك بۆردومانی شارەکەیان کرد تاکو شێخ مەحموود ناچار بوو رووی کردە چیاکانی کوردستان[23].
بەگوێرەی خاڵی دووەمی بەندی سێیەمی پەیماننامەی لۆزان، ئەگەر تورکیاو عیراق نەیانتوانی لەماوەی نۆ مانگدا سنووری نێوانیان دیاری بکەن، ئەوا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) لێی دەکۆڵێتەوە. هەر بۆیەش لە ٢٩/١٠/١٩٢٤دا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بەشێوەیەکی کاتی سنووری نێوان عیراقو تورکیای دیاریکردو ناونرا "هێڵی بروکسل".
لیژنەیەکی تایبەت سەر بەکۆمەڵەی گەلان لەشوباتی ١٩٢٥دا چووە کوردستانو لەراپۆرتی خۆیدا داوای کردبوو کەبەریتانیا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی خاوەن ماندێتە لەعیراق، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی‌یەك بۆ کوردەکان رێك بخات بۆ کاروباری خۆیان. لەراپۆرتی لیژنەکەدا ئەوە دیاری کراوە، ئەگەر سەیری رەگەزی دانیشتوان بکرێت، ئەوا بەپێی زۆرینەی کوردەکان، پێویستە دەوڵەتێکی کوردی دروست بکرێت[24].
هەروەها لیژنەکە ئەوەشی روون کردبۆوە کەسەرجەمی ئەو سنوورە بریتی‌یە لەعیراقی عەرەبی، جزیرەو کوردستانو هیچ کاتێکیش ویلایەتی موسڵ بەشێك نەبووە لەعیراق[25]. دیارە خوارووی کوردستان لەچوارچێوەی ویلایەتی موسڵدا پێشتر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بوو.
لەبەر داخوازیەکانی لیژنەکە، کێشەی سنووری نێوان عیراقو تورکیا وەکو کێشەی ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە

خرایە بەردەم دادگای لاهای (دادگای دادی نێودەوڵەتان). ئیتر لەسەر بڕیاری دادگای لاهای، لەنۆڤەمبەری ١٩٢٥دا، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ١٦/١٢/١٩٢٥دا ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١-هێڵی بروکسل دەبێتە سنووری نێوان عیراق‌و تورکیا.

٢-بەریتانیا پەیمانێکی (٢٥) ساڵە لەگەڵ عیراقدا دەبەستێت بۆ بەردەوامبونی ماندێتەکەی.

٣-داخوازی کوردەکان مسۆگەر دەکرێت[٢٦].

دیاریکردنی سنووری نێوان عیراق‌و تورکیا، باشووری کوردستانی خستە پاڵ عیراق، ئیتر تورکیاو عیراق کەوتنە پەیمانکاری بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکەو سەرکوتکردنی بزوتنەوەی کورد.

ڕێکەوتننامەی تورکیا-عیراق-بەریتانیا لەساڵی ١٩٢٦دا لەئەنقەرە لەبەندی (٦-١٣) باس لەپەیوەندی‌و هاوکاری نێوانیان دەکات لەدژی هەر بزوتنەوەیەکی چەکداری لەسنوورەکانی نێوان عیراق‌و تورکیا، هەروەها پەیمانی سەعد ئاباد کەتورکیا، عیراق، ئێران‌و ئەفغانستان بەشدار بوون تێیدا، لەبەندی حەوتەمی‌دا ئەوە دیاری دەکات کەهەریەك لەبەشدارانی ئەو پەیماننامەیە دەست بەکاردەبێت لەدژی هەر بزوتنەوەو ڕێکخراوێك کە ئاسایشی بەشدارانی بخاتە مەترسی‌یەوە[٢٧].

لەو باسەی کەخستمانە ڕوو، بۆمان دەرکەوت کەمەسەلەی کورد جێگایەکی دیاری هەبووە لەپەیوەندی نێوان دەوڵەتان‌و لەچەند ڕێکەوتننامەیەکدا بووە بەبابەت، بەتایبەتی لەپەیماننامەی سیڤەردا کێشەکە بووە بەبابەتێکی دیار، بەڵام چارەنووسی گەلی کورد لەپەیماننامەی لۆزاندا پشتگوێ خراوەو ئاوڕ لەمافەکانی نەدراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت کەلۆزان لەڕووی قانوونیەوە چارەنووسی کوردی

لكاند بەچەند دەوڵەتێکەوەو بوو بەگرێو ئاڵۆزی لەژیانو داهاتووی سەرجەم پەیوەندییەکانی کوردو میللەتانی ناوچەکەدا. ئیتر ئەو لکاندنە دابەشکردنی کوردستانی لەنێوان تورکیا، سوریا، عیراقو ئێراندا جێگیر کرد. ئەم ئەنجامەش بووە هۆی ئەوەی:

١-میللەتی کورد دەسەڵاتی بەسەر نیشتمانی خۆیدا نەبێت.

٢-نەتوانێت بزوتنەوەی سیاسی، ئابوری، رۆشنبیریی یەکگرتوو پێك بێنێت چونکە دابەشکراوە.

٣-مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خەسڵەتی نێونەتەوەیی لێ زەوت کراو وەکو کێشەی ناوخۆی ئەو وڵاتانە بەگوێرەی سیاسەتو بەرژەوەندی ئیقلیمیو جیهانی رەفتاری لەگەڵ دەکرێت.

٤-سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو داگیریان کردوە، زۆر خراپو توند کاری کردۆتە سەر سەرجەمی ژیانو پێشکەوتنی نەتەوایەتی کورد.

٥-سیاسەتی ئەو وڵاتانە زەمینەی دابەشبوونی بزوتنەوەی کوردی ئاڵاندە ناوخۆو، چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لکاند بە سیاسەتی کۆلۆنیالکردنی کوردستانەوە، بەڵام نەك وەکو کۆلۆنیەکی رەسمیو قانوونی، بەڵکو جێبەجێکردنی سیاسەتێکی کۆلۆنیالیانەو فەوتاندێکی بەردەوامی بوونی نەتەوەیی کورد، کە لەچوار چێوەی سیاسەتو تاوانی جینۆسایددا، خەسڵەتو نیشانەکانی دیاری دەکرێن.

لەبەر ئەو هۆیانە، گەلی کورد مافی خۆیەتی لەخەباتدا بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیو دیاری کردنەوەی چارەنووسی بەجۆرێکی ترو بەشێوەیەکی ئاشتیانە هەوڵ بدات بۆ پەرەپێدانی ژیانی خۆی لەهەموو روویەکەوە، ئەمەش راستەوخۆ مەسەلەی کورد بەیاسای نێودەوڵەتانەوە گرێ دەدات.

لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەشدا بزوتنەوەی کورد ناچار کراوە داوای ئۆتۆنۆمی زیاتر نەکات، چونکە وەکو گەلێکی سەربەخۆ رەفتاری لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو وەکو کەمینەی نەتەوەیی. لەڕووی یاساییشەوە، هەتا بارو زرووفی لەبار نەگونجێت، کەمینەی نەتەوەیی لەچوارچێوەی یاسای ناوخۆدا، سیاسەتی ئەو وڵاتانە هەندێ جار هیچی پێ رەوا نابینێت، هەندێ جاریش رێگە نادات لەئۆتۆنۆمی تێپەڕکات. کەئەمەش چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی ناکات.

ئۆتۆنۆمیش، لەقۆناغە جۆر بەجۆرەکاندا، وەکو فۆرمێك دەسەڵاتی دەوڵەتی بەسەرەوەیەو دەبێتە چەکێك بۆ بەربەست کردنی داخوازیە رەواکانی گەل.

ئەگەر چی مەسەلەی کورد خەسڵەتی نێونەتەوەیی لێ داماڵراو کرا بەکێشەیەکی ناوخۆ، بەڵام دیسانەوە مەسەلەی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووسی گەلی کورد سەرهەڵدەداتەوەو لەڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە، خەسڵەتی نێونەتەوەییەوە وەردەگرێتەوە.

لەدوای دابەشکردن‌و لکاندن، چ بەگوێرەی داب‌و نەریتی مرۆڤایەتی یا بەگوێرەی یاسای دانراو، دەبوایە کورد مافی یەکسانیی بۆ دابین بکرایە لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، ئەویش لەیەکسانی کردنی ئەرك‌و مافەکانی سەرجەم گەلان‌و هاونیشتمانانی ئەو وڵاتانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. لەکاتی رێزگرتن لەمافی گەلی کورد لەو چوارچێوەیەدا، ئیتر دەبووە پرۆسەکردنی مافی یەکسانی‌و بەشدار بوون لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، سیاسی، ئابوری، کولتووری‌و کۆمەڵایەتی. کەواتە شوێنی یاسایی گەلی کورد لەناوخۆی ئەو وڵاتانەدا دیاری دەکرا کەبەشدارە لەبەرجەستە کردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی خۆیدا، چونکە ئەگەر بەشدار بێ لەپێوەندیی یاسایی لەناوخۆی وڵاتەکەدا

(مەبەست دیاریکردنی وەزعـی قانوونیـیـە)، لـەو ڕێگەیەشـەوە بـەهۆی ئۆرگانـــەکانی دەوڵەتـــەوە بەشـــدار دەبـــوو لەپێوەنـــدیی یاســـایی نێونەتەوەییدا. بەڵام گـرێ کـوێرەی ئـەو کێشـەیە لـەناوخۆدا لەوێدایـە، کەبەدرێژایی مێژووی ئەو وڵاتانە، مانای دیموکراتیو دیموکراتیزە کردن بـوونی نییـەو نـەبووە، سـەرباری ئـەوەش، ئـەو وڵاتانـە بـەردەوام بوونـە لەشـکاندنی پابەنـدێتی نێونەتـەوەیی (الالتزامـات الدولیـة)، لەمـەڕ مـافی مرۆڤ بەگشتیو مـافی گـەلی کـورد بەتایبـەتی، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی دیکـەوە، سیاسـەتی ئـەو وڵاتانـە لەبەرانبـەر گـەلی کـورددا، بەتەواوی سیماو خەسـڵەتی تـاوانی جینۆسایدی هەیـە، بۆیـە کێشـەکە، ڕاستەوخۆ دەبێتەوە بەکێشەیەکی نێونەتەوەییو تەنیا بـەگوێرەی یاسـای نێونەتەوەیی دەبێ چارەسەر بکرێتەوە چونکە:

١-بەحوکمی یاسای نێودەوڵەتان کوردستان دابەشکرا، پەیماننامـەی لـۆزان، بڕیارەکـانی کۆمەڵـەی گـەلان، بڕیـاری دادگـای نێونەتـەوەیی لەلاهای،

٢-پەیماننامـــەو بڕیـــاری کۆمەڵـــەی گـــەلانو بڕیـــاری دادگـــای نێونەتـــەوەیی دەبنـــە سەرچـــاوەی بنـــەماکانی یاســـای نێونەتـــەوەیی، چ لەسەردەمی خۆیدا، یا لەسـەردەمی تـازەدا، لـەدوای جـەنگی دووەمـەوە کەرێکخراوی UN دروستکرا.

٣-چ بەحوکمی پەیماننامەی لۆزان، یا بەحوکمی بەیاننامەی عیراقو بەریتانیا، یا بەحوکمی پرینسیپی ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ دەبوایە وڵاتـە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕێزیان لەمافی سیاسی، ئابووری، کولتوریو کۆمەڵایەتی گەلی کورد بگرتایە، کەپرینسیپێکی دیاری یاسـای تـازەی نێونەتەوەییـــە. بۆیـــە شـــکاندنی ئـــەو پابەندێتییـــە بەرپرســـیارێتی نێونەتەوەیی دەخاتە ئەستۆیان.

٤-پراکتیکەکردنی تاوانی جینۆساید، تەنیا بەحوکمی یاسای نێونەتەوەیی چارەسەر دەکرێ.

بۆیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، تەنیا دیاریکردنەوەی چارەنووس دەتوانێ ئەنجامێکی لەبار دابنێ، ئیتر بەگوێرەی باروزرووف دەبێ گەل خۆی بەهۆی نوێنەرەکانی‌یەوە چۆنیەتی دیاریکردنی چارەنووس بڕیار بدات.

## سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی چوارەم:


١-مگـۆیی. ش.خ: مەسـەلەی نەتەوایـەتی کـورد لـەعیراق، لـەتازەترین سـەردەمدا، مۆسکۆ، ١٩٩١ ل ١٧ (بەزمانی رووسی).

٢-کەمال مەزهەر ئەحمەد: بزووتنەوەی رزگـاریی نەتەوایـەتی لەکوردسـتانی عیراقـدا، باکۆ، ١٩٦٧ ل١٩ (بەزمانی رووسی).

٣-فەرهەنگی دیپلوماسی. کۆمەڵێك زانا. بـەرگی ٣، مۆسـکۆ، ١٩٨٦ ل٧ (بـەزمانی رووسی).

٤-کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢). ل ١٣٢.

٥-لازەریـف. م. س: کوردسـتانو کێشـەی کـورد. مۆسـکۆ، ١٩٨٧ ل٣٤٦ (بـەزمانی رووسی)، هەروەها: کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوە ل٢٠.

٦-لازەریف. م. س: ئیمپریـالیزمو مەسـەلەی کـورد. مۆسـکۆ، ١٩٨٩ ل٣٠ (بـەزمانی رووسی).

٧-لازەریف. م. س: هەمان سەرچاوە ل٣١.

٨-لینین. ف.ئـ: راپۆرتێك دەربارەی ئاشتی. سـەرجەمی بەرهەمـەکانی. بـەرگی (٣٥)، ل١٤ (بەزمانی رووسی).

٩-کلیوچنیکەڤ. یو.ڤ، سەبەنین. ئا. ڤ: سیاسـەتی نێودەوڵـەتان لـەتازەترین سـەردەمدا لەرێکەوتننامەو یاداشتو بەیاننامـاندا. بەشـی ٢، مۆسـکۆ، ١٩٢٦ ل١٠٩. هـەروەها: لازەریف: هەمان سەرچاوەی ژمارە (٦)، ل٥٠ (بەزمانی رووسی).

١٠-فەرهـەنگی دیپلۆماسـی: کۆمـەڵێك زانـا، بـەرگی ٢، مۆسـکۆ ١٩٧١. ل٤٦٦ (بەزمانی رووسی).

١١-سـەیوان عـەلی رەزا: سیاسـەتی بـەریتانیای گـەورە لەکوردسـتان. کورتەنامـەی دوکتۆرا، لێنینگراد، ١٩٩١ ل١٢ (بەزمانی رووسی).

١٢-کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوە ل٢٤.

١٣-دەقی یاداشتنامەی شەریف پاشا لەکۆنفرانسی ئاشتی لەپاریس (١٩١٩). وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە: فەرهاد پیربالْ⁄ گۆڤاری رابوون، ژمارە ٢، ستۆکهۆڵم ١٩٩١ ل٦٣.
١٤-زنار سلۆپی: في سبيل كردستان (مذكرات): ترجمة: ر. علي. بيروت ١٩٨٧ ص٦٤.
١٥-فەرهەنگی دیپلۆماسی: کۆمەڵێك زانا. بەرگی٣، مۆسکۆ، ١٩٧٣ ل١١٥ (بەزمانی رووسی). هەروەها: کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوە ل٢٥.
١٦-لازەریف. م.س: ئیمپریالیزمو مەسەلەی کورد. مۆسکۆ، ١٩٨٩ ل١٥٧ (بەزمانی رووسی).
١٧-لێرەدا زۆر بەکورتی دەربارەی پەیماننامەی سیڤەر دواین، چونکە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆمان دەربارەی ئەو پەیماننامەیە هەیە لەچوارچێوەی کتێبێکدا بەناونیشانی: پەیوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێودەوڵەتانەوە. بۆ زیاتر زانیاری پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە.
١٨-فەرهەنگی دیپلۆماسی. کۆمەڵێك زانا. چاپی چوارەم. بەرگی دووەم، مۆسکۆ، ١٩٨٦ ل ١٥٢.
١٩-لازەریف. م.س: ئیمپریالیزمو مەسەلەی کورد ل٢٤٢.
٢٠-سیڤەرو لۆزان⁄ بەسەرپەرشتی: یو.ڤ.کلیوچنیکەڤ، ئە. ڤ. سەبەنین⁄ مۆسکۆ، ١٩٢٧ ل ١٤٥ (بەزمانی رووسی).
٢١-جەمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالی کورد. ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥ ل١٥ هەروەها: د. وليد حمدي: الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩٢ ص١٦٠.
٢٢-کریس کوچیرا: مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا. وەرگێڕانی: محەمەد ریانی، تاران، ١٩٩٢ ل١٢٤.
٢٣-جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی. کوردۆ لەئەڵمانییەوە کردویە بەکوردی. ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥ ل١٥٢.

٢٤-گەسرەتیان. م.ئە: کوردەکانی تورکیا لەتازەترین سەردەمدا. یەریڤان، ١٩٩٠، ل١١٤ (بەزمانی رووسی).

٢٥-جلال الطالباني: حول المشكلة الكردية في العراق.؟، ١٩٨٨ ل١٠.

٢٦-محمد الهماوندی: فكرة الحكم الذاتي والاقليات العرقية. رسالة دكتوراه، القاهرة، ١٩٨٥ ص١٨١و ١٨٣.

٢٧-هەمان سەرچاوە پێشو، ص ١٨١، ١٨٣.

# بەشی پێنجەم

## ئۆرگانەکانی بەرجەستەکردنی

## کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد

لەجەنگی یەکەمەوە تا رۆژگاری ئیمڕۆ، کێشەیەکی ئالۆز لەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا، دیاریکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بووە، چونکە پرۆسەکردنی ئەو کەسایەتی‌یە دەبێتە هۆی جێبەجێ کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. کەواتە، ناتوانین مافی چارەنووس دیاریی بکەین هەتا کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بەرجەستە نەکرێ. بەداخەوە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوەو بابەتانەی لەسەر دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد نوسراون، مەسەلەی کەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەییان پشتگوێ خستووەو نەیانکردوە بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو پرنسیپە. لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاوڕێکی مێژوویی لەو ئۆرگانانە بدەینەوە کەگەلی کورد هەوڵی داوە بیانکاتە ئامرازی جێبەجێ کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و ببنە زەمینەی پێوەندیی گەلی کورد بەجیهانی ناوەوەو دەرەوە، کەئەویش دەبێتە دەزگای نوێنەرایەتی کردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی.

لەڕووی مێژووییەوە دەتوانین خەباتی گەلی کورد بۆ پێکهێنانی ئۆرگانی بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بکەین بەسێ قۆناغەوە:

-**قۆناغی یەکەم:** هەردو حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید لە ١٩١٨و ١٩٢٢ دا لەباشووری کوردستان. (بڕوانە رونکردنەوەیەك لەسەرەتای پەراوێزەکانی ئەم بەشەوە).

-**قۆناغی دووەم:** کۆماری کوردستان لەمهاباد، ساڵی ١٩٤٦.

-**قۆناغی سێیەم:** پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق لە ١٩٩٢ دا ( پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران).

لەزانستی یاسای نێونەتەوەییدا دانی پێدانراوە، کەمەرجی پێویست لەپەیوەندی یاسایی- نێونەتەوەییدا بۆ ئەوەی دانی پێدابنرێت کەگەل کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی هەیەو وەکو لایەنێك بەشدارە لەپەیوەندییە یاساییەکانی نێوان دەوڵەتاندا، پێویستە رێکخراوێك یا ئۆرگانێکی سیاسی هەبێت لەپێش پێکهێنانی دەوڵەتەوە، تاکو ئەو گەلەی لەخەباتدایە، بەهۆیەوە ژیانی خۆی رێك بخات[1] لەبەر ئەوە گرنگی ئەو سێ قۆناغەی بزوتنەوەی رزگاریی کورد لەپێکهێنانی حکومەتی کوردیدا، جگە لەڕووی مێژوویی‌و سیاسیەوە، دیارە لەڕووی قانوونیشەوە وەکو قۆناغەکانی بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی سەیر دەکرێن.

**قۆناغی یەکەم:** یەکەم حکومەتی شێخ مەحموودی حەفید لەباشووری کوردستاندا لەپێش پێکهێنانی دەوڵەتی عیراقەوە، لە ١٩١٨ دا بوو. کاتێك سوپای بەریتانیا لەسەردەمی لەشکرکێشیەکانیدا لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا هێرشی کرد بۆ باشوری کوردستان، پاشماوەی هێزەکانی تورکیای عوسمانی ناچار بوو سلێمانی چۆڵ بکات، ئیتر شێخ مەحموودی حەفید بواری ئەوەی بۆ رەخسا زیاتر دەسەلاتی خۆی لەناوچەکەدا فراوان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش کاتەکەی بەهەل زانی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی،

ئینگلیزەکانیش دەیانویست خۆیان لەشێخ مەحموود نزیك بکەنەوە[٢]. بۆ ئەم مەبەستە لە ١٩١٨/١١/١ دا ئینگلیزەکان مێجەرنۆئیلی نوێنەری خۆیان ناردە سلێمانی تاکو بەڕێوەبەرایەتیەك رێك بخات. لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا هەمان رۆژ مێجەر نۆئیل رایگەیاند کەشێخ مەحموود حوکمداری کوردستانە. ئەم دان پێدانانە وەکو نوێنەرایەتی حکومەتی بەریتانیا لەبەغدا، ئەنجام درا[٣]. حکومەتی بەریتانیا بەرەسمی دانی نا بەحکومەتەکەی شێخ مەحمووداو مانگانەی (١٥) هەزار روپیەی هیندی بۆ بڕیەوە. ئیتر لەزابی گەورەوە تاکو ناوچەکانی دیالە خەڵکی باشووری کوردستان لەچوارچێوەی دەسەڵاتی حوکمدارێتی شێخ مەحموودا بوون[٤]. دیارە بەریتانیا مەبەستی سیاسی خۆی هەبوو بۆ ئەوکارەی، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئەو رۆژە دان پێدانانێکی رەسمی بوو بەدەسەڵاتێکی کوردیدا، لەلایەکی تریشەوە شێخ مەحموود هیوای بەوەبوو کەبەریتانیا گفتەکانی خۆی جێبەجێ بکاتو پشتگیری تەواوی بکات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێك کەدەسەڵاتی سیاسی فراوان بکات، بەڵام کەبەریتانیا لەو مەبەستەی شێخ مەحموود گەیشت، کەوتە کەمکردنەوەی مەودای کارو دەسەڵاتەکەیو هەوڵی جێگیرکردنی خوارووی کوردستان وەکو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمدار لەچوارچێوەی عیراقدا کە لەهەوڵی پێکهێنانیدا بوون[٥]. ئەنجامی ئەو ناکۆکیەش گەیشتە شەڕو پێکدادان، هاوکات شێخ مەحموود ئاڵای حکومەتەکەی هەڵکردو پولی پۆستەی چاپکردو پارەی تایبەتی دروستکرد[٦]، دوای ئەوەی شێخ مەحموود رازی نەبوو بچێتە بەغدا، شەڕ دەستی پێکردو بەریتانیا بەڕەسمی شەڕی راگەیاند.

یەکەم فەرمانی حوکمدار لەبارەی شەڕەوە لەلایەن حکومەتەکەی شێخ مەحموودەوە لە ١٩١٩/٥/٢٢ دا بەناوی (مەحموود/حوکمدارو فەرماندەی گشتی)یەوە دەرچوو، کەرۆژی ١٩١٩/٥/٢١ی بەیەکەم رۆژی راگەیاندنی شەڕ لەدژی بەریتانیا دیاریکرد. دووەم فەرمان هەر لەرۆژی ١١٩/٥/٢٢دا دەرچووە، کەپێکهێنانی لیژنەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خواردەمەنیو ئازوقەی سوپای کوردستان دیاریکردوە، سێیەم فەرمانیش هەمان رۆژ بلاّوکرایەوە، دەربارەی پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی تازە لەدەستەیەك لەباوەڕ پێکراوان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتی کوردستانو گەلەکەیان، چونکە حوکمدار لەبەر کاروباری شەڕ لەشاری سلێمانی دوور دەکەوتەوە[٧]. ئیتر فەرمانو بەیانەکانیتر لەمەیدانی شەڕدا دەرچوون. تا شێخ مەحموود بەبریندار لەدەربەندی بازیان بەدیلی گیراو لەبەغدا درایە دادگا. دادگاش حوکمی ئیعدامەکەی گۆڕی بەڕەوانەکردنی بۆ هیندستان. شێخ مەحموود لەکاتی دادگاییکردندا پشتی بەبەندی دوانزەیەمینی راگەیاندنەکەی ویلسنی سەرۆکی ئەمریکا بەست کەدەربارەی مافی گەلان بوو[٨].

بەمجۆرە، لەباشووری کوردستان ئۆرگانێك پێکهات وەکو قۆناغی پێش پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

لە ١٩٢٠/١٠/٢٣ دا بەسەرپەرشتی مەندوبی سامی بەریتانیا پیرسی کوکس لەبەغدا یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق پێکهات[٩].

لەکۆنگرەی قاهیرە لە ٢-١٩٢١/٣/٢٢ دا فەیسەل وەکو مەلیکی عیراق لەلایەنی ئینگلیزەکانەوە پێشنیار کرا[١٠]. لە ١٩٢١/٧/١١یشدا ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بڕیاریدا کەئەمیر فەیسەل بکرێت بەمەلیکی عیراق[١١].

لەبەرئەوەی شەڕو پێکدادان لەنێوان کوردو هێزەکانی بەریتانیادا بەردەوام بوو، ئینگلیزەکان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکەو بۆ ڕێگەگرتن لەتورکەکان، ناچار بوون کەشێخ مەحموود بگەڕێننەوە بۆ کوردستان. لە ١٩٢٢/٩/٣٠ دا لەگەڵ هاتنی شێخ مەحموودا، نوێنەری ئینگلیزەکانیش مێجەر نوئیل، گەیشتنەوە سلێمانی[١٢]. بەریتانیا شێخ مەحموودی کردەوە بەحوکمدار، کابینەیەکی وەزیرانی پێکهێنا، کەبریتی بوو لە:

١-رئيس الرؤساء: شێخ قادری حەفید ( سوپاسالاریش بوو).

٢- رئيس داخلية: شێخ محەمەد غەریب.

٣-رئيس ماليه: عبدالكريم عەلەکە.

٤-رئيس معارف: مستەفا پاشا.

٥-رئيس محاکمو شرع (عدلية): حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکلی زادە.

٦-رئيسی نافعه: محمد ئاغای عبدالرحمن ئاغا

٧-رئيس گومرگ: ئەحمەد بەگ فتاح بەگ( حەمدی صاحبقڕانی شاعیر).

٨-رئيس امنيت عمومية: سيد ئەحمەد بەرزنجی.

٩-مفتش عموم حکومت کردستان: میر لیوا صدیق قادری پاشا[١٣].

شێخ مەحموود لەمانگی ١٩٢٢/١١ دا خۆی وەکو مەلیکی کوردستان راگەیاند. حکومەتی دووەمی شێخ مەحموود پوولی پۆستەی چاپ کرد، باجی کۆکردەوە، پارەی چاپ کرد، زمانی کوردی کرد بەزمانی رەسمیو زمانحاڵی حکومەتەکەش" رۆژی کوردستان" بوو، کەهەر لەیەکەم ژمارەیەوە لە ١٩٢٢/١١/١٥ەوە، بەمەبەستی حکومەتەکەی وا راگەیاند کەبەرگریی لەنیشتمانو ڕێزگرتنی

پەیوەندیی دۆستانەو برایانەیە لەگەڵ هاوسێکانیدا. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، بیروڕای وایە کەبەرێوەبەرایەتی‌یەکەی شێخ مەحموود بەری خەباتی گەل بووەو هەر مەبەستی تاکە کەسێك نەبووە[١٤].

حکومەتی شێخ مەحموود لەلایەن بەریتانیا، عیراق‌و تورکیاوە دانی پێدانراوە. بەریتانیا بەرەسمی‌و بەنوێنەری تایبەت سەرپەرشتی راگەیاندنی حوکمدارێتی شێخ مەحموودی کردوە. هەروەها مەلیکی بەریتانیاش لە ١٩٢٢/١٢/٣ دا وەکو دان پێدانانێك بەحکومەتی شێخ مەحموودا بروسکەی پیرۆزبایی ناردوە:

**لەندەن- بەواسیتەی سەفارەتی بەریتانیای گەورە.**

(ئێمە تەبریکی سەعادەت‌و ئیستیقلالیەتی کوردستان ئەکەین. ئومێد ئەکەین دۆستایەتیمان هەر لەزیدەیی بێت)

ئیمزا: مەلیکی بەریتانیای گەورە

جۆرجی پێنجەم

**لەوەڵامی پیرۆزباییەکەی مەلیکی بەریتانیادا، شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانیش بە مجۆرە وەڵامی داوەتەوە:**

(سلێمانی- لەبەرانبەری ئەو لوتفو مەرحەمەتەی کەحکومەتی بەریتانیای گەورە لەگەڵ ئەم میللەتە بچکۆلەی کردووە، عەرزی تشکرات‌و مەمنونیەتی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا ئەکەین. وەئومێدو ئیسترحام ئەکەین کەلەمەولاش لەهەموو خصوصێکەوە بۆ ترەقی تەعالیمی کوردستان هەمراهیی‌و موعاوەنەتمان بفەرمویت.)

مەلیکی کوردستان: مەحموود.[١٥]

حکومـــەتی عـــیراق‌و بـــەریتانیاش لـــە ٢٤/١٢/١٩٢٢ دا بەیاننامەیەکی ڕەسمی‌و هاوبەشیان دەرکرد، کەهەردوولایان دان بەوەدا دەنێن ئەو کوردانەی کە لەسنووری عیراقدا دەژیـن، تـا حکومـەتێکی سـەربەخۆ لەونێوچـانەدا کەزۆربـەیان کـوردن، دابمـەزرێنن. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش کوردەکـان نوێنـەری خۆیـان بنێرنـە بەغـدا[١٦] . ئـەم بەیاننامەیە ئەگەرچـی دان پێـدانانێکی هاوبـەش‌و ڕەسمی‌یـە، بـەلاّم هەوڵدانە بۆ جێگیرکردنی خواروی کوردستان لەچوارچێوەی عیراقـدا، چونکە حکومەتەکەی شێخ مەحموود، وەکـو حکومـەتێکی سـەربەخۆ ڕەفتاری دەکردو تاکو ئەوکاتەش باشـووری کوردسـتان نەلکێنـدرابوو بەعیراقـەوە. پێشـتر لـە٢٩/١٢/١٩٢٠ دا لەیاسـای ئینتیـدابی ( ماندێت Mandate) ، بەریتانیادا لەسەر عیراق لەبەنـدی شـازدەهەمدا باس لەمافی کورد کرابوو کەرێگەی ئەوە لەدەوڵەتی خاوەن ئینتیـداب ناگیرێت ئەگەر بەچاکی بزانێت، ڕژێمێکی ئیداری‌ی سەربەخۆ لەنێوچە کوردییەکاندا دابمەزرێت[١٧] .

لەبەشـی سـێیەمی یادداشـتەکانی ڕەفیـق حیلمـی‌دا باسـی دروستکردنی موختاریەتی کوردو بەستنی پەیمانێك کراوە لەداهاتوودا ئەنجام بدرێن، لەنێوان حکومەتی شێخ مەحموودو دەوڵـەتی تورکیـادا، بـەلاّم هـیچ ئـەنجامێك یـادەقێکی نوسـراو بلاّونەکراوەتـەوە[١٨]. لەسەرچـاوەی‌یەکی رووسـیدا (کـەزۆر سـەرنج راکێشـە) سـێ بەنـدی ڕێکەوتننامەیەك بلاّوکراوەتـەوە لـەنێوان شـێخ مـەحموودی حەفیـدو دەوڵـەتی تورکیـای کـەمالی‌دا. دیـارە کەمالیسـتەکان بەمەبەسـتی راکێشـانی کـورد بـەلای خۆیانـدا، (بـەگوێرەی ئـەو سەرچـاوەیە)، ڕێکەتننامەیەکیان گرێداوە لەنێوان خۆیان‌و شێخ مەحموودا. بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە:

"**بەندی یەکەم:** حکومەتی تورکیا بەڵێنی داوە بەسەربەخۆیی خوارووی کوردستانو زامنیشی کردوە کەدەست نەخاتە کاروباری ناوخۆیەوە.

**بەندی دووەم:** دان بەشێخ مەحموودا دەنرێت وەکو سەرداری کوردستان لەسلێمانی، کەئەنجومەنێکی لیَ پێکهێنراوە.

**بەندی پێنجەم:** هێزە چەکدارەکانی باشووری کوردستان، لەحاڵەتی شەڕدا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بەکار دەهێنرێن"[19].

هیچ سەرچاوەیەکی ترمان دەست نەکەوت کەدەقی ئەو رێکەوتننامەیەی تێدا بێ، یا باسی کرابێت. جا ئەگەر ئەو رێکەوتننامەیە نوسراو بێت یا سەرزارەکی، ئێمە نامانەوێت لەلایەنی سیاسیو جۆری پێوەندییەکە بدوێین کەهێزی چەکداری حکومەتی شێخ مەحموود لەکاتی شەڕو پێویستدا لەلایەن تورکیاوە بەکاربهێنرێت. بەلاَم لەڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتانەوە، بەستنی رێکەوتننامەیەك یا پەیماننامەیەك، بەڵگەی یاسایی دان پێدانانێکی دیفاکتۆیە (defacto). کەواتە حکومەتی شێخ مەحموود لەلایەن تورکیاوە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ رەفتاری لەگەڵ کراوە، ئەمەیش وەکو دەوڵەتێکی بەشدار لەیاسای نێودەوڵەتاندا حکومەتەکە دیاری دەکات. دیارە ئەو جۆرە پەیوەندییەی حکومەتی شێخ مەحموود بۆ ئەو سەردەمە زیاتر لەدژی ئینگلیزەکان بەکار دەهێنرا لەڕووی ئامانجی سیاسی تورکیاوە.

حکومەتی بەریتانیا، هەمو هەوڵێکی دەدا چالاکی حکومەتەکەی شێخ مەحموود کەم بکاتەوەو سنووری دەسەلاَتی مەودای کورت بێتو وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێ نەگرێت تا باشووری کوردستان بەعیراقەوە بلکێندرێت. هەر بۆیەش لەگەڵ عیراقدا بەیاننامەی

هاوبەشـــیان لـــەکۆتایی ســـاڵی ١٩٢٢ دا بڵاوکـــردەوە، کـــەدان بەحکومەتێکی کوردیدا دەنێن لەچوارچێوەی عیراقدا. نـاکۆکی نێـوان شێخ مەحموودو ئینگلیزەکان گەیشتە ئـەوەی کـەهێزەکانی بـەریتانیا شاری سلێمانی بۆمباباران بکەن. شـێخ مـەحموود نامـەو بانگـەوازی ئاراستەی سەفارەتخانەی ولاتان کرد لەتاران. لەنامەی شێخ مـەحموودا هاتووە" هەر لەکاتی شەڕی جیهانیەوە، ئێمـەی دانیشـتووی باشـوری کوردستان، بەردەوام داوامان لـەئینگلیزەکان کـردوە کـەدان بـەمافی نەتەوایەتیماندا بنـێن. هێزەکـانی ئینگلیـز نیشـتمانەکەمان وێـران دەکەنو خەڵکی دەکوژن. ئینگلیزەکان رێگەمان نادەن نارەزاییو داوای خۆمان بەرزکەینەوە. دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بەزەبری هێـزی سـوپایی خۆیان، هەمو توانایەك بەکار دێنن تاکو باشووری کوردستان بلکێـنن بەعەرەبستانەوە"[٢٠] .

مەبەستیش لەعەرەبستان لێرەدا، عیراقە.

حکومەتی شێخ مەحموود وەکـو دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ کاروبـاری خۆی هەڵدەسووڕاند، چونکە: یەکەم: بـەریتانیا هـەر لەسـەرەتاوە بـە نوێنـــەری رەسمـــی خـــۆی رایگەیانـــدو پەیوەندییـــەکانی لەگـــەڵ حکومەتەکەدا بەدان پێدانان دادەنرێن، دووەم: بەیاننامـەی هاوبەشـی عێراقو بەریتانیا دان پێدانانێکی رەسمی‌یە بەحکومـەتێکی کوردیـدا لەچوارچێوەی عیراقدا، لەوسەردەمەشدا هەر ئـەو حکومەتـە هـەبووە کەعیراقو بـەریتانیا ویسـتوویانە سـنوورەکانی بدەنـە پـاڵ عـیراق، سێیەم: پەیوەندیی لەگەڵ تورکیادا وەکو حکومەتێکی سەربەخۆ بووە. چوارەم: کورد، وەکو گەلێکی سەربەخۆ مافی رەوای خـۆی بـوو هـەوڵ بدات تاکو دەوڵەتی سـەربەخۆی هـەبێت، تـاکو ئەوکاتـەش، هێشـتا باشووری کوردستان بەرەسمی بەعیراقەوە نەلکێندرابوو.

هەر لەبەر ئەم هۆیانە باوەڕمان وایە، کەشەڕی نێوان حکومەتی شێخ مەحموودی حەفیدو هێزەکانی حکومەتی بەریتانیا وەکو شەڕی نێوان دوو دەوڵەت دیاری دەکرێت. ئێمە پشتگیریی ئەو ڕایەی د. محەمەد هەمەوەندی دەکەین، کەپێی وایە ئەو شەڕانە وەکو شەڕی نیوان دەوڵەتان سەیردەکرێن‌و نیشانەو دیاردەکانی شەڕێکی ناڕەوایەو مەرجەکانی شەڕی نێوان دەوڵەتانی تێدایە وەکو بەیاننامەو شەڕ ڕاگەیاندن‌و پێوانەی مادی‌و مەعنەوی[21]. بەبڕوای ئێمەش ئەو شەڕە لەلای حکومەتی شێخ مەحموودەوە ڕەوایە، چونکە ناچار بووە لەسەر خاکی گەلی خۆی داکۆکی لەنیشتمان‌و مافەکانی بکات، بەلاَم لەلای حکومەتی بەریتانیاوە شەڕێکی ناڕەوایە، چونکە سەپاندوێتی بەسەر گەلی کورداو ویستویەتی ژێر دەستی بکات تا بەشێکی نیشتمانەکەی بەعیراقەوە بلکێنێت، هەر وەکو ئەنجامی دا.

بناغەی یاسایی نێونەتەوەییش بۆ ئەوەی کەئەو شەڕە بەشەڕی نێوان دوو دەوڵەت پێناسە بکەین، ئەوەیە کە:

١-بەریتانیا لە ١٩١٩/٥/٢٨دا بەڕەسمی شەڕی ڕاگەیاندوە لەدژی حکومەتی شێخ مەحمود[22].

٢- بەریتانیا لە ١٩٢٣/٢/٢٤دا بەڕەسمی بەیاننامەی بلاَوکردۆتەوە کەوەکو بەڵگەنامەی شەڕ ڕاگەیاندن دادەنرێت.

٣-سوپای بەریتانی بەگوێرەی ڕاگەیاندنی ڕەسمی باش قوماندانی هێزی هەوایی بەریتانیا لەعیراق لە ١٩٢٣/٣/٢٨دا بڕیاری هێرشی سەربازیی داوە[23].

٤-ڕاگەیاندنی حکومەتی شێخ مەحموود لە ١٩٢٣/٣/٢٨دا بەناوی (باش قوماندان‌و ملك کوردستان/ محمود)ەوە کەپێ لەسەر

ئەوە دادەگرێت، شەڕ لەگـەڵ کەسـدا ناکـات، بـەڵام بـۆ مـافی ڕەوای میللەت دەست درێژیی کەسیش بەڕەوا نابینێت[٢٤].

ئیتر لەئەنجامی شەڕو هێرشی بەریتانیو لەشکری عیراقەوە، شـاری سلێمانی لە ١٩/٧/١٩٢٤ دا داگیرکراو خرایە پاڵ عیراق[٢٥].

بەجۆرە قۆناغێکی گرنگ لەمێژووی حکومـەتی کـوردی کۆتـایی هات. ئەگەرچـی چـەند سـاڵێك دواتـریش خـەباتی شـێخ مـەحموودو نیشتمان پەروەرانی باشـووری کوردسـتان هـەر بـەردەوام بـوو، بـەڵام جارێکیتر ئەو حکومەتەی شێخ مەحموود پێك نەهاتەوەو گەلی کـورد نـەیتوانی ئۆرگانێـك یـا بەڕێوەبەرایەتییـەك دروسـت بکـات بـۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیـانی خـۆی. ئەمـە وەکـو قۆنـاغی یەکـەمی پێکهێنانی حکومەتی کورد بۆ دیـاریکردنی چـارەنووسو پاشـەڕۆژی خۆی، کەسەرجەم کاروپەیوەندییەکانی ئەو حکومەتە وەکـو قۆناغێـك لەبەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتـەوەیی دیـاری دەکرێـت، چونکە لەناوچەیەکی نیشتمانداو دوور لەدەسەڵاتی بێگانە گەلی کورد ویستویەتی دەزگایـەکی سیاسـیو بـەڕێوەبردنی هـەبێتو پەیوەنـدی بەوڵاتانەوە بکات.

**قۆناغی دووەمی** دامـەزرانـدنی ئۆرگانێـك کـە لەمێـژووی گـەلی کوردا وەکو هەنگاوێکی گـرنگ دیـارەو دەتـوانین ئـەوە بڵـێین کەئـەو ماوەیـە ئەگەرچـی ماوەیـەکی کـەم بـوو، بـەڵام وەکـو قۆناغێـك لەبەرجەسـتەکردنی کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی گـەلی کـوردا جێگەی خۆی گرتووە، ئەگەرچی ئەو پەیوەندییـەی بـەدەرەوەی وڵاتـەوە هەیبوو کەمو دیاریکراوبوو، بەڵام لەرووە قانونیەکەوە دەتوانرێت وەکـو سەردەمێکی دیاریکردنی چارەنووس پێناسـەبکرێت. ئـەوەش قۆنـاغی دووەمی خـەباتی رزگـاریی نەتەوایـەتی گـەلی کـوردە لـەپێکهێنانی حکومـەتێکی کوردیـدا کەدامـەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان بـوو

لــــەمهاباد لەســـالّی ١٩٤٦دا. کۆمـــاری کوردســـتان حکومـــەتی بــەدیهێنانی مــافی چارەنووســی گــەلی کــورد بــوو لەخۆرهــەلاّتی کوردستاندا. خالێکی گرنگ لەژیانی ئەو کۆمارەدا، پێوەنـدیی دەرەوە بوو. ئێمە مەبەستمان نیە لەنیازو سیاسەتی ئەو سەردەمەی یـەکێتی سۆڤیەت بدوێین بەرانبەر بەو کۆمارە، بەلاّم ئەوەی بەلامانەوە گرنگـەو دەبیّ بیلێین، لەمەسەلەی پشتگیریی پەیدا کردندا، هەموو گەلێك ئەو مافەی هەیە هــەولّ بــدات یارمــەتیی‌و پشــتگیریی نێونەتــەوەیی بــۆ پێشکەوتنی خۆی بەدەست بێنیّ، جا جــۆری ئــەو پێوەندییــە لــەبواری دیبلۆماسی‌و یاساییدا، چۆنیەتی دان پێــدانان دیــاریی دەکــات. ئــەو پێوەندییە لەو ڕۆژگارەدا، بۆ گەلێکی چەوســاوەو بــیّ دەرەتــانی وەکــو کورد لەڕووی یاسای نێونەتەوەییەوە، پرۆسەکردنی کەسایەتی یاســایی نێونەتەوەییــە، ئەگەرچــی ئــەو کۆمــارە لــەناوخۆی ئێرانــدا وەکــو کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی‌دار پێوەندیی لەگەلّ حکومەتی تارانــدا دەکــرد، بــەلاّم لــەکردەوەدا وەکــو دەولّــەتێکی ســەربەخۆ لەپێوەنــدیی دەرەوەدا ڕەفتاری دەکرد.

کۆماری کوردســتان لــە ١٩٤٦/١/٢٢، لەبــەردەم جــەماوەرێکی زۆری خەلّکی ناوچەکانی کوردستان، لەشاری مهاباد ڕاگەیاندرا. قازی محەمەد لەڕاگەیانـدنی کۆمــاردا ووتــی: " کــورد گەلێکــە زاتیــەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەرزی تایبەتی خۆی هەیە وەکــو هــەموو گــەلان مــافی بڕیاردانی چارەنووسی خــۆی هەیــە، کــورد لەنوســتنێکی دوورو درێژ ڕاپەڕیوەو دۆستی بەهێزیشی هەیە" ئینجا بلاّوی کردەوە کــەئیتر ولاّتی ســابلاّغ لەحکومــەتی تــاران جیــابووەوە لەئێســتا بــەدواوە رای دەگەیەنێت کەسەربەخۆیە[٢٦]. لەڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا ئەم داوایانە لەکۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات کراوە:

١-سەربەخۆیی ئەو جێگایانەی کەکوردی تێدا دەژین.
٢- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورا.
٣- حکومەتی میللی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیرانو ئیدارەکانی پێك بهێنرێن.
٤-هێزی چەکدار پێك بهێنرێت.
٥-پێوەندیی بازرگانیو ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی هاوسێدا دابمەزرێت.
٦-هاوکاریو دۆستایەتی لەگەڵ برا ئازەربایجانیەکاندا هەبێت[27].

پاشتر لە ١٩٤٦/٢/١١دا ئەنجومەنی وەزیران لەسەرۆكو (١٣) وەزارەت پێکهات[28].

قازی محەمەد لەوتارەکەی خۆیدا پێی لەسەر ئەوەداگرت کەکوردستان لەڕووی جوگرافیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو کوردی تێدا جێگیرەو هیچ میللەتێکی تر لەگەڵ سنووری خۆیدا جیای ناکاتەوە، کورد تایبەتمەندیی نەتەوەیی مێژوویەکی دێرینی هەیە، کولتوورو دابو نەریتی نەتەوەیی خۆی هەیەو رۆژگار نەیتوانیوە بیفەوتێنێت[29].

قازی محەمەد کرا بەسەرۆکی کۆمارو رێبەرانی تری حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەکو سەرۆکایەتی حکومەت ئیشو کاریان بەسەردا دابەشکرا. ئەگەرچی پەرلەمان پێك نەهێنرابوو بەلاّم بڕیارەکان بەناوی سەرۆکی کۆمارەوە دەردەچوون[30].

ئەو حکومەتە کوردیە بەناوی( کۆماری کوردستان) راگەیاندرا، بەلاّم حکومەتی ئێران شاهنشاهی بوو، لەبەر ئەوە ناتوانین لەڕووی قانوونیەوە سستمی کۆماری جێگەبکەینەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا کەسستمەکەی ئیمپراتۆری شاهنشاهی بێت.

قسەکانی قازی محەمەد، جەخت کردنە لەسەر ئەوەی کورد وەکو گەلێکی سەربەخۆی خاوەن زەوی‌و تایبەتمەندیی، مافی خۆیەتی بەخواستی خۆی چارەنووسی دیاری بکاو لەژێر دەستەیی‌و چەوساندنەوە رزگاری بێت. پێوەندیی نێوان کۆماری کوردستان‌و کۆماری ئازربێجانی ئێران لەئەنجامدا دوو رێکەوتننامەی لێ وەبەرهەم هات. لە ٢٣/٤/١٩٤٦دا رێکەوتننامەیەکی هاوبەشی هەردوولا مۆرکرا. لە ١٦/١٠/١٩٤٦یشدا پەیمانی سەربازی نێوان هەردوو کۆمار مۆرکرا[٣١]. مۆرکردنی ئەو دوو رێکەوتننامەیەو پێوەندیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، رەنگدانەوەی هەڵوێستی حیزبی دیموکرات بوو لەبەرێوەبردنی کاروباری کۆماردا. هەروەکو لەفەسڵی سێیەمی مەرامنامەی حیزبی دیموکراتدا ئەوە دیاریی کراوە: ((حکومەتی میللی بە لەبەرچاوگرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندی فەرهەنگی‌و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی تر، لەپلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکێتی سۆڤێتی، دائەمەزرێنێ. - خاڵی ١٦-))،(( حکومەتی ناوچەیی کوردستان لەهەموو کۆنفرانسە جیهانییەکاندا کەبۆ ژیانی مرۆڤایەتی ئەبەسترێن، بەپێی ژمارەی خۆی داوای بەشدار بوون ئەکات. — خاڵی ١٧-))،

(( حکومەتی خودموختاری کوردستان ئەبێ دەسەڵاتی هەبێ کەئیمتیازی دەرهێنانی کانە دەرهێنراوو دەرنەهێنراوەکانی کوردستان بدات بەهەرکەسێ کەبیەوێ- خاڵی ١٨)) [٣٢].

ئەم سێ خاڵەی مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی- ئێران، پێ لەسەر سەربەخۆیی کۆمارەکە دادەگرێ. پێوەندیی لەگەڵ وڵاتاندا، بەشداری کردن لەکۆنفرانسە جیهانییەکانداو دەسەڵات‌و سەربەخۆیی ئابووری ئەم خاڵانە پێچەوانەی فەسڵی دووەمی

مەرامنامەکەیە کەئامانجی پاراستنی مافەکانە لەچوارچێوەی ئێراندا. لەڕاستیدا ئەم سێ خاڵە لەیاسای تازەی نێونەتەوەییدا بناغەن بۆ پرۆسەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی تاکو مافی دیاریکردنی چارەنووس جێبەجێ بکرێ. هەر بۆیەش ئێمە پێمان وایە مەسەلەی پرۆسەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی دەبێتە زامنی جێبەجێ کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئیتر لەو پێوەندییە یاساییە — دیبلۆماسیەدا ئەو کەسایەتی‌یە رەنگ دەداتەوەو گەل لەڕێگەی ئۆرگانی بەڕێوەبردنەوە دەتوانێ زەمینەی مانەوەو پاراستن‌و پێشکەوتنی خۆی بپارێزێ.

کۆماری کوردستان چەند هەنگاوێکی گرنگی نا کە لەکردەوەدا نیشانەی سەربەخۆیی بوون:

١-ئالای ئێران داگیراو ئالای کوردستان هەڵکرا.

٢-زمانی کوردی بووە زمانی رەسمی حکومەت.

٣-سنوور بۆ بەشەکانی تری کوردستان کرایەوە، بەتایبەتی لەخوارووی کوردستانەوە ئەفسەران‌و هێزی چەکدار بەڕابەرایەتی خوالێ خۆشبوو مستەفا بارزانی دەورێکی دیاریان لەکاروباری پێشمەرگایەتی کۆمارەکەدا بینی‌و نیشانەی هاوکاری رۆژهەلات‌و باشووری کوردستان بوون.

٤-پێوەندیی لەگەڵ دەرەوەی کۆمارەکەدا:

بەتایبەتی لەرووی سیاسی‌و ئابوورییەوە، کەگرنگی‌یەکی زۆری هەبوو بۆ بوژاندنەوەی ژیانی ئابووری کۆمار. لەماوەی(١١) مانگ حوکمڕانی‌کردنی کۆماری کوردستاندا تووتنێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان فرۆشرانە یەکێتی سۆڤیەت‌و کەرەستەو پێویستی پێ کڕدرا.

٥-لەڕووی ئاسایشەوە: کۆمار سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنابوو کە لەماوەی حوکمڕانیدا بەقسەی د. قاسملۆ تەنیا یەك کەس کوژراوە، لەکاتێکدا هەزاران کەس چەکدار بوونە.

٦-گەلی کورد لەوبەشەی کوردستاندا بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانی بەسەرەوە نەما، خۆی دەسەڵاتی گرتە دەست[٣٣].

کۆماری کوردستان، بەکردەوە سەربەخۆبوو، ئەو هەنگاوانەیشی کەهاوێشتنی نیشانەی سەربەخۆیی کۆمارەکە بوون، بەتایبەتی وەکو کۆمارێکی نەتەوەیی کورد لەدیاریکردنی چارەنووسدا دیاری دەکرێت. کۆمەڵێك فاکتەری ناوەکیو دەرەکی بوونە هۆی کەوتنی کۆمارەکە، کەبەتایبەتی کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتو ڕێکەوتنی لەگەڵ ئێراندا.

پێش ئەوەی بێینە سەر قۆناغی سێیەمی خەباتی گەلی کورد لەپێکهێنانی حکومەتی کوردیدا، پێویستە ئاوڕ لەڕووداوێکی مێژوویی بدەینەوە لەباشووری کوردستاندا، ئەویش بەیاننامەی ١١/ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠یە.

دەڵێین بەیاننامەو ناڵێین ڕێکەوتننامە یا پەیماننامە، چونکە هیچ دەقێکی نوسراومان لەبەردەستدا نیە کەبەناوی ڕێکەوتننامەوە بە ئیمزاو مۆری دوولایەنەوە بڵاوکرابێتەوە. بەیاننامە ئەگەر دوولایەن ئیمزایان لەسەر کردبوو، ئەوا دەبێتە ڕێکەوتننامەو نیشانەی دان پێدانانە بەیەکتریدا، بەڵام ئەگەر یەك لایەن بڵاوی کردەوە، ئەوا ئەو لایەنە بۆ خۆی حوکم بەچۆنیەتی جێبەجێ کردنیشی دەکات. ڕاگەیاندنەکە خۆی بەناوی بەیانەوە بڵاوکراوەتەوە، لەخاڵی چواردەهەمدا، خۆی ئەوە دیاری دەکات کەئەو ڕاگەیاندنە بەیاننامەیە، وەکو دەڵێت: (( اتخاذ الاجراءات اللازمة بعد اعلان البيان بالتشاور مع اللجنة المشرفة العليا...))

لەڕاستیدا بەیاننامەی ١١/ی ئازار وەرچەرخانە لەسیاسەتی حکومەتی عیراقدا بەرامبەر بەمەسەلەی کورد، هەروەکو لەبەیاننامەکەشدا بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆنگرەی هەرێمایەتی حەوتەمی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دان بەبوونی شەرعی نەتەوەیی کورد لەعیراقدا دەنرێت‌و بڕیار دراوەو لەدەستووری کاتی عیراقیشدا جێگیرکراوە کەگەلی عیراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب‌و کورد پێك دێت‌و مافەنەتەوەییەکانی گەلی کوردو کەمینەکان لەچوارچێوەی یەکێتی عیراقدا دانی پێدا دەنرێت[٣٤] .

ئەم وەرچەرخانە لەسیاسەتی حکومەتی عیراقدا، لەئەنجامی خەباتی بەردەوام‌و خوێناوی گەلی کوردەوە روویداوە، کورد لەڕووی نەتەوەییەوە دیارە کەنیشتمانی خۆی هەیەو تایبەتمەندیی وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکە، جیاوازی هەیە لەڕووی زمان، مێژوو، کولتووررو کۆمەلآیەتیەوە. بۆیە ئەو دان پێدانانەی یانزەی ئازار بەشێوەی ئۆتۆنومی ناوخۆ کەمترین‌و سەرەتاترین مافە بەرانبەر ئەو خەباتە دوورو درێژەی کەگەلی کورد کردویەتی.

دیاریکردنی مافی نەتەوەیی بەشێوەی ئۆتۆنۆمی پەیوەندیی بەدیموکراتیەتەوە هەیە لەناوخۆی هەر ولآتێکدا کەبڕیاری لەسەر بدرێت، بۆیە لەسایەی ڕژێمی دیکتاتۆریدا مەحالە دابین کردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی ژێر دەست جێبەجێ بکرێت بەو ئەندازەی کەخواستی میللەتی دان پێدانراو جێبەجێ بکات. بۆیە بەیاننامەی ١١/ی ئازار لەئەنجامی پرۆسەیەکی دیموکراتیانەوە نەهاتۆتە دی. بەڵکو لەئەنجامی سەرنەکەوتن‌و تێکشکانی توانای سەربازیی‌و ئالۆزبوونی باری ئابووری عیراقەوە لەلایەك‌و ناچار بوونی رژێم لەبەر فشاری دەرەکی، حکومەتی عیراق ناچار بووە گۆڕانێك لەسیاسەتی

خۆیدا بکات، وەکو تاکتیك بۆ زاڵبوون بەسەر بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی گەلی کورددا. ئەگەر هێرشەکانی سوپای عیراق لەپێش یانزەی ئازاردا سەریان بگرتایەو رژێم بیتوانیایە بەسەر هێزی پێشمەرگەدا زاڵ بێت، ئەوا هیچ قسەیەك لەئۆتۆنۆمی نەدەکرا. ئەگەرچی ئەو بەیاننامەیە لەئەنجامی گفتوگۆی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانو حکومەتی عیراقەوە دروست بووە، بەلاّم راگەیاندنەکەی بەناوی یەك لایەنەوەکە (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش) بوو لەعیراقدا، ئەگەر وەکو تاکتیکی رژێمیش سەیر بکرێت، ئەوا هەر وەکو رووداوێکی دیارو مێژوویی لەمێژووی گەلی عیراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی سەیر دەکرێت، بەلاّم ئەندازەی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بەبەیاننامەیەکی لەو جۆرە کەگەلی کورد خۆی رێگە نەدرێت رۆڵی هەبێ لەجێبەجێکردنەکەیدا، نیشانەی پرسیارەو گومان لەسەر راستگۆیی حکومەتی عیراق پەیدا دەکات! هەر لەدوای بەیاننامەی ئازارەوە یەکێك لەئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعس لەعیراقدا، رایگەیاند کەدەتوانن بەهۆی بەیاننامەی یانزەی ئازارەوە(خوالێخۆشبوو) مستەفا بارزانی لەهێزەکانی دابڕن. پارێزگاری کەرکووکیش لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنووسێکی میسری، دەربارەی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکوردیەکان، رایگەیاند کەعیراق هەوڵ دەدات پێکهاتەی دیموگرافی راستەقینەی ناوچەکوردیەکان بگۆڕێت کە بەهۆی سەرژمێری دانیشتووانەوە ئەنجام دەدرێت[٣٥]. جا بۆیە مەبەستی رژێم لەبەیاننامەی ئازاردا شاراوەیە کەناوچەی ئۆتۆنۆمی دیار نەکردوەو هەر ئەوە وتراوە کەسەرژمێری دانیشتوان دەکرێتو ژمارەی زۆربەی دانیشتوانی کورد رەچاو دەکرێت بۆ

دیاریکردنی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی. دیارە مەبەستێکی گرنگیش لێرەدا هەیە کەئەو ناوچانەی بەلای حکومەتەوە زۆر گرنگی ئابووریو ستراتیجیان هەیە نەخرێنە سەر ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیەوە، کەبەتایبەت کەرکووكو ناوچە ئابووریە دەوڵەمەندەکانیتر مەبەست بوونە. جا سیاسەتی تەعریب کردنی کوردستان بەتایبەتی لەناوچەو شارە ستراتیژییەکاندا زەقو دیارە، کەرژێم بەتەواویی هەوڵی داوە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لەکەرکووكو دابڕینی گەلێك ناوچەی دەوروبەری ئەو شارەو ئەو سیاسەتەشی جێبەجێ کردوە[٣٦].

یەکێك لەو هەوڵە نیاز خراپانەی رژێم بۆ تێکدانی دۆخی ئاسایی دوای بەیاننامەی یانزەی ئازار پیلانی کوشتنی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (خوالێخۆشبوو) مستەفا بارزانی بوو، کەرژێم لە ٢٩/٩/١٩٧١ دا بەهۆی کۆمەڵێك پیاوی ئاینییەوە پیلانێکی رێکخست بۆ کوشتنی رێزدار مستەفا بارزانی لەحاجی ئۆمەران، پیلانەکە ئەنجامدراو هەموو ئەوانەی بەشداربوون تییدا بەبۆمبی تەوقیت کراو تەقینەوەو بارزانی بەرنەکەوت[٣٧].

هەر بەماوەیەکی کەم لەدوای بەیاننامەی یانزەی ئازارەوە ناکۆکی نێوان حکومەتی عیراقو پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێ کردو بەردەوامیش لەزیاد بووندا بوو، لەلایەکەوە رژێمی عیراق سیاسەتی توندو پڕوپاگەندەی خراپی لەدژی پارتی بلاّودەکردەوەو سیاسەتێکی نارەوای بەرانبەر بەگەلی کورد پیادە دەکرد، وەکو گرتن، کوشتن، پڕوپاگەندە لەبواری سیاسی- سەربازیو راگەیاندندا، راگواستنی کوردو سیاسەتی تەعریبو تەبعیس.

لەلایەکی تریشەوە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر بەرەو ئێرانو ئەمەریکا دەچوو. کەئەو سەردەمە یەکێتی

سـۆڤیەت پشـتگیریی حکومـەتی عیراقـی دەکـرد. ئەمـەش زیـاتر کێشەکەی ئاڵۆز دەکرد، تا ئەنجام گەیشتەوە شەڕو لـەئازاری ١٩٧٤دا شەڕ دەستی پێکردەوەو کوردستان کەوتەوە بەر شالاْوی سوپای عـیراق‌و بۆمباباران کردن. سیاسەت‌و شەڕی حکومەتی عیراق وەکو لەپاشـتردا زیاتر هێڵەکانی روون بۆوە، وەکو سیاسەتی جینۆساید پێناسە دەکرێت. ئـیتر باسـکردنی دابـین کردنـی مافـەکانی گـەلی کـورد بـەگوێرەی ئۆتۆنۆمی حکومەتی عیراق چووە ئاست‌و پلەیەکی دیکەوە، کـەنابێت باس لەمافی دیاریکردنی چارەنووسی تێدا بکرێت. نووسەری فەرەنسی کریس کۆچیرا بیروڕای وایە کەبەگوێرەی سیاسەتی حکومـەتی عـیراق، ئەو ئۆتۆنۆمیە دانـی نـەدەنا بەکەسـایەتی کـوردی عیراقـدا، بـەڵکو تاکتیکێك بوو بۆ هەڵفریواندنی کوردەکان[٣٨] بـەبیروڕای ئێمـەش، بـەو شـێوازی دان پێـدانان‌و سیاسـەتەی حکومـەتی عـیراق، سسـتمی ئۆتۆنـۆمی ناتوانێـت ڕێگـە بەگـەلی کـورد بـدات بـۆ دیـاریکردنی چارەنووسی، ئەگەرچی ئەو بەیاننامەیە بلاْوکرابۆوە، بەلاْم لەڕاستیدا:

١-هیچ ڕێکەوتننامەیەك لەئارادا نەبوو کەپشـت بەپرنسـیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی ببەستێ لەبارەی مافی مرۆڤو مافی گەلانەوە، بـۆ دیاریکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، چونکە ئەوە پابەندێتی دەخاتە ئەستۆی حکومەتی عیراق.

٢-لەبەیاننامەکەدا دان بـەوەدا نـەنرابوو کەبزوتنـەوەی رزگـاریی نەتەوەیی کورد نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکات لەعیراقدا.

٣-سنوورەکانی ناوچەو دەڤەرەکانی ئۆتۆنۆمی دیـاری نـەکرابوون. مەسەلەی زۆرایەتی کورد لەناوچەکاندا بەگوێرەی سـەرژمێری رەسمـی وەکو پاشتر دەرکەوت، سیاسەتێك بـوو رژێـم بـەکاری هێنـاو گـەلێك

ناوچەی لەکوردستان دابڕی‌و نەیخستە سنووری ئەو ئۆتۆنۆمییەوە کەیەك لایەنە لە ١٩٧٤دا ڕاگەیاندرا.

٤- دەبوایە لەماوەی چوار ساڵی نێوان ١٩٧٠و ١٩٧٤دا گیروگرفتەکان چارەسەر بکرانایە، بەتایبەتی بەگوێرەی سەرژمێری دانیشتوان ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی دیاری بکرێت، بەلاّم لەڕاستیدا هەر دەساڵ جارێك سەرژمێری دانیشتوانی عیراق دەکرێت!

٥- بەگوێرەی خاڵی (١٤)ی بەیاننامەکە بەکارهێنانی سامانی سروشتی بەدەستی دەسەلاّتدارانی کۆماری عیراقەوە دەبێت. کەئەمەش دەسەلاّتی ئابووری گەلی کورد نادات‌و هیچ ڕۆڵێکی نابێت لەنەخشەی ئابووری نە خۆی‌و نە عیراقدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەڕۆڵی نەبێت لەنەخشەی سیاسی‌و یاسایی ناوخۆی نە کوردستان‌و نە سەرجەمی عیراق. دەسەلاّتی ئابوری لەیاسای تازەی نێونەتەوەییدا وەکو پێگەیەکی دیارو گرنگ بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووس دیاریکراوە.

سستمی ئۆتۆنۆمی ناوخۆ وەکو لەعیراقدا ڕاگەیاندرا، نەیتوانی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد بکات، لەتاقیکردنەوەکانی دونیادا زۆر زەحمەتە دان بەوەدا بنرێت کە لەناوخۆی ولاّتێکدا سستمی ئۆتۆنۆمی سەرکەوتن وەدی بێنێت ئەگەر پەیوەند نەبێت بەیاسای نێودەوڵەتانەوە ئەمەش شکستێکی گەورەی بزوتنەوەی کوردە کەهەتاکو ئێستا لەو لایەنەوە دەسکورت‌و بێ نەخشەیە. سستمی ئۆتۆنۆمی لەیاسای نێو دەوڵەتاندا گەلێك بیروڕای لەسەرە کەبەهۆی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمەوە سەری هەڵداوە. د. محەمەد هەمەوەندی لەوبارەیەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە، ئەو سستمە لەسەردەم‌و لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە لەساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ دا لەڕاستیدا ولاّتانی کۆلۆنیالی وەکو ئامرازێك بەکاریان هێنا بۆ دیاریکردن‌و

ڕێکخستنی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو هەرێمانــەی کرانــە کۆلــۆنی، هەربۆیــەش چ لەســەردەمی کۆمەڵــەی گــەلان( عصــبة الامــم) و چ لەسەردەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئۆتۆنۆمی لەسیاسەتی کۆڵۆنیالیانە دانەبڕاوە، شێوەی حوکمڕانی کردنی ناوچەی ئۆتۆنــۆمیش لەبەرژەوەندی ئەوگەلانەدا نیە کەبۆیان دیاری دەکرێت[39] .

بەلاّم سستمی ئۆتۆنۆمی لەیاسای ناوخۆی ولاّتدا، بەشێوەیەکی تــر بۆتە کێشەی ئەو ولاّتانەی کە فرە نەتەوەیین. ئەگەرچی ولاّتان هەوڵیان داوە لەدەســتوری خۆیانــدا دان بــەو دۆخــە تازەیــەدا بنــێن‌و لــەڕووی قانوونیەوە ڕەوایی پێ‌بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشــەو ئــاڵۆزی نــاوخۆ، بەلاّم لەپراکتیکــدا نــەتوانراوە ســەرکەوتن بەدەســت بێنێــت‌و دۆخــی سیاسی ولاّتەکە ئارام بکاتەوە. چونکە دەسەلاّتی حکومــەتی ســینتراڵ زاڵە بەسەر نەخشەو سیاسەتی نــاوخۆداو بــەگوێرەی بەرژەوەندیی‌یــەك لایەنە حوکمی پێ دەکات، چارەسەرکردنی کێشەی نەتــەوەیی ولاّتــانی فرەنەتــەوە، پەیوەنــدە بــەدیاریکردنی مــافی چارەنووســەوە، نــەك بەداســەپاندنی دەســەلاّتێکی جیــاواز بەســەر نەتەوەیــەکی تــردا [40] . د.کامەران ساڵەیی-یش لەو بارەیەوە بڕوای وایە کەئۆتۆنۆمی لەیاسای نێونەتەوەییــدا گرێــدراوی ئــەو پرینســیپانەیە کەپەیوەندییــەکی دیالەکتێکی بەسەربەخۆیی نیشتمان‌و ماف‌و دیاریکردنی چارەنووسەوە هەیە کەپشت بەڕێکەوتننامە یا پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەبەستێت. بــەلاّم ئۆتۆنــۆمی نــاوخۆ پشــت بــەقانونی دەســتوری دەبەســتێ بــۆ حوکمڕانی‌و پاراستنی یەکێتی قانوونی‌و سیاسی دەوڵەت. هــەر بۆیــە هەرێمی ئۆتۆنۆم هیچ پلەیەکی قــانوونی جیــاوازی نابێــت لــەناوخۆی دەوڵەتەکەدا، کەئەمەش پێچــەوانەی ئۆتونۆمی‌یەکــە لــەقانونی نێــو دەوڵەتاندا بێت[41]. بەبیروڕای ئێمەش، هەر چارەسەرێکی قانوونی ئەگەر

نەبێتە هۆی پێکهێنانی پلەیەکی قانوونیو کەسایەتیەکی دیـاریکراو لەدابینکردنی مافی تەواوی گەلاندا، ئـەوا ئـەو چارەسـەرە ناتوانێـت بـەردەوام بـێو ئـەنجام دەبێتـە هـۆی دواخسـتنی ئـەو هەرێمـەی کەئۆتۆنۆمی بۆ دیاریکراوە، لەڕووی سیاسیی، ئـابووری، کولتـووریو، قانوونیو کۆمەڵایەتیەوە. ئەمەش ئەنجامی خراپی لەسەر پەیوەنـدی نێوان ئەو گەلەو گەلی دەسەڵاتدار دەبێت.

عیسمەت شەریف وانلی، لەباسکردنی وڵاتی فرەنەتەوەییدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەجێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی زۆر زەحمەتە، تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە تائەندازەیەك کەمو زۆر دیموکراسیان تێدا هەیە[٤٢].

پشتیوان عەلی عەبدولقادر لەنامەی دکتۆراکەیدا پێ لەسەر ئـەوە دادەگرێت، کـەتاقی کردنـەوەی ئۆتۆنـۆمی سـاڵی ١٩٧٤ لەعیراقـدا دەریخست، مافی دیاریکردنی چـارەنووس بەشـێوەی ئۆتۆنـۆمی دابـین ناکرێت، چونکە ئۆتۆنۆمی مافەکانی گەلی کورد بەرتەسك دەکاتەوەو دەبێتە هۆی شـێواندنی مـافی دیـاریکردنی چـارەنووس[٤٣]. بـەمجۆرە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەسستمی ئۆتۆنـۆمی ناتوانێـت چارەسـەری مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بکات، بەتایبەتیش کێشـەی کـورد بەدابەشـکراوی بەسـەر چـەند وڵاتێکـدا هـەر لەئاڵۆزبووندایـە، چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەیە لەهـەر بەشـێکی کوردسـتاندا بێـت، راستەوخۆ کاردەکاتە سەر سیاسەتو رەفتاری ئەو حکومەتانەی دیکە کەدان بەچارەسەری کێشەی کورددا نانێن، بۆیە ئەو کێشەیە هەریـەك لایەنە نیەو پەیوەندە بەیەکترەوە، هـەر وەکـو سیاسـەتمەداری ناسـراوی عەرەب لەعیراقدا، عـەزیز شـەریف پـێی وایـە کەمەسـەلەی کـورد لەعیراقـدا هـەر بەتـەنیا کێشـەی عـیراق نیـە، بـەڵکو بەشـێکە لەسەرجەمی مەسەلەی کورد لەسەرانسەری کوردستاندا[٤٤]. هەر لەبەر

ئەم هۆیە بەردەوام هەموو ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەبنە کۆسپ لەبەردەم هەرپێشکەوتنو سەرکەوتنێکی مەسەلەی کورددا لەهەر جێگەیەکی کوردستان بێت، یا لەئاستی جیهانیدا بێت.

کەواتە، سستمی ئۆتۆنۆمی لەعیراقدا نەیتوانی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بکات، چونکە دەسەلاتی نەتەوەیی کوردی لەسنوورەکەی نیشتمانی خۆیدا لەبەرچاو نەگرتبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەگەلی کورد بەشدار نەبێت لەئۆرگانەکانی دەسەلاتی سیاسی، ئابووریو قانوونی ناوخۆی عیراقدا. تاقیکردنەوەش دەریخست کەرژێمی عیراق فۆرمی ئۆتۆنۆمی لەدژی گەلی کورد خۆی بەکارهێنا، چونکە سیاسەتی رۆژانەی حکومەتو کۆمەڵێك یاساو بڕیارەکانی دەربارەی گەلی کورد لەچوارچێوەی سیاسەتی جینۆسایدا جێگیر دەبن. دیارترین کاری رژێم بۆ ئەو مەبەستە تێکدانی تایبەتمەندیی نەتەوەیی ناوچەکانی کوردستان بوو. هەر بۆیەش ئێمە ئۆرگانی ئۆتۆنۆمی کە بەگوێرەی یاسای ژمارە (٣٣) لە ١١/٣/١٩٧٤دا دامەزرا، وەکو ئۆرگانی بەدیهێنانی مافی چارەنووس سەیر ناکەین، چونکە سستمی ئۆتۆنۆمی ناوخۆ، ناوچەی ئۆتۆنۆمدار بەشدار ناکات لەشێوەی دەسەلاتی ناوخۆو لەپێوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا، کەواتە نابێتە هۆی پرۆسە کردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی.

قۆناغی سێیەمی خەباتی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد پێکهێنانی ئۆرگان (دەزگا)ی بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسای نێونەتەوەییدا، حکومەتی باشووری کوردستانە کە پێی دەوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق. لەدوای شکستی سوپای عیراق لەبەر هێرشی هێزەکانی ولاتانی هاوپەیمان، بۆ دەرکردنی سوپاکە لەکوێتو ئازادکردنی، لەئەنجامی زوڵمو زۆری بەردەوامی حکومەتی

عیراقـەوە لەسـەر سـەرجەمی گـەلی عـیراق بەگشـتیو پیـادەکردنی سیاسەتی جینۆساید لەدژی کورد[٤٥]، راپەرینی شارەکانی عیراق دەستی پێکرد. لەناوچەکانی کوردستاندا سەرجەم دەزگـاو سـوپاکەی عـیراق خۆیان لەبەردەم راپەڕیندا نەگرت، دووبارە سـوپا هێرشـی هێنایـەوەو کۆچو رەوی ملیـۆنی خـەڵکی کوردسـتان دەسـتی پێکـردو سـنووری بەزاندو گەیشتە ناوخاکی تورکیاو ئێران. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتـەوە یەکگرتووەکان بـۆ بـەرگرتنی تاوانـەکانی عـیراق لـە٥/٤/١٩٩١دا بڕیـاری ژمـارە (٦٨٨)ی دەرکـرد. لـەو بڕیارەشـدا ئەنجومـەن چەوساندنەوەی خەڵکی عیراق بەگشـتیو کـورد بەتایبـەتی مـەحکوم دەکات. ئەنجامی ئەو چەوسـاندنەوەیەش بـەگوێرەی بڕیـاری (٦٨٨)((هەڕەشە لەئاشتیو ئاسایشی جیهان دەکـات لەناوچـەکەدا))[٤٦]. ئـیتر بەگوێرەی ئەو بڕیـارەی ئەنجومـەنی ئاسـایش، هـەروەکو پرۆفیسـۆری فەرەنسی خاتوو بریجیت ستێرن ئاماژەی بۆ کردوە، کێشەی کوردسـتان بـووە بەکێشـەیەکی جیهـانیو بـەگوێرەی دەسـتوری رێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەگەر ئاشتی لەناوچەکەدا بشێوێت، ئەوا هێز بەکارهێنان بۆ پاراستنی ئاشتی، رەوایی وەردەگرێت[٤٧].

بەهۆی راپەڕینی جەماوەری کوردستانەوە، حکومەتی عیراق ناچـار بوو لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا دامو دەزگـا رەسمیـەکانی خـۆی بکشێنێتەوە. بۆ یەکەم جاریش لەمێژوودا شاری کـەرکوك بـۆ چـەند رۆژێك ئازاد کرا، بەڵام سوپای عیراق دەسەڵاتی بەسـەرداگرتەوە، لـەو ناوچانەی کەحکومەتی عیراق ناچار بوو چۆڵیان بکـات، گـەلی کـورد هەلێکی مێژوویی بۆ رێکەوت تاکو دەزگایـەکی حکومـەتی کـوردی پێك بێنێ بۆ کاروبـاری خـۆیو دابـین کردنـی مافـە سـەرەکیەکانی. بـەبڕیاری بـەرەی کوردسـتانی عـیراق، کـەپێکهاتبوو لـەهێزەکانی

بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی لەکوردستانی(عیراقدا)، هەڵبژاردن رێکخرا بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردی بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتێك بۆ هەڵسوڕانو رێکخستنی ژیانی گەلی کوردو خەڵکی کوردستان بەگشتی. لەبەر ئەوەی زۆنێکی ئاسایش لەناوچەکانی کوردستاندا لەدوای بڕیاری (٦٨٨)ەوە پێکهاتبوو، چاودێرانی UN و رێکخراوەکانی جیهانیو نوێنەرانی هەندێ پەرلەمانی وڵاتان پارێزگارییان لەجەماوەری کوردستان کرد لەپێکهێنانی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەتی کوردیدا. ئەوەبو رۆژی ١٩/٥/١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجام دراو نوێنەرانی جەماوەر بۆ پەرلەمان بەناوی ( ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق)ەوە لە (١٠٥) کورسیدا دیاریکران.

لەشاری هەولێر لەدوای پێکهێنانی پەرلەمان، لە ٥/٧/١٩٩٢دا ئەنجومەنی وەزیران لەسەرۆكو (١٤) وەزارەت پێکهات. لەیاسای ژمارەیەکی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوە دیاری کراوە کەئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەست بەکاردەبێت لەمەسەلە چارەنووس سازەکانی گەلی کوردستانی عیراقو دیاری کردنی پەیوەندیی قانونی لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندا لەعیراق/ بڕگەی ٢ لەبەندی ٥٦/[48].

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان)، لە ٤/١٠/١٩٩٢دا پەیوەندیی حکومەتی کوردستانی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بەشێوەی یەکێتی فیدراڵی لەعیراقدا راگەیاند. لەبەیاننامەی راگەیاندنی یەکێتی فیدراڵیدا پشت بەو بنەماو بڕیارە قانوونیانە بەستراوە کەرێگە بەگەلی کورد دەدەن چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لەوانە:

١-بڕیـــاری ٦٨٨/ ی ئەنجومـــەنی ئاسایشـــی ڕێکخـــراوی نەتـــەوە یەکگرتووەکان.
٢-بڕیاری ٧١/ ی لیژنەی مافی مرۆڤ لەنەتەوەیەکگرتووەکان. لـە ٥/٣/١٩٩٢دا.
٣-بەیاننامەی ڕەسمی حکومەتی عیراق‌و بەریتانیا لە ١٩٢٢دا بـۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لەچوارچێوەی عیراقدا.
٤-ڕاگەیانـدنی ڕەسمـی عـیراق لـە ٣٠/٥/١٩٣٢دا کەمـەرجی ڕێزگرتنی مافی کوردو کەمینەکانی تێیدا دانراوە بـۆ ئـەوەی عـیراق ببێتە ئەنـدام لـەڕێکخراوی کۆمەڵـەی گەلانـدا. ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانیش جێگرو میراتگـری قـانوونی ڕێکخـراوی کۆمەڵـەی گەلانە. بۆیە عیراق لەسەریەتی دان بەمافەکانی گەلی کوردا بنێت.
٥- پرنسیپ‌و بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتان لـەبارەی ڕێزگرتنـی مافی مرۆڤ بەگشتی‌و مـافی گەلانـەوە، بەتایبـەتی، دەسـتوری UN، هەردوو پەیمانی ساڵی ١٩٦٦ دەربـارەی مـافی (ئـابوری، کولتـوری‌و کۆمەلأیەتی)و(مافی مەدەنی‌و سیاسـی) گـەلان. کەجـەخت لەسـەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان دەکەن.
٦-سیاســەتی حکومەتــە یــەك لــەدوای یەکــەکانی عــیراق، کەسەرجەمیان تـاکو ئێسـتا بەتـەواویی مافـەکانی گـەلی کوردیـان پێشێل کردوەو نیشتمانەکەیان وێرانکردوە. ئەمەش ڕێگە بەگەلی کورد دەدات وەکو مافی ڕەوای خۆی بۆ پاراستنی خـۆی‌و داکـۆکی لەمێـژوو لەداهاتووی، بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات.
لەبەر ئەو هۆیانە، پەرلەمانی کوردسـتان لـەم قۆناغـەدا بڕیـاری یەکێتی فیـدراڵی لەچوارچـێوەی عیراقـدا ڕاگەیانـد، تـاکو بتوانێـت مافەکانی خۆی دابین بکات‌و ئەرکەکانیش جێبەجێ بکات[٤٩].

بەیاننامەی راگەیاندنی یەکێتی فیدرالّی، هەنگاوێکی پێشکەوتووانەیە لەمێژووی سیاسیو قانوونی گەلی کوردستاندا، بۆ ئەوەی ببێتە بناغە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەعیراقدا، چونکە سستمی ئۆتۆنۆمی نەیتوانی ئەو چارەسەرە دابین بکاتو نەیتوانی رێگە لەتاوانەکانی حکومەتی عیراق بگرێت لەدژی گەلی کورد، بەلاّم پێکهێنانی حکومەتێکی کوردیو راگەیاندنی یەکێتی فیدرالّ لەگەلّ عیراقدا، دەبێتە هۆی دابینکردنی دەسەلاّتی گەلی کورد بەسەر سنووری سیاسیو قانوونی خۆیدا، تاکو بتوانێت نەخشی هەبێت لەدیاریکردنی چارەنووسیدا. ئەو دەسەلاتی نەتەوەییەش گرنگیەکی تەواوی هەیە تاکو بتوانێت دەسەلاّتێکی ئابوری پەیدا بکات لەچوارچێوەی سنووری دیاریکراوی خۆیدا. هەردوو دەسەلاّتەکەش بناغەو پێگەی سەرەکین لەیاسای نێو نەتەوەییدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلان لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیی قانوونی چ لەگەلّ دەسەلاّتی ناوەندا لەبەغدا یا بەدەرەوەی کوردستان لەگەلّ ولاّتانی دونیا، دەبێتە هۆی جیّبەجێکردنی کەسایەتی یاسایی. ئەگەرچی لەدەستوری UN دا شێوەیەکی دیاریکراو روون نەکراوەتەوە بۆ دابین کردنی مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسدا. بەلاّم تاقی کردنەوەی میللەتان دەریخستووە کەریفراندۆم چاکترین رێگەیە بۆ دیاریکردنی خواستەکانی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسیاندا، کە چ شێوەیەك هەلّدەبژێرن[٥٠].

حکومەتی عیراق، نە دان بەحکومەتی کوردیدا دەنێت، نە ڕازیش دەبێت ئەو حکومەتە پەیوەندی بکات بەولاّتانی جیهانەوە، هەر لەسەرەتاوە حکومەتی عیراق گەمارۆیەکی ئابووری خستە سەر کوردستان کەحکومەتی کوردی لەشاری هەولێر بوو. لەعیراقدا

رژێمێکی دیکتاتۆری حوکمڕانی دەکات، تاوانەکانی عـەرەب، کـورد، تورکمانو ئاسووری کرتۆتەوە، بەتایبەتیش سیاسەتی بەرانبەر بەگەلی کـورد دەچـێتە خانـەی تـاوانی جینۆسـایدەوە. هـەر لەبـەر نـەبوونی دیموکراسی لـە عیراقـدا بـۆ دابـین کردنـی مافـەکانی گـەلی کـورد، دەستێوەردانی کۆمەڵگەی جیهـانی بـۆ پشـتگیریی‌کردنی مافـەکانی گەلی کوردو بەرگرتنی حکومەتی عیراق لـەتاوانو نـاڕەوایی، دەبێتـە پێویسـت. بۆیـە بڕیـاری(٦٨٨)ی ئەنجومـەنی ئاسایشـی UNلـە ٥/٤/١٩٩١دا، بۆ یەکەم جار لەدوای جـەنگی جیهـانی یەکەمـەوە، وەکـو بەڵگەنامەیـەکی جیهـانی نـاوی کـوردی تێـدا بێـتو بـاس لەپاراستنو پشتگیری دەکات. ئەنجومەنی ئاسایش " زۆر نیگەرانە لـەو سەرکوت کردنەی کەدانیشتوانی مەدەنی – سـیڤیل، لـەزۆر ناوچـەی عیراقدا تووشـی بوونـە، لـەم دواییەشـدا ناوچـە کوردنشینەکانیشـی گرتۆتەوەو بۆتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی بـەربلاو پەنابـەران سـنووری نێو دەوڵەتی ببەزێنن، بەشـێوەیەك کەهەڕەشـە لەئاشـتیو ئاسایشـی ناوچەکە دەکـات. نیگەرانیشـە بەقـەوارەی ئـەو کارەسـاتە مرۆییـەی کەدروست بووە"[٥١].

بڕیاری ٦٨٨ دوولایەنی هەیە:

-لایـەنی مرۆیـی(مرۆڤایـەتی): کەبریتی‌یـە لـەداکۆکی کـردن لەهاولاتیانی عیراق بەگشتیو کورد بەتایبەت.

-لایەنی یاسـایی- نێونەتـەوەیی: بریتی‌یـە لـەوەی عـیراق ناچـار دەکات پابەندێتی خۆی بپارێزێت بەیاسای نێونەتەوەییەوە لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤداو ناچاریشی دەکات هاوکـاری کۆمەڵگـەی جیهـانی بکات بۆ ئەو مەبەستە.

بڕیاری (٦٨٨) کوردی وەکو گەلێکی سەربەخۆ دیاری نەکردوە، هەربۆیە ڕێگەنادات بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، چونکە سەرجەمی سنووری عیراقی وەکو سنورێکی یەکگرتوو دەستنیشان کردوە.

بەلاّم دەبێتە هۆی ئەوەی گەلی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا بتوانێت بەو شێوەی ئەو چوارچێوە بپارێزێت داکۆکی لەمافەکانی خۆی بکات. بۆ ئەمەش هەڵبژاردن چارەسەرێکی قانوونیو ڕەوایە بۆ دیاریکردنی نوێنەران بۆ پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەتی کوردی. هەر بۆیەش ئەو پەرلەمانە لەو چوارچێوەیەدا بڕیاری یەکگرتنی لەگەڵ عیراقدا بەشێوەی فیدراڵی پەسەند کردوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەئەو حکومەتە کوردییە تایبەتمەندی تەواو سەربەخۆی هەیە، وەکو بوونی: هەرێم، گەل، دەسەلاّتو دەزگای بەڕێوەبردن. بەلاّم لەڕووی قانوونیەوە دەستورێکی دانەناوە بۆ حکومەتەکە، ئەمەش گومان دروست دەکات لەسەر چارەنووسی قانوونی ئەو حکومەتە لەداهاتوودا. چونکە بوونی دەستورێك بۆ حکومەت پێویستەو دەبێ ببێتە بناغەی پەیوەندی بەناوەوەو دەرەوەی حکومەتەکە.

لەلایەکی دیکەوە، هەندێ لەناوچەکانی کوردستان لەژێر دەسەلاّتی حکومەتی عیراقدان، بەتایبەتیش ئەو ناوچانە کەکانگای نەوتن، وەکو شاری کەرکوك. بۆیە گرفتێکی سەرەکی لەبەردەم ئەو حکومەتە کوردیەدا ئەوەیە کەسەرچاوەی ئابووری لاواز بێتو نەتوانێت بەچاکی خۆی ڕابگرێت، چ لەبەر سیاسەتی عیراق یا سیاسەتی ولاّتانی دەوروبەر. جا ئەگەر پەیوەندی ئەو حکومەتە کوردیە بەولاّتانی دونیاوە بەردەوام بێتو پشتگیریی بکرێت، ئەوا دەتوانین بڵێین بۆ ئەم قۆناغە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لەعیراقدا هەنگاوێکی باش چۆتە پێشەوە

بەرەو چارەسەرکردن‌و دابین کردنی مافەکانی‌و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

لێرەوە پێویستە خاڵێکی گرنگمان لەبیر نەچێت، کەپێکهێنانی حکومەتی کوردستان لەهەولێر، لەناچارییەوە نەبووە[52].

بەڵکو لەدروستبوونی دۆخێکی تایبەتەوە بوو، کەفاکتەری ناوەکی‌و دەرەکی زەمینەیان بۆ خۆشکرد، بۆیە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا مافی ڕەوای خۆیەتی لەنیشتمانی خۆیدا ئۆرگانێك پێك بێنێت، تاکو بتوانێت مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات‌و بکەوێتە بەدیهێنانی (پرۆسەکردنی) کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی، بەبەشداربوونی لەگەڵ وڵاتانی دونیادا لەجێگیرکردنی ئاشتی‌و ئاسایشدا. دیارە هەروەکو لەبەشەکانی رابردوودا باسمان کرد، بەدیهێنانی مافی چارەنووس بەبێ بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی سەرناگرێت. چونکە بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتی‌یە لەسەر زەمینەی ئۆرگانی نەتەوەیی‌و بەشداربوونی لەپێوەندیی دەرەوەدا پێگە دادەنێت.

ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق (١٩٩٢) لەحکومەتی شێخ مەحموودی حەفید ( ١٩١٨، ١٩٢٢) و کۆماری کوردستان لەمهاباد (١٩٤٦) جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کەئەم حکومەتە:

١-هەڵبژاردنێکی جەماوەری لەسەرجەم ئەو ناوچانەدا بۆکرا کە لەژێر دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردا بوون، کەزۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان دەگرنەوە.

٢-بەشداریکردنێکی باشی چاودێرانی نێونەتەوەیی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

٣-پەیوەندی راستەوخۆی ئەو حکومەتە بەولاتانی دەرەوەو رێکخراوەکانی دونیاوە.

٤-پەیوەندی ئەو حکومەتە بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

٥-رێکخستن‌و ئیمزاکردنی رێکەوتننامە لەشێوەی(کۆنتراکت Contract) دا لەگەڵ رێکخراوەکانی جیهاندا، کەهەندێ لەو رێکخراوانە کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییان هەیە، واتە رێکخراوی رەسمی دەوڵەتانن.

٦-تا ئەندازەیەك لەرووی ئابوریەوە پشتگیریی جیهانی دەکرێت.

٧-ژمارەیەکی زۆر رێکخراوی جیهانی نوسینگەیان لەشارەکانی کوردستان، دهۆك، هەولێرو سلێمانی کردۆتەوەو بەشداران لەرێکخستنی کاروباری خەڵکی کوردستاندا.

# پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم

روونکردنەوەیەك:

بەڕێز مامۆستا سدیق سالّح، لە ژمارە (٤)ی (سالّی هەشتەم)ی گۆڤاری (سەنتەری لێکۆلّینەوەی ستراتیجی) لە (تشرینی دووەمی ٢٠٠٠) کە لە سلێمانی دەردەچێ، لەلاپەڕە (٢٢٢)دا وتارێکی بلاّوکردۆتەوە لەسەر ئەو خالّەی ئەم کتێبە کە پێوەندی بە حکومەتی شێخ مەحموودی حەفیدەوە هەیە. مامۆستای ناوبراو پێی وایە کە شێخ مەحموود سێ حکومەتی دامەزراندووە نەك دوو.

لەگەلّ ڕێزدا بۆ مامۆستای ناوبراو بەچاکمان زانی ئەم روونکردنەوەیە بخەینە بەردەست:

١-بۆ ئەوەی کە مێژوی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحموود (١٩١٨/١١/١)نیەو هەلّەیە، رەفیق حیلمی جەختی لەسەر دەکاو دەنوسێ کەخۆی ئامادە بووە، ئێمە پشتمان بە رەفیق حیلمی و کەمال مەزهەر بەستووە.

٢-دەربارەی حکومەتی سێیەمی شێخ مەحمود لە ١٩٢٣/٧/١١ رەفیق حیلمی باسی نەکردوە، کە دروست ترین سەرچاوەیە لەسەر مێژوی سەردەمی شێخ مەحمود.

بە پێزانینەوە، بۆ مامۆستا سدیق سالّح، بۆ کارەکەی ئێمە ئەگەر حکومەتەکەیشێخ مەحموود (دوو کابینە بێت یان سێ) لە ڕووە یاساییەکەوە یەك ئەنجامی هەیە، کەبەیەکەم قۆناغی حوکمداری کردنی کورد خۆی دادەنرێ و بە تێڕوانینی ئێمە یەکەم قۆناغی دیاریکردنی چارەنوسە، لە نیشتمانی خۆماندا بە کردەوە جێبەجێکراوە.

[1] ستارو شینکە .گ. ب: پرنسیپی یەکسانیو مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسیاندا/بڕوانە: زنجیرەی یاسای نێو دەولّەتان، حەوت بەرگ، بەرگی دووەم ، مۆسکۆ ١٩٨٩ ل ١٨١ ، هەروەها: یاسای نێودەولّەتان/ بەسەرپەرشتی تونکین/

مۆسکۆ، ١٩٨٢ل ٨٨ و ٨٩ ( بەزمانی رووسی). بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ بەشی یەکەمان.

[٢] کەمال مەزهەر ئەحمەد: بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی لەکوردستانی عیراق ١٩١٨-١٩٣٢، باکۆ، ١٩٦٧ ل ٧١ ( بەزمانی رووسی).

[٣] رەفیق حلمی: یادداشت. بەرگی یەکەم. چاپکردنەوەی کتێبخانەی محمدی لەسەقز. ل ٦٠، هەروەها: کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢) ل ٧٢.

[٤] مێنتیشە شڤیلی. ئـ یێ: عیراق لەسالآنی منداتی ئینگلیزدا، مۆسکۆ ١٩٦٩ ل ١٩١ ( بەزمانی رووسی).

[٥] مێنتیشە شڤیلی: هەمان سەرچاوە ل ١٩١-١٩٢

[٦] مێنتیشە شڤیلی: هەمان سەرچاوە ل ١٩٣، کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوە ل ٧٧.

[٧] هاوار . م . ر: شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان. بەرگی یەکەم، لەندەن ١٩٩٠ ل ٥٠٤-٥٠٦

[٨] کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوە: ل ٨٠، رەفیق حیلمی: یادداشت. بەشی یەکەم، ل ١٨١.

[٩] غسان العطية. العراق-نشأة الدولة، لندن ، ١٩٨٨ ص ٤٦٤.

[١٠] هەمان سەرچاوە: ل ٤٧١

[١١] هەمان سەرچاوە: ل ٤٧٥

[١٢] کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢

[١٣] رەفیق حیلمی: یادداشت، بەشی دووەم. چاپکردنەوەی محمدی لەسەقز. ل ٥٢٤و ٦٠٦ هەروەها: م. ر. هاوار شێخ مەحموودی قارەمانو ...بەرگی دووهەم لەندەن ١٩٩١ل ٣٠٦.

[١٤] کەمال مەزهەر ئەحمەد: هەمان سەرچاوە. ل١٠٤، ١٠٥، ١٠٦.

[15] مستەفا سالّح کەریم: شێخ مەحموودی حەفیدو پەیکەرو بیرەوەری/ رۆژنامەی خەبات، ژمارە (٦٤٩)، ٢/١٢/١٩٩٢ ل٣.
هەروەها: هاوار. م. ر: شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان. بەرگی دووەم. لەندەن، ١٩٩١ ل٣٣٧.
[16] جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی. کوردۆ لەئەڵمانییەوە کردوویە بەکوردی. ستۆکهۆڵم ١٩٨٥ ل١٥٠.

بۆ زیاتر زانینی بیروڕای ئێمە لەسەر ئەو بەیاننامەیە، کتێبێکی ترمان چاپکراوە بەناوی "پەیوەندیی مەسەلەی کورد بەیاسای نێودەوڵەتانەوە" بەشی چوارەمی.

[17] ماجد عبدالرضا: المسألة الكردية في العراق، بغداد، ١٩٧٠ ص٤٩.

بڕوانە: جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، ل١٤٧.

[18] رەفیق حیلمی: یادداشت، بەشی سێیەم. ئامادەکردنو لێکۆڵینەوەو پیاچوونەوەی: پاکیزە رەفیق حیلمی، بەغدا، ١٩٩٢ ل٦٤و ٦٥.

[19] کورد ئۆغلۆ: کوردو ئیمپریالیزم/ گۆڤاری "بلوتینی چاپەمەنیی رۆژهەلاتی ناوەڕاست"، تاشقەند، ژمارە ١٣-١٤، ١٩٣٢ ل١١٥. هەروەها بڕوانە: م. ئە. گەسرەتیان: کوردەکانی تورکیا لەتازەترین سەردەمدا، یەریڤان، ١٩٩٠ ل٤٥ ( بەزمانی رووسی).

سەرنج: بۆ ئەم مەبەستەو گرنگی ئەو رێکەوتننامەیە، بەتەلەفۆن پەیوەندیم کرد بەپرۆفیسۆر گەسرەتیانەوە لەمۆسکۆ، چونکە ئەویش بۆ ئەو رێکەوتننامەیە پشتی بەنوسینەکەی کورد ئۆغلو بەستووە: لەبەر ئەوەی کورد ئۆغلو هیچ سەرچاوەیەکی بۆ باسەکەی دیاری نەکردوە، گەسرەتیانیش وەکو پێی راگەیاندم، جگە لەنووسینەکەی کورد ئۆغلو هیچ سەرچاوەیەکی تری لا نیە دەربارەی رێکەوتننامەی نێوان شێخ مەحمودو حکومەتی تورکیای کەمالیو هیچ زانیاریەکیشی نەبوو دەربارەی سەرچاوەی نوسینەکەی کورد ئۆغلو.

[20] کورد ئۆغلو: هەمان سەرچاوە، ل١١٥.

[21] محمد الهماوندي: فكرة الحكم الذاتي والاقليات العرقية. رسالة دكتوراه، القاهرة، ١٩٨٥ ص١٧٨. هەروەها: د. محەمەد هەمەوەندی باسێکی یاسایی لەڕووداوەکانی خوارووی کوردستان لەساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٢٤/ گۆڤاری (پەیڤ)، ژمارە (٨) لەندەن ١٩٨٨ ل٨٦٥، ٨٧٣.

[22] محمد الهماوندي: فكرة الحكم الذاتي والاقليات العرقية. ص١٧٨.

[23] م. ر هاوار: شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان. بەرگی دووهەم، لەندەن، ١٩٩١ ل ٤٩٣، ٤٩٥.

[24] م. ر. هاوار: هەمان سەرچاوە، ل ٥٠٨-٥١٠.

[25] جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، ل١٥٢.

[26] محمود ملا عزت: کۆماری میللی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی دووەم. سوید، ١٩٨٦ ل٩٩. ئەم چاپە وێنەگرتنەوەی چاپی یەکەمە لەساڵی ١٩٨٤دا، بەزنجیرەی ژمارە (١) لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لەچاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ چاپکراوە.

[27] نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان. هۆڵەندە-ئوتریخت، ١٩٩٣ ل١٢٩.

[28] محمودی ملا عزت: کۆماری میللی کوردستان. ل١٠٢.

[29] نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، ل ١٠٦.

[30] ژیگالینە. ئـو. ی: بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەئێراندا ١٩١٨-١٩٤٧، مۆسکۆ، ١٩٨٨، ل ١٣٢. (بەزمانی رووسی).

[31] محمود ملا عزت: کۆماری میللی کوردستان: ل ١٧٥-١٧٨، هەروەها: وليام ايلغتن الابن: جمهورية مهاباد. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله المحامي بيروت، ١٩٧٢، ص١٥٠.

[32] کەریمی حیسامی: کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خودموختاری. چاپی دووەم. سوید، ١٩٨٦ ل٦٦، ٦٨.

[٣٣] عبدالرحمن قاسملو: چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی. بەرگی یەکەم چاپی دووەم؟، ١٩٨٨ ل ٧٢، ٧٦، ٨٠.

[٣٤] بڕوانە دەقی: بيان ١١/أذار/١٩٧٠، من منشورات وزاره الاعلام. بغداد ١٩٧١، هەروەها بڕوانە: خالد خالد:

كيف تعالج الدساتير العراقية الحقوق القومية للشعب الكردي. ستوكهولم، ١٩٩٠ ص١٣٦. هەروەها بۆ دەقی بەیاننامەکە: سعد البزاز: الاكراد في المسألة العراقية. عمان، ١٩٩٦ ص١٤٣، جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية. بيروت. الطبعة الثانية، ١٩٧١ ص٣٤٨، جەمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی: ل٣٠٠.

[٣٥] التقرير السياسي للقيادة المؤقتة للحزب الديموقراطي الكردستاني اب/١٩٧٦، ص٣٦، ٣٧.

[٣٦] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تەعریبو ڕاگواستنی ناوچە گرنگەکانی شاری کەرکوکو دەوروبەری بڕوانە: ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجیی عیراقو سێ کوچکەی بەعسیان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس. چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی. سلێمانی ١٩٩٩ ل١٧٨-١٩٢. سەرنج: ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە پێشتر ئامادەکراوە، بەڵام لێرەدا بەپێویستمان زانی ئاماژە بەکتێبەکەی د. نوری تالەبانی بکەین: باسی تێکدانی چۆنیەتی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دەکات لەشاری کەرکووکو دەوروبەری. کەژمارەی کوردو تورکمان کەمی کردووەو ژمارەی عەرەب زیادی کردوە. هەر بۆ نموونە لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٥٧دا ژمارەی کورد ٤٨,٣٪و عەرەب ٢٨,٢٪ بووە، بەڵام لەسەرژمێری ١٩٧٧دا کورد بووە بە ٣٧,٥٣٪و عەرەب بە٤٤,٤١٪ بڕوانە: الدكتور نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي. الطبعة الثانية؟ ١٩٩٩ ص٨١.

هەروەها بڕوانە کتێبێکی ترمان بەناوی جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا ئەمستەردام ١٩٩٧ ل٢٦، ٢٧.

[37] باسی ئەم رووداوە لەگەلێك سەرچاوەو بلاوكراوەدا بلاوكراوەتەوە، چ بەكوردی یا بەزمانانی تر: بۆ نموونە بڕوانە:

-مگۆیی. ش. خ: مەسەلەی نەتەوایەتی كورد لەعیراق لەتازەترین سەرەمدا، مۆسكۆ، ١٩٩١ ل٢٨٧ (بەزمانی رووسی).

-جەمال نەبەز: كوردستانو شۆڕشەكەی ل ٣٣٢.

[38] كریس كۆچێرا: مێژووی كورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا: وەرگێڕانی: محمد ریانی. چاپی دووەم تاران ١٩٩٢ ل٣٦٦.

[39] د. محمد الهماوندي: قراءة قانونية لفكرة الحكم الذاتي وتطبيقها في كردستان العراق/ مجلة دراسات كردية، باريس، العدد ٣-٧، ١٩٩٢. ص ٢٢.

[40] د. محمد الهماوندی: هەمان سەرچاوە. ل٢٣و ٢٤.

[41] د. كامەران سالەیی: ئۆتۆنۆمیو سیاسەتی نێونەتەوەیی/ گۆڤاری سیاسەتی دەولی، هەولێر، ژمارە (٢) سالی سێیەم، ١٩٩٤ ل٥٦و ٥٧.

[42] عصمت شريف وانلي: حول الاستراتيجية السياسية والعسكرية للحركة الوطنية الكردية/ مجلة دراسات كردية. باريس. العدد ١-٢، ١٩٨٥ ص ٧، ١٩.

[43] پشتیوان عەلی عەبدولقادر: لایەنە قانوونیەكانی نێونەتەوەیی مافی گەلی كورد لەدیاریكردنی چارەنووسدا/كورتەی نامەی دكتۆرا، كییڤ، ١٩٨٩ ل١٦.

[44] عەزیز شەریف: مەسەلەی كورد لەعیراقدا/ گۆڤاری كەلتوور. ژمارە یەك، ١٩٨٨ ل٣٠٩ (چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ).

[45] دەربارەی سیاسەتی جینۆسایدی حكومەتی عیراق لەدژی گەلی كورد، بڕوانە كتێبێكی تایبەتمان لەو بارەیەوە بەناوی: جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر رۆشنایی یاسای نێو دەولەتاندا.

[46] بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان: (١٩٩١) ٦٨٨/ S/RES لە ٥/٤/١٩٩١دا.

[47] Liberation .Vendr .5Avril .1991 .PP4-5. بڕوانــه گۆڤــاری رابـــوون. ستۆكهۆڵم. ژماره (٢)، ١٩٩١ ل٢٥.

[48] بيان اعلان الاتحاد الفيـدرالي. المجلـس الـوطني لكوردسـتان العـراق. اربيـل في ١٩٩٢/١٠/٤.

[49] بيان اعلان الاتحاد الفيدرالي في ١٩٩٢/١٠/٤.

[50] الدكتور عبدالمجيد اسماعيل حقـي: الوضـع القـانوني لاقلـيم عربسـتان في ظـل القواعد الدولية، القاهرة ١٩٧٤ ص٣٢٠.

[51] بڕياری ئەنجومەنی ئاسايشی رێكخراوی نەتەوە يەكگرتووەكان، ژماره (٦٨٨) لە ١٩٩١/٤/٥دا.

[52] لەبەياننامــەی راگەيانــدنی يــەكێتی فيــدراڵیدا ووتــراوە كــە لــەدوای ئــەوەی حكومەتی عيراق دەزگاو دايەرەكانی خۆی لەكوردسـتان كێشـايەوەو گـەمارۆی ئـابوری سەپاند بەسەر كوردستاندا، گەلی كورد ناچار بووە هەڵبژاردن بكات. دەقەكەيشــی كــە بەعەرەبی بڵاوبۆتەوە بەجۆرەيە: "... حيـث ان نظـام العراقـي تنصـل مـن وعـوده الـتي رافقت بداية المفاوضات ثم سحبت الادارات الحكوميـة وفرضـت حصـاراً اقتصـادياً علـى كردستان مما اضـطر شـعبنا الى اجـراء انتخابـات نيابيـة حـرة..." ئێمـه بڕوامـان وايـه كەهەڵبژاردنو پێكهێنانی حكومەت ناچاری نيه، يان گەلی كورد ناچار نەبووە، بـەڵكو هەلێكی بۆ رەخساوە، كەئەويش لەئەنجامی دۆخی سياسی عيراقو دەرەوە پێكهاتووە، ئەو هەلەش رێگەی خۆشكرد كەگەلی كورد بۆ دابين كردنی مافەكانی خۆی كەچەندين ساڵە خەباتی بۆ دەكـات، ئـەو هەڵبژاردنــە بكـاتو حكومــەتێك پێـك بێنێـت، كەئەمــەش مـافێكی رەوايەو پرۆسە دەكرێت.

لەڕاسـتيدا، بەياننامــەی راگەيانــدنی يــەكێتی فيــدراڵی (بيــان اعــلان الاتحـاد الفيدرالي) هەندێ خاڵی تێدايە كەجێگەی سەرنجو لێدوانن:

-لەباسی پەيماننامەی سيڤەردا نوسراوە (... اعـتراف المـادتين ٦٢و ٦٤ مـن القسـم الرابع من معاهدة سيفر Sever المعقودة في ١٠/اب/١٩٢٠ بحق الامة الكردية في حكم

ذاتي يتحول خلال سنة الى استقلال تام لدولة كردية تضم جميع اجزاء كردستان بضمنها كردستان الجنوبية...)

-رێنوسەکەم وەکو خۆی نوسیوەتەوە: کوردستان، کوردیە.....

-جارێ بەشی چوارەمی سیڤەر نەبوو، بەڵکو بەشی سێیەم بوو هەر بەندی ٦٢و ٦٤ نەبوو، بەڵکو بەندی (٦٣)ش پەیوەندە بەبەندی (٦٢)ەوە، دەربارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.

-وتراوە: (استقلال تام لدولة كردية تضم جميع اجزاء كردستان).

بەهیچ جۆرێك ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە لەپەیماننامەی سیڤەردا دیاری کراوە سەرجەم بەشەکانی کوردستان ناگرێتەوە. جارێ ئەو پەیماننامەیە هەر باسی رۆژهەڵاتی کوردستانی نەکردبوو کە لەچوارچێوەی ئێراندا بوو، هەروەها باسی ئەو ناوچانەی نەکردوە کە لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسییەکاندا بوو، دوایی لکێندران بەسوریاوە، هەروەها هەندێ سنووری کوردستان بەر ئەو دەوڵەتەی ئەرمینیا دەکەوت کە لەسیڤەردا دیاریکراوە.

بۆ ئەم مەبەستە ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمان هەیە لەسەر پەیماننامەی سیڤەر. بڕوانە کتێبی: پەیوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێو دەوڵەتانەوە (بەشی یەکەمی).

-لەباسی دان پێدانانی حکومەتی بەریتانیا بەحکومەتی شێخ مەحموودا وتراوە: (اعتراف الحكومة البريطانية بەحكمداراً للمرة الاولى في سنة/ (١٩١٩). ئەوە ساڵی ١٩١٨ بوو نەك ١٩١٩.

شتێکی کەزۆر پێویست بوو بەیاننامەی راگەیاندنی یەکێتی فیدراڵی باسی بکردایە، دانانی دەستورێك بوو بۆ حکومەتی کوردی. چونکە پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران دەبێ لەسەر زەمینەیەکی قانونی دەستوری کاروبارەکانیان بەرن بەڕێوەو پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حکومەتی عیراقدا دیاری بکەن. بەگوێرەی دەستوریش چارەنووسی ئایندەی ئەو حکومەتە دیاری دەکرێت لەڕووی قانونیەوە. دیارە کەحکومەتی بەغدا دان بەو

**حکومەتە کوردیەدا نەنێتو پەیوەندیی لەگەڵ نەبێت، ئەوا ئــەو حکومەتــە راســتەوخۆ دەبەسترێت بەوڵاتانی دونیاوەو وەکو حکومەتێکی سەربەخۆ کارەکانی ئەنجام دەدات.**

# بەشی شەشەم

## بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد لەسەر ئاستی جیهانی

بۆ جێبەجێکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتـەوەیی گـەلی کـوردی خـەباتگێڕ لـەپێناوی سـەربەخۆییدا، لەبـەر ئـەوەی لـەپێش سـاڵی (١٩٤٥)ەوە، واتـە لـەپێش جـەنگی جیهـانی دووەمو پێکهێنـانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کوردستان داگیرو دابەشکراوە، جا لەبەر ئەوەی سیاسەتی جیهانی لەپاش جەنگی دووەمـەوە قاڵبێکی تری بەخۆیەوە گرتو لەپاراستنی بەرژەوەندی زلهێزەکاندا گـەلێ بڕیـاری وا دران کەبـەبێ ڕەچـاوکردنی چارەنووسـی گـەلان بـەزەبری هێـز جێگیرکراونو سیاسەتی پاراستنی تەرازووی هێـزو بەرژەوەنـدی چـاکتر پێڕەوکـرا. لـەدۆخێکی وادا کەگـەلی کـوردو نیشـتمانەکەی پێشـتر دابەشکراونو سنوورەکان لەنێوان دەوڵەتاندا چەسپێنرانو شـێوەیەکی بەردەوامی سنووری وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بڕیاری ناوچەیی‌و جیهانی لەسەر دراوەو جێگیرکراون. جا پێویستی پاراسـتنو ڕێزگرتنـی مافـەکانی گـەلی کـورد لەچوارچـێوەی وڵاتـە داگیرکەرەکانـدا خـۆی دەسەپێنێت، چونکە ئەو دابەشکردنە گەلی کوردی لکاند بەدەوڵەتانی میللـەتانی تـرەوە. لەهـەلو مـەرجێکی لـەم جـۆرەدا، لەبـەر ئـەوەی بەرژەوەندیی سیاسی جیهانی زۆر جار گوێ ناداتە ڕووداوەکانی ناوخۆی

ئـەو وڵاتانـەی کەتـەرازووی بەرژەوەنـدی لەگـەڵ جیهانـدا راگرتـووە، پێویستە گەلی کـورد خـۆی بـەدونیای بسـەلمێنێت کـە بەشـێوەیەکی یەکگرتوو لەسنوری نیشتمانەکەی خۆیدایەو سەرجەمی مافـەکانی لێ زەوت کراون‌و رێگەی نەدراوە کەچارەنووسی خـۆی بەئاشـتیانە دیـاری بکات بەگوێرەی قۆناغ و خواستنی خۆی. ئەگەر گەلی کورد نەتوانێت بەدونیای بسەلمێنێت کەچارەنوسی بەر تاوان کەوتوە، ئەوا بەرژەوەندیی سیاسی‌و ئـابووری وڵاتـان، پشـتگیری‌و هاوکـاریکردنی گـەلی کـورد بەدەستێوەردانی نـاوخۆ دەزانێـت، جگـە لـەوەش دیـاریکردنی مـافی چارەنووس لەئاسـتی بەرژەوەنـدیی سیاسـی‌و ئـابووری‌دا وەکـو لـەزۆر تاقیکردنەوەی یاسای نێونەتەوەیی‌و سیاسـەتی جیهانیـدا دەرکـەوتووە یەکێتی خاکی وڵاتان تێك دەدات‌و دەبێتە هـۆی سـەرهەڵدانی شـەڕو ناکۆکی چەکدارانە. ئەمەش ئاشتی‌و ئاسایشی ئەو وڵاتانە تێك دەدات کە لەبەرژەوەندیاندا نیـە دەسـکاری سـنوورەکانیان بکرێـت[٢٨]. دیـارە یاسای نێونەتەوەیی هەر چـەندە بنـەماو پرینسـیپەکانی لەخزمـەتی کۆمـەڵی مرۆڤایەتیدایـە، بـەڵام سـەرهەڵدان‌و جێبـەجێکرنیان زۆر پەیوەندە بەبەرژەوەندیی سیاسی‌و ئابووری زلهێزەکـانی دونیـاوە. بـەڵام زۆرجاریش هەل‌و مـەرجی وادەرەخسـێت کەگـەلان بتـوانن بـەگوێرەی قۆناغەکە سوود لەو بنەماو پرینسیپانە وەربگرن‌و پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتـانی دونیـادا فـۆرم‌و بنـەمای تـازە بێنێتەکایـەو لەیاسـای نێونەتەوەییدا.

هـەر میللـەتێك بـەزۆر نیشـتمانەکەی بلکێنرێـت بەدەوڵـەتانی میللەتانی ترەوە، ئەوا ئەو دیایکردنەی چارەنووسی هەرچـەندە لـەدژی خواسـتەکانێتی، بـەڵام ئـەوە دەسـەپێنێت کـەرێزی لێ بگیرێـت لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتە یا ئەو دەوڵەتانەی پێوەلکێندراوە.

خــــوارووی کوردســـــتان بــــەزۆر بەعیراقـــەوە لکێنـــدراوە، لـــەو چوارچێوەیەشدا ڕێگە بەگەلی کورد نەدراوە چارەنووسی خـۆی دیـاریی بکات، بۆیە دەبێ چـۆنیەتی ژیـانی خـۆی کەبـەر تـاوانی جینۆسـاید کەوتووە، بکاتە ئامرازێك بۆ چەسپاندنی وەزعێکی سیاسـی-یاسـایی تازە کەپێویستی دووبارە دیاریکردنەوەی چارەنووسی کـارێکی ڕەوایـە.

بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێ ئەو ڕاستی‌یە بسەلمێنێ، پێویسـتە چـەند مەرجێك بەجێ بگەیەنێت:

١-دەبـێ حکومـەتێك یـا ئۆرگـانێکی هـەبێ بـۆ پرۆسـەکردنی سەرداریی نەتەوەیی.

٢-دەسـەڵاتی بەسـەر سـنوورێکی جـوگرافی دیـاریکراودا هـەبێ کەنیشتمانی خۆیەتی.

٣-ڕێز لەپرنسیپو بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی بگرێ.

ئەگەر ئەو خاڵانەی بۆ جێبەجێ نـەکرێ، ئەوسـا دەسـتێوەرنەدانی دەرەکی لەناوخۆی کاروبـاری عـیراق، وەکـو یـەکێك لەپرنسـیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پاراستنو پێشکەوتنی گـەلی کورددا، چونکە ئەو پرنسیپە لەگەڵ پرنسیپی یـەکێتی خـاکی وڵاتـدا یـەك دەگـرێو تەگـەرە دەخەنـە بـەر پرنسـیپی مـافی دیـاریکردنی چارەنووس.

ئەو زەمینەو وەزعە تازەیەی کە لـەخوارووی کوردسـتاندا دروسـت بـووە، لـەدوای کۆتـایی پێهێنـانی شـەڕی سـاردو سـەپاندنی سـزای نێودەوڵـەتی بەسـەر عیراقـدا لـەدوای شـەڕی کوێتـەوە، ڕێگـەی بـۆ داهاتووی کورد خۆشکرد، بە ئەندازەیەکی زۆر ئێستا گەلی کورد خۆی بەر پرسیارە، بۆ سوود وەرگرتن لەو هەلو مەرجە ناوچەییو جیهانیـەو ئەوسـا پێویسـتی بەپشـتگیرییەکی جیهـانی هەیـە بـۆ دابینکردنـی

ئاشتیو پاراستنی، چ لەهەرەشەی عیراق یا وڵاتە دراوسێکانی. دیارە مەبەستمان لەبەر پرسیارێتی گەلی کورد، بەرپرسیارێتی بزوتنەوەی کوردە. لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی کورد هەتاکو ئێستا ستراتیژێکی یەکگرتووی نیە، کەواتە لەم قۆناغەدا هەر دەتوانین باس لەدیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لەعیراقدا بکەین کەتاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمیەکەی سەری نەگرت. فۆرمی فیدرالی کەپەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، پێویستی بەبناغەیەکی یاسایی هەیە، ئەویش دەستورێکە بۆ هەرێمی فیدراڵو پاشان دارشتنو کارپێکردنی یاساکانی ناوخۆ بەگوێرەی پێداویستی نویێ، چونکە بەکردەوە ئەو هەرێمە سەربەخۆیە، چاوەڕوانی کردنیش بۆ ئەوەی لەپاشە رۆژدا حکومەتی سێنتراڵ یاساکانی هەرێم دابڕێژێ، ئەوە نیشانەی نەتواناییو پەی نەبردنە بەم قۆناغەو بڕنەکردنە لەگەڵ پێداویستییە گرنگەکانی ئەم سەردەمەی ژیانی گەلی کورد دا. مەسەلەی راگەیاندنی فیدرالیزم، هەر گەلێك بەپلەی یەکەم خۆی ئەو مافەی هەیە کەستاتوسی (وەزعی قانوونی) خۆی دیاریی بکات، نەك گەلێکی تر. ئەویش وەکو پرینسیپ لەیاسای تازەی نێو نەتەوەییدا دیارو ئاشکرایە کەیەکێتی خاکی هەر وڵاتێك بەپێوەلکاندن ناپارێزرێت، تەنیا خواستو دابین کردنی هەموو مافەکانی گەلانی ناوخۆ دەبێتە دەستەبەر کردنی ئاشتی نێوان گەلان.

لەم بارەیەوە، گ.ب. ستاروشینکە بیروڕای وایە کەدەوڵەت بەگوێرەی پابەندێتی نێونەتەوەیی لەسەرێتی دان بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ناوخۆیدا بنێتو لەبارترین هەلو مەرجی پێشکەوتنی بۆ بڕەخسێنێت، بڕیاری شێوەی دیاریکردنی چارەنووسیش

دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتەکەو لەهیچ بارێکدا بۆی نیە لـەدژی مـافی دیاریکردنی چارەنووس بێت.

هەر کاتێکیش دەوڵەت مافی دیاریکردنی چارەنووسی پێشێل کردو تـاوانی لـەدژی گـەلێك یـا میللـەتێك ئەنجامـدا، ئـەوا ئەنجومـەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆی هەیە بڕیار دەربکات بۆ پشـتگیریی کردنـی ئـەو گەلـەی کەپێویسـتە مـافی دیـاریکردنی چارەنووسی بۆ دابین بکرێتو خۆیشی لەخەباتدایە بۆ سەربەخۆیی[٢٩].

گەلی کورد یەکێکـە لەگەلـە دێرینـەکانی دونیـا کەمێژوویـەکی درێژو خوێناوی هەیـە لـەپێناوی ئازادیـدا، بـەگوێرەی پرنسـیپەکانی یاسای نێونەتـەوەیی دەربـارەی دیـاریکردنی چـارەنووس، مـافی رەوای خۆیەتی کەخەباتی رەوای بۆ دیاریکردنی دۆخـی قـانوونی سـەربخاتو بەئەنجامی بگەیەنێت. ئەگەرچی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان ژیانی کوردیـان خسـتۆتە شـەڕو نائارامیـەکی بەردەوامـەوەو سیاسـەتی جینۆساید پیادە دەکەن، بەڵام مافی دیاریکردنی چـارەنووس لەیاسـای تـازەی نێودەوڵەتانـدا دیـارو جـێگیر کـراوە. جێگیرکردنـی ئاشـتی لەکوردستانو بەرگرتنی سیاسەتی جینۆساید، پشـتگیرییو هاوکـاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەوێت. تاکو سیاسەتی جینۆسایدیش بەردەوام بێت، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ناتوانن بەشدارو هاوکاری ئاشتیو ئاسایشی جیهان بن، چونکە تـاوانی جینۆسـاید لـەدژی هەرکۆمەڵـە مرۆڤێك تاوانە لەدژی مرۆڤایەتیو شارستانیەت.

بەگوێرەی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی بەربەندکردنی جینۆسـایدو سزاخستنە سەرتاوانکارانی، جینۆساید نەك هەر لەسـەردەمی شـەڕدا بەڵکو لەسەردەمی ئاشتیشدا ئەنجام دەدرێت، جـا ئـەو ئەنجامدانـەش مەرج نیە هەرفەوتاندنێکی جەستەیی (فیزیکی) خەڵکی بێت، رەنگە

بایۆلۆژی، کولتووری‌و ئابووریش بێت. جا جینۆساید، یەکەم شکاندنی پابەندێتی نێونەتەوەییە، دووەمیش ئەنجامدانی تاوانە. بۆیە وەکو کێشەی مرۆڤایەتی تەنیا بەیاسای نێونەتەوەیی چارەسەردەکرێت. بۆیە تاوانی جینۆساید رێگایەکی قانونی نێونەتەوەیی دەکاتەوەو چارەسەرکردنی کێشەو دیاریکردنی چارەنووسی دەسەپێنێت.

بەگوێرەی گەلێ راپۆرت‌و بەڵگەنامەی جیهانی، بەتایبەتی راپۆرتەکانی لیژنەی مافی مرۆڤ لە UN لەساڵانی ۱۹۹۱، ۱۹۹۲، ۱۹۹۳، ۱۹۹٤دا، تاوانەکانی رژێمی عیراق، مۆرکی تەواویی تاوانی جینۆسایدیان هەیە. لەبەرەوپێش بردنی کێشەی تاوانی جینۆسایددا، گەلی کورد خۆی لەسەریەتی هەوڵێکی زۆربدات، تاوانەکانی حکومەتی عیراق بەوێنەو ژمارەو مێژوو کاسێت‌و فلیمەوە، بەفاکتی تەواوەوە کۆ بکاتەوەو لەلایەك لەمیدیای جیهانیدا بیخاتە روو لەلایەکی ترەوە لەرێگای رێکخراوو دەزگاکانی مافی مرۆڤەوە بیخاتە بەردەم رێکخراوی UNو دادگای دادی نێونەتەوەیی. ئەو بەڵگەنامانەی کە لەکاتی راپەرینەکانی خوارووی کوردستاندا دەستیان بەسەرداگیرا، فاکتی تەواوی جینۆسایدن لەسیاسەت‌و یاسای ناوخۆی عیراقدا، لەگەڵ ئەنجامی ئەو سیاسەتە لەکردەوەدا کەگەلی کورد بەم رۆژگارە ئاڵۆزەی ئەم سەردەمە گەیشت، نیشتمانەکەی هەڵتەکێنراو هیچ بنەمایەکی ئابووریی، کولتووریی‌و کۆمەڵایەتی لەجێگەی خۆیدا نەماو بەهەزارانیشی لەدەست دا[٣٠].

کەواتە، تەنیا بەهاوکاری‌و بەشداری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ لابردنی ئاسەواری تاوان‌و نارەوایی، گەلی کورد دەتوانێت مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دابین بکات. لەقۆناغی خەباتی رزگاری نەتەوەییشدا، بزوتنەوەی کوردو ئۆرگانەکانی رەچاوی پرنسیپ‌و

بنەماکانی یاسای نێو نەتەوەیی دەکەن، بۆیە بۆ بەجیهانیکردنی کێشەی کورد بەگوێرەی یاسای تازەی نێونەتەوەیی پێویستە ئەو خاڵانە دیاری بکەین کەدەبنە پێگەی ڕێزگرتنی بنەماو پرنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی لەلایەن بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی گەلی کوردەوە:

١-هێزەکانی بزوتنەوەی کورد بەشێوەیەکی ئاشکرا خەبات دەکەن، بارەگای دەزگاکانیو سەرکردایەتی هێزەکان لەشوێنو ناوچەی دیارو لەبەرچاون.

٢-هێزە چەکدارەکانی بزوتنەوەی کورد جێگاکانیان دیارەو جلو بەرگی تایبەتی پێشمەرگایەتیان لەبەردایە کەجیایان دەکاتەوە لەخەڵکی ئاسایی.

٣-هێزەکانی بزوتنەوەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە داوای چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد دەکەن.

٤-هێزەکانی بزوتنەوەی کورد ناچاربوونە خەباتی چەکداریی بکەن، چونکە رێگای چارەسەرکردنی ئاشتیانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی داگیر کەرەوە داخراوە.

٥-بەشێوەیەکی ئاشکراو بەئاگاداری دونیا، بزوتنەوەی کورد لەباشوری کوردستاندا رۆژێکی تایبەتی دیاری کرد بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بۆ پەرلەمان.

٦-پەرلەمانو حکومەتی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشکرا بارەگاکانیان دیارەو داوای پشتگیریيو هاوکاری جیهانی دەکەن بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەکوردستاندا.

٧-چەندین جار سەرکردایەتی هێزەکانی بزوتنەوەی کورد کەوتوونەتە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراقدا، بەڵام نەگەیشتونەتە ئەنجامێکی سەرکەوتوو.

٨-هێزەکانی بزوتنـــەوەی کــورد لەســالّی ١٩٩١-وە بەشــێوەیەکی ئاشکرا دەسەلاّتیان بەســەر زۆربــەی ناوچــەکانی کوردســتاندا هەیــەو دەزگای بەڕێوەبردنیان تێدا دامەزراندوە.

٩-لەشــەڕەکانی نێــوان حکومــەتی عــیراق‌و هێــزە چــەکدارەکانی بزوتنــەوەی کــوردا، یاســاکانی جــەنگ لەلایــەن بزوتنــەوەی کــوردەوە پارێزراوە، تاکو حکومــەتی عــیراق هێرشــی نــەهێنابێ، ئــەو هێزانــە شەڕیان نەکردوە. هیچ کاتێکیش هێرشــەکان لەســنووری ناوچــەکانی کوردستان تێ نەپەڕیون.

١٠-دیلەکانی شەڕ لەلایەن هێزەکانی بزوتنەوەی کــوردەوە ڕێزیــان لێ گــیراوە. نــاتوانین نکــوولّی لــەوە بکــەین حالّــەتی وادروســت بــووە کەدیلەکان کوژراون.

١١-هیچ کاتێك هێزەکــانی حکومــەتی عــیراق لەهێرشــەکانیاندا دەستیان لەخەلّکی مەدەنی‌و سەروەت‌و سامانیان نەپاراستووە.

١٢-لەسەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هێزەکانی بزوتنەوەی کــوردا ڕێز لەهەست‌و ویژدانی خەلّکی عیراق بەگشتی گــیراوەو ســووکایەتیان پێ نەکراوە. نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە لەشەڕی نــاوخۆی هێزەکــانی بزوتنەوەی کوردا ڕێزو حورمەت لــەمرۆڤی کــورد نــەگیراوەو کوشــتن‌و ئازاردان‌و زیندانی کردنیش بەخراپی رەفتار کراون.

١٣-حکومــەتی کوردســـتانیش لەعیراقــدا هــەولّ دەدات ببێتــە دەزگایەکی چەسپاو و بەردەوام تــاکو نوێنەرایــەتی گــەلی کوردســتان بکات لەپەیوەندییەکانی ناوەوەو دەرەوەدا.

پێویستە دان بەو راستیەدا بنێین، کە لەئــەنجامی نــاکۆکی نێــوان پــارتی دیمــوکراتی کوردســـتان‌و یــەکێتی نیشــتمانی کوردســتانەوە، دۆخێکی خراپ‌و نائاسایی دروست بوو کەزۆر ئەنجامی خراپی لەســەر

بزوتنەوەی کورد هەبوو چ لەناوخۆو چ لەدەرەوەی ولاتدا. لەوەش خراپتر دوو ناوچەی دەسەلات دروست بوون، ناوچەی ژێر دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و ناوچەی دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەئەنجام ئەو حکومەتەی کە لەهەولێر بوو بوو بەدوو حکومەتی ناکۆك، حکومەتی هەولێرو حکومەتی سلێمانی[31].

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق هەتاکو لەت نەبوبوو، دەکرا وەکو ئۆرگانی بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد دیاری بکرێت، چونکە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەبوو. سەیر لەوەدایە ئێستا هەردوو حکومەتە کوردیەکە پەیوەندییان بەجیهانی دەرەوە بەردەوامە! دەکرێ لێرەدا، بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەمەریکاو بەریتانیاو ولاتانی دونیا لەبەرچاو بگیرێت بۆ بەردەوامیی ئەو پەیوەندیەو رێگەنەدانیش بەجیابوونەوەی یەکجارەکی لەعیراق.

بەیاننامەی راگەیاندنی یەکێتی فیدراڵی کەئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان) لە ٤/١٠/١٩٩٢دا بلاوی کردەوە، پالپشتی قانوونی دیاریکردوە بۆ ئەوەی ئەنجومەن بڕیاری بدات لەسەر چارەنووسی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، بەتایبەتیش بەزۆر لکاندنی خوارووی کوردستان بەعیراقەوە لەکاتی پێکهێنانی دەوڵەتی عیراقدا، کە بووە بەربەست لەبەردەم مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردا بەگوێرەی ئامانج‌و خواستەکانی خۆی. جا لەبەر ئەوەی لەدوای ئەو لکاندنەوە گەلی کورد لەعیراقدا بەشدار نیە لەسەرجەم ئۆرگانەکانی عیراقدا بۆ پیادەکردنی مافەکانی خۆی لەچوارچێوەی عیراقداو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقیش سیاسەتی فەوتاندن‌و پێشێل کردنی مافەکانی کوردیان رەفتار کردوە. پێویستە

بەگوێرەی پرنسیپو بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان گەلی کورد بتوانێت مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. کە لەپەیوەندیی سیاسیو قانوونی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەردەکەوێتو کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی دیاری دەکرێت. بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق دەبێ دەستوری هەبێتو لەدەستورەکەیشیدا سەرجەمی مافو ئەرکەکانی دیاری بکات لەئاستی مەسەلە چارەنووس سازەکانی گەلی کوردو پەیوەندییەکان. دیارە پێویستیشە لەسەر عیراق کەرێز لەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان بگرێت. بەلاّم رژێمێکی دیکتاتۆری ئەوەی لێ چاوەڕوان ناکرێت کەدان بەڕاستییەکی مێژوویی و قانوونیدا بنێت. بۆیە گەلی کورد لەهەلو مەرجێکی وادا دەبێ بڕیاری یەکجارەکی خۆی بەگوێرەی خواستەکانیو مەودای جێبەجێکردنیان بدات.

ولاّتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەدژی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردن، بەدرێژایی مێژووی ئەو ولاّتانەش هەوڵیان داوە کەبزوتنەوەی رزگاریی گەلی کورد سەرکوت بکەنو لەبەریەك هەڵیوەشێنن. ئەمەش پێشێلکردنێکی تەواوی مافی مرۆڤەو زۆر دژو ناکۆکە لەگەڵ پابەندێتی نێونەتەوەیی ئەو ولاّتانەدا بەرانبەر بەمافەکانی مرۆڤ. سەرۆکی ئەمەریکا بیل کلینتۆن لەنامەیەکیدا بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا تانسۆ چیلەر، داوای کردەوە کەتورکیا رێز لەمافەکانی کورد بگرێت[٣٢]. بەلاّم سەرۆکی ئەمەریکا هیچ ئاماژەی بەوە نەکردوە کەتورکیا سیاسەتێکی دڕندانەی هەیە لەدژی گەلی کورد. ولاّتانی داگیرکەری کوردستان ئەندامن لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەستووری ئەو رێکخراوەش خەسڵەتێکی داسەپێنەرانەی هەیەو دەبێ ولاّتان پێوەی پابەندبنو پابەندێتی

نێونەتەوەیی بپارێزن لەرێزگرتنی ناوەڕۆك‌و ئامانجەکانی ئەو دەستوورەو سەرجەم کارەکانی دەزگاکانی ئەو رێکخراوە دەربارەی مافی گەلان، هەر پێشێلکردنێکیش مانای شکاندنی پابەندێتی نێونەتەوەییە. جا لەکاتێکدا سیاسەت و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی دونیا مەسەلەی مافی مرۆڤ لەهەندێ هەرێم‌و وڵاتدا دەکەنە پێوانەو لەهەندێکی دیکەدا پشت گوێی دەخەن، ئیتر تاکە رێگا ئەوە دەمێنێتەوە کەگەلی خەباتگێڕ لەپێناوی ئازادیدا بەستراتیژو بەرنامەی بەهێزەوە لەکاردابێت بۆ چەسپاندنی ماف‌و ئازادییەکانی خۆی.

بەگوێرەی پرنسیپی دیاریکردنی چارەنووس، هەر وەکو لەبەیاننامەی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتاندا ساڵی (١٩٧٠) دیاریکراوە، کەوڵاتان لەسەریانە کاری زۆردارانە ئەنجام نەدەن کەمافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان پێشێل بکات‌و ئازادی‌و سەربەخۆییان لێ زەوت بکات، لەبەر ئەوە گەلان لەخەباتیاندا بۆیان هەیە داوای هاوکاری‌و پشتگیریی بکەن، ئەویش بەگوێرەی پرنسیپەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی ئەو زۆردارییەی رێگە لەئازادی دەگرێت[٣٣].

بەوجۆرە، وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەسەریانە رێگە خۆش بکەن تا گەلی کورد چارەنووسی قانوونی‌و سیاسی خۆی ئازادانە دیاری بکات‌و بەگوێرەی خواستی نەتەوەیی خۆی لەگەڵ میللەتانی تردا بەئاشتی‌و ئاسایش بژی. دان پێدانانیش بەسەربەخۆیی گەلی کوردا، پێویستە لەیاساکانی ناوخۆو سیاسەتی رۆژانەی ئەو وڵاتانەدا جێگیر بکرێت. ئەو وڵاتانە لەسەریانە لەسەرجەم یاساکانی ناوخۆیاندا رێز لەپابەندێتی نێونەتەوەیی خۆیان بگرن، هەر یاسایەکیش کە لەناوخۆدا دەردەچێت ئەگەر ناکۆکی‌یەکی تێدا بوو لەبەرانبەر یاسای

نێودەوڵەتاندا، دەبێ ئەو یاسایە یا هەڵوەشێندرێتەوە یا بەشێوەیەك راست بکرێتەوە کە لەگەڵ حوکمەکانی یاسای نێو نەتەوەییدا بگونجێت، ئەگەر نا ئەو ولاتانە بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان[٣٤]. لێرەدا ئەگەر سەیرێکی یاساکانی ناخۆی ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بکەین، لەبارەی مافەکانی گەلی کوردەوە، تەواو لەدژی بنەماو پرنسیپە سەرەکیەکانی یاسای نێو نەتەوەیین. لەدەستوورو یاساکانی ناوخۆی تورکیادا جگە لەتورك هیچ گەلو نەتەوەیەکی تر بوونیان نیەو تەواوی قانونەکانیش رەوایی دەدەنە فەوتاندنی گەلی کورد.

لەبڕیارەکانی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لەعیراقدا، کەحوکمی قانونیان هەیە، وێرانکردنی کوردستانو قڕکردنی گەلی کورد گەیشتۆتە ترسناکترین پلە. بۆیە سەرجەم سیاسەتی تورکیاو عیراق لەدژی گەلی کورد بەتەواویی وەکو سیاسەتی جینۆساید دیاری دەکرێت[٣٥].

مافی دیاریکردنی چارەنووس، لەلایەن بزوتنەوەی هەر نەتەوەیەکەوە بێ، دەبێ دیاریکردنی سەربەخۆیی سیاسیو ئابووری بگرێتەوە، ئەگەر نا "مافی دیاریکردنی چارەنووس هەر بەسەربەخۆیی بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بەسەربەخۆییەکی تەواو هەیە لەبوارەکانی، قانوونی، سیاسی ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری"[٣٦].

بەدیهێنانی سەردارێتی نەتەوەیی مەحاڵە لەهەڵو مەرجی بەزۆر لکاندنی هەر گەلێك بەهەر جۆرە فۆرمێکی چارەسەرکردنەوە سەربگرێت. گەل لەنیشتمانی خۆیدا دەبێ خۆی فۆرمی بوونی خۆی دیاری بکات، نەك بسەپێندرێت بەسەریداو مافەکانی لێ بشێوێندرێت، ئەو دیاری کردنە ئازادانەش ئەو گەلە خۆی بڕیاری

لەسەر دەدات ئاخۆ سەربەخۆ دەمێنێتەوە یا لەچوارچێوەی دەوڵـەتێکی تردا چارەنووسی خۆی دیاری دەکات. لەم بارەیەوە (ئە. ئە. کوڤالییێڤ) دەڵێت: ((مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسـدا بـەگوێرەی یاسـای تازەی نێونەتەوەیی لەهەر جۆرە لکاندنێك بەدەرە، لەهەر جـۆرە بـەزۆر گەمارۆدانێکی میللەتان یا گەلان لەچوارچـێوەی وڵاتێکـی غەریبـدا بەدەرە. یەکێتی خاکی هەر وڵاتێك، پێویستە لەسەر رەزامەندیی ئازادو دۆستانەی میللەتانو گەلانی ناوخۆیدا پێکهاتبێ))[37]. دیـارە بڕیـاری هەر گەلێك لـەدیاریکردنی چارەنووسـی خۆیـدا، ئەگـەر سـەردارێتی نەتەوەیی لەبەرچاو نەگرێتو مافی بەکار هێنانی سامانو بەرهـەمی ئابووری نیشتمانەکەی نەکرێتە بناغە بۆ دابین کردنی ژیانێکی لەبار، ئەوا پێشکەوتنو یەکسانی زامن ناکات. مافی بەکارهێنانی سەرچـاوە ئابوورییەکانی نیشتمان بناغەو پێگەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانە بۆ پێشکەوتنی ئابووری، سیاسـی، کۆمەڵایـەتیو کولتـووری. ئـەم مافـەش لەبەیاننامـەی کۆمەڵـەی گشـتی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە١٤/١٢/١٩٦٢دا دیـاریکراوە کـەمافی گـەلانو میللـەتان، مـافی سـەردارێتییەکی دانـەبڕاوو هەمیشـەییە بەسـەر کانگاو بەرهەمی سروشتیدا، ئەویش دەبێ بۆ بەرژەوەندیی پێشکەوتنی نەتەوەیی بخرێتەکار. ئەگەر ئەم مافەش پێشێل کرا، ئەوا ئـەو پێشـێل کردنە ناکۆکی پەیدا دەکات لەگـەڵ مەبەسـتو ئامـانجی رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ پێشخستنی هاوکاری نێونەتەوەیی[38].

ئەوەی مایەی دڵخۆشییەو دەتوانین لەبەرجەستەکردنی کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی گـەلی کـورد لەباشـووری کوردسـتاندا دیـاری بکەین، پێوەندیی حکومـەتی کوردسـتانە بـەدەرەوە، ئـەویش گـەلێك کۆنتراکتو فاکت هـەن لەگـەڵ رێکخـراوە جیهانیـەکانو پێوەنـدیش

لەگەڵ وڵاتاندا. ئەگەرچی زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە جیهانین بەڵام نێودەوڵەتی نین (واتە حکومی نین). بەڵام هەر دەبنە نیشانەیەکی دیار لەو پەیوەندییەداو نیشانەی دەسەڵاتی ناوچەیی ئەو حکومەتەیە. کەدەڵێین پێوەندی بەجیهانی دەرەوە مەبەستمان پەیوەندی یاسایی، دیپلۆماسیو ئابوورییە. جا ڕێکەوتننامەو کۆنتراکتی نێوان وەزارەتو دەزگاکانی حکومەتی کوردستانو ڕێکخراوەکان لەلایەکەوەو پێوەندیی دیپلۆماسی لەلایەکی دیکەوە، لەڕوانگەی یاسای تازەی نێونەتەوەییەو نیشانەی دان پێدانانی دیفاکتۆیە (de fact)" الاعتراف بالأمر الواقع" بەحکومەتی کوردستاندا. هەروەها پێوەندیی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوو دەزگاکانی UNدا وبینینی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش، نیشانەیەکی دیارو گرنگی ڕێگە خۆشکردنە لەپێوەندیی دیپلۆماسیدا. پێویستە لێرەدا ئەو بڵێین، پێوەندیی حیزبەکان بەوڵاتانی دونیاوە، هیچ نرخێکی یاسایی نیە لەبەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییدا، لەکاتێکدا حکومەت هەبێت، لەڕوانگەی یاسای تازەی نێونەتەوەییەوە، حیزب دەزگایەکی ڕەسمی نیەو هیچ شوێنێك لەپێوەندیی یاساییو دیپلۆماسیدا ناگرێ. بەداخو ئازارێکی زۆرەوە دەبێ بڵێین، شەڕی ناوخۆی کورد لەخوارووی کوردستاندا، دەبێتە هۆی لەباربردنی حکومەتی کوردستان. واتە، دەبێتە هۆی تێکدانی ئۆرگانی بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی، کە ئەو بەرجەستەکردنەشە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی مافی چارەنووس. بۆیە دەبێ هێزەکانی کوردستان هەروا بەئاسانی لەکەوتنی ئەو حکومەتە نەڕوانن. هەر کەوتنی ئەو حکومەتەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتی ئابووری لەکوردستاندا، چونکە ئەو

دەسەڵاتە بناغە دادەنێ بۆ پرۆسەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، لەپێوەندیی ناوەوەو دەرەوەدا.

-بەڵگەنامەکانی پێوەندی حکومەتی کوردستان بەدەرەوە، شایەتی راستین بۆ بەدیهێنانی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا. نموونەی جۆری رێکەوتننامەو کۆنتراکتو نامەگۆڕینەوەی حکومەتی کوردستان لەگەڵ رێکخراوەکانی جیهانیو کاربەدەستانی وڵاتاندا زۆرن، لێرەدا هەندێکیان بەنموونە دێنینەوە[٣٩]، وەکو وتمان ئەگەرچی زۆربەی ئەو رێکخراوانە دەوڵەتی نین واتە (غەیرە حکومین)، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا بەڵگەی ئەوەن کەحکومەتی کوردستان دەسەڵاتو سەرداریێتی هەیە لەو ناوچانەی کەحوکمڕانی تێدا دەکات:

-بەگوێرەی کۆنتراکتی نێوان رێکخراوی (OFDA)ی ئەمەریکیو وەزارەتی ئاوەدانیو پەرەپێدانی حکومەتی کوردستانی عیراق کەوەزیری ئاوەدانیو پەرەپێدان (مەئمون بریفکانی) لە ١٨/٧/١٩٩٣دا ئیمزای کردووە، دوو هەزار خێزانی دێهاتە وێرانکراوەکان کەکاتی خۆی حکومەتی عیراق لەچەند ئۆردوگایەکی زۆرە ملیدا لەناوچەکانی سەر بەکەرکووكو سلێمانی نیشتەجێی کردبوون، ئەو خێزانانە لەسەر ئەرکی رێکخراوی (OFDA)ی ئەمەریکی دەگەڕێنەوە دێهاتەکانی خۆیانو نوسراوی ژمارە ٣/٨/١٠٨٣ لە ٢٨/٧/١٩٩٣دا لەبەڕێوەبەرایەتی نەخشەو بەدواداچووندا لەوەزارەتی ئاوەدانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانیو پەرەپێدانی سلێمانی، پشت راستی هەمان کۆنتراکتی کردۆتەوەو داوای ئەو پێویستیانەی کردوە کە بۆ ئەو کارە دەبێ ئامادە بکرێن.

-کۆمەڵێك ڕێکەوتننامە Agreement لەنێوان وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو پەرەپێدانی ڕێکخراوی (medico international e.v)ی ئەڵمانی، لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین. شایانی باسە ئەو پرۆژانەی کەبابەتی ئەو ڕێکەوتننامانەن لەسەر ئەرکی حکومەتی ئەڵمانی جێبەجێ دەکرێن:

١-لە ٢١/٨/١٩٩٣دا ڕێکەوتننامەی نێوان وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو ڕێکخراوی میدیکۆ ئینتەرناشناڵ ئیمزاکرا کە لەماوەی دوومانگدا جێگەو ڕێگەو ماڵ بۆ چەند گوندێکی ناوچەی قەرەداغ لەپارێزگای سلێمانی ئاوەدان بکرێتەوە.

٢-لەمانگی حەوتی ١٩٩٤دا ڕێکەوتنێکی دیکە لەنێوان هەر ئەو دوولایەنەدا ئیمزاکرا بۆ دروستکردنی هەشت قوتابخانە لەگوندەکانی ناوچەی قەرەداغ.

٣-لە ٢/٤/١٩٩٤دا ڕێکەوتنێکی تر لەنێوان هەمان دوو لایەندا ئیمزاکرا بۆ چاك کردنەوەو ڕێگا ڕاکێشان بۆ چەند گوندێکی ناوچەی قەرەداغ، وەك: گورباز، سۆڵەی دەربەندقایە، دێلێژەو تەنگی سەر.

٤-لە ١١/٨/١٩٩٣دا ڕێکەوتنێکی تر لەنێوان هەمان دوو لایەندا ئیمزاکرا بۆ دابین کردنی خواردەمەنیو کەرەسەو پێویستی ماڵی ئەو خێزانانەی کەگوندەکانیان لەلایەن حکومەتی عیراقەوە لەناوچەکانی قەرەداغ وێران کراون.

-ڕێکەوتننامەی نێوان کۆمپانیای (OXFAM)ی بەریتانیو وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو پەرەپێدان. لەلایەن نوێنەری ئۆکسفامەوە لە ١٣/٧/١٩٩٤و لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوە(ڕاست نوری شاوەیس) لە١٨/٧/١٩٩٤دا ئیمزای کراوە. ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ دروستکردنی پردی (بەربەرد) بوو.

-ئەم کارانە سەرجەمیان دوو لایەنیان هەیە: لایەنی ئابووری کەدەبێتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، لایەنی قانوونی کەپێوەندیو دەسەلآتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات، بەتایبەتی پەیوەندی قانوونی بەرێکخراوەکانی دەرەوە.

-ئەوەی کەزۆر گرنگو بایەخدارە ئەو رێکخراوانەی کە کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییان هەیەو پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا هەیە، راستەوخۆ نیشانەی دان پێدانانی دیفاکتۆیە لەیاسای نێونەتەوەییدا، ئەو جۆرە رێکخراوانە لەئەنجامی خواستو بەشداری وڵاتانی دونیاوە پێک هاتوون، بۆیە بەرێکخراوی جیهانی نێودەوڵەتی دادەنرێن[٤٠].

-رێکخراوی فۆندی منالآن-یونسێف، UNICEF، ( Children's Fund Unitted Nations) کە یەکێکە لەئۆرگانە تایبەتو رەسمیەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکەوتننامە (Agreement)ێکی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای سلێمانیدا ئیمزا کردوە، کەئەو بەرێوەبەرایەتیە سەر بەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو پەرە پێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

رێکەوتننامەکە بەجۆرە ئیمزاکراوە:

-لەلایەن یونسێفەوە: 7 June 93

-(G.Mortier/ Head, Unicef, Sulaimaniayh.).

-لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانیەوە: ١٩٩٣/٦/٩.

تەها عارف مەعروف/ بەرێوەبەری ئاوەدان کردنەوە.

بابەتی رێکەوتننامەکە ئەوەیە کەبیناو خانووی رێکخراوەکانی UN لەسلێمانی رێک بخرێنو چاك بکرێنەوەو ئامادەبکرێن. ئەمەش

نیشانەی ئەوەیە کەرێکخراوی UN هەندێ لەدەزگاکانی خۆی دەباتە کوردستانو لەسنووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن. هەریەکێك لەرێکخراوەکانی UN وەکو لایەنی یاسای نێونەتەوەیی (سوبێکت-Subject) بەشدارن لەپێکهێنانی بنەماو فۆرمی یاساییدا لەیاسای نێونەتەوەییدا، چونکە هەموو ئەو رێکخراوانە نوێنەرایەتی دەوڵەتانی بەشداری رێکخراوی UN دەکەن. ئەمەش دان پێدانانە بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەکو دیفاکتو (de facto).

بەڵگەیەکی تر کەدان پێدانانە بەحکومەتی کوردستاندا نامەی نێوان سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردستان کۆسرەت رەسوڵو سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا جۆن مێجەرە. لورد ئارچەر لەوتارێکدا لەپەرلەمانی کوردستان لەهەولێر لەکۆتایی ١٩٩٣دا نامەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا جۆن مێجەری خوێندۆتەوە دەربارەی ئاشتیو پێشکەوتنی کوردستان. لەوەڵامی ئەو نامەیەدا، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردستان لە ١٩٩٤/١/٦ نامەیەکی ناردوە بۆ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا کەسوپاسی حکومەتو گەلی بەریتانی دەکات بۆ پەیوەندیو هاوکاری دۆستانەو پشتگیریی کردنی گەلی کورد لەعیراقداو باسی گەمارۆی ئابووری حکومەتی عیراقی کردوە لەسەر کوردستان. لەوەڵامی نامە تایبەتیەکەی سەرۆك وەزیرانی کوردستاندا، لەسکرتاریەتی نوسینگەی جۆن مێجەر بەناوی سەرۆك وەزیرانەوە خاتوو-Jones Philippa Leslie لە ١٩٩٤/١/٢٠دا وەڵامی داوەتەوەو لەنامەکەدا لەپاش سوپاسی تایبەتی جۆن مێجەر بۆ کۆسرەت رەسوڵ، روونی کردۆتەوە کەحکومەتی بەریتانیا لەگەڵ ئەمەریکاو فەرەنساو روسیادا فشار دەخەنە سەر حکومەتی عیراق بۆ لابردنی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کەسەپاندوێتی. هەمان نامە ئاماژەی بەوە کردوە

کەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەروونی پاراستنی یەکێتی خاکی عیراقی مەبەستە.

بەڵگەیەکی دیکەی پێوەندییەکانی حکومەتی کوردستان بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەویش نامەی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردستانە لە ١٨/١٠/١٩٩٣دا کەئاراستەی ئۆرگانەکانی رێکخراوی UN کراوە دەربارەی پێویستییەکانی قوتابخانەکانی کوردستان. وەڵامی ئەو نامەیەش لە ٢٠/١٠/١٩٩٣دا دراوەتەوە، کەنوسینگەی UN لەهەولێر لەو بارەیەوە کار ئاسانی دەکات.

لەئەنجامی ئەو باسەی خستمانە روو، دەگەینە ئەوەی کە (حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق) بەشێوەیەکی رەسمیو لەبەرچاو کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد لەپەیوەندیی دەرەوەدا پیادە دەکات کە لەخوارووی کوردستان لەچوارچێوەی عیراقدا بەشێوەیەکی یەکگرتوو (Compact) دەژی. ئەو کەسایەتیەش لەپەیوەندی دیپلۆماسیو یاسایی لەگەڵ رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانو وڵاتاندا بەرجەستە دەبێت. بەحوکمی سەردارێتی نێونەتەوەیی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، ئەو حکومەتە کوردیەش دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت، بەڵام بەردەوامیو خۆراگرتنی ئەو حکومەتە پشت بەهاوکاریو پشتگیریی کۆمەڵگەی جیهانی دەبەستێت.

شێوەی دیاری کردنی چارەنووسیش کە لەفۆرمی فیدراڵی لەگەڵ عیراقدا راگەیاندراوە، پێویستە لەدەستوری حکومەتی کوردستانو دەستوری دەوڵەتی عیراقی فیدرالیشدا دیاری بکرێت. مەرجی پێویستیش بۆ راگرتنو جێگیرکردنی سەربەخۆیی حکومەتی

کوردستان، سەربەخۆیی ئابووریە. بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووریش، مەرجی گرنگی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو سەربەخۆیی و کەسایەتیەی کەحکومەتی کوردستان هەیبوو، بەهۆی شەڕی ناوخۆوە هەیبەتی شکاو ئەنجامێکی خراپ و مەترسیداری لەسەر چارەنووسی گەلی کورد دروست کردو بەتایبەتیش کەدوو حکومەتی کوردی لەباشووری کوردستاندا داهاتوویان روون نیە. ئەمەش مەترسی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد دروست کردوە. خۆشبەختانە لەدوای کەوتنی رژێمی سەدام حوسێنەوە هەردوو حکومەتەکە زۆر لەیەك نزیکن و بەرنامەی یەکگرتنیان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

## پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی شەشەم:

٢٨-زنجیرەی یاسای نێودەوڵەتان، حەوت بەرگ، بەرگی دووەم. مۆسکۆ، ١٩٨٩ ل ١٧٨ (بەزمانی رووسی). هەروەها بەڵگەنامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی داکۆکیکردن لەکەمینەکان، ژمارە: ‎-٣٧/١٩٩٢/٢ Sub/٤. E/CN P.٣٥

٢٩-زنجیرەی یاسای نێودەوڵەتان. بەرگی دووەم، ل١٧٨.

٣٠-بەفراوانی دەربارەی تاوانی جینۆساید لەدژی گەلی کورد بڕوانە کتێبێکی تایبەتمان بەناوی: (جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ئەمستردام، ١٩٩٧). لەبەر ئەوەی لەو کتێبەدا بەفراوانی لەو بارەیەوە دواوین، بەپێویستمان نەزانی لێرەدا ئەو باسە دووبارە بکەینەوە.

٣١-شەڕی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بووە هۆی دارمانی رەوشتو سایکۆلۆژی مرۆڤی کورد. ئەو شەڕە ساڵی ١٩٩٨ راوەستاو لە ١٧/٩/١٩٩٨دا بەسەرپەرشتی حکومەتی ئەمەریکا رێکەوتننامەیەك لەنێوان سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جەلال تالەبانیو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانیدا ئیمزا کرا. مەبەستی سەرەکی ئەو رێکەوتننامەیە پاراستنی ئاشتیو پێکهێنانەوەی حکومەتێکی هاوبەشی بوو.

٣٢-جريدة الاتحاد. اربيل. العدد (٧٣)، ص١.

٣٣-یاسای نێودەوڵەتان لەبەڵگەناماندا، مۆسکۆ ١٩٨٢ ل١٠ (بەزمانی رووسی).

٣٤-محمد عزيز شكري: مدخل الى القانون الدولي العام. دمشق، ١٩٨١، ص٥٣.

٣٥-دەربارەی سیاسەتی جینۆسایدی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بڕوانە: جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا.

٣٦-سیرتاك بوچاك: مافی دیاریکردنی چارەنووسو مەسەلەی کورد: بڕوانە:
Documentation of the International Conference on Human Rights in Kurdistan. Bremen 1989. P. 168.

٣٧-کوڤالێیف. ئە. ئە: دیاریکردنی چارەنووس‌و سەربەخۆیی ئابووری گەلان، مۆسکۆ، ١٩٨٨، ل٤٢ (بەزمانی رووسی).

٣٨-بڕیاری کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (١٨٠٣) لە ١٤/١٢/١٩٦٢دا.

٣٩-وێنەی ئەو بەڵگەنامانە لەساڵی ١٩٩٤دا (چەند دانەیەك) دەستی ئێمەکەوتن بۆ سوود لێ وەرگرتنیان لەلێکۆڵینەوەی زانستی‌دا، ناونەهێنان‌و باس نەکردنی زۆر کارو بەڵگەنامەی تر لەبەر ئەوەیە ئێمە هەر ئەوەندەمان دەسگیربووە. رەنگە هەندێ کەس ئەو کارانەی بەلاوە ئاسایی بێت، یا زۆربێ نرخ بێت، بەلام لەرووی قانوونییەوە نرخێکی گرنگیان بۆ ئێستەو داهاتووی سیاسی گەلی کورد هەیە، کەسەرجەمی ئەو پەیوەندی‌و کۆنتراکتانە دەبنە زەمینەی دان پێدانانی رەسمی ئەگەر بێت‌و حکومەتی کوردستان بمێنی‌و خۆی رابگرێت.

٤٠-بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی رێکخراوی نێوان دەوڵەتان، بگەڕێوە بۆ بەشی یەکەمی ئەم کتێبە.

# کۆتایی

بەگوێرەی بنـەماکانی یاسـای نێونەتـەوەیی، کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی ئەوەیـە کـە، لایەنـەکانی یاسـا (سـوبێکت-Subject) مافەکانیان بەدی بێنن‌و ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن‌و وبەشداریش بن لەپەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا. هەموو ماف‌و ئەرکەکان، ئەگـەر لەرێکەوتننامە یان پەیماننامـەی نێودەوڵـەتی یـا لـەداب‌و نەریتـەوە پەیدابووبن بەگوێرەی بنەماو پرنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی دیـاری دەکرێن کەوەکو یەکن بۆ هەموو لایەنەکانی یاسای نێونەتەوەیی.

کەسـایەتی یاسـایی نێونەتـەوەیی گـەل/یامیللـەت/، جیـاوازە لەکەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی دەوڵەت. یەکـەم لەسـەر پرنسـیپی دیاریکردنی چارەنووس راوەستاوە کەسەردارێتی نەتەوەیی رەچاو دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەو کەسایەتیە. بەڵام کەسایەتی یاسایی نێونەتـەوەیی دەوڵەت لەسەر سەردارێتی دەوڵەت رادەوەستێ.

سەردارێتی نەتـەوەیی، بریتی‌یـە لەسـەرجەم ئـەو مافانـەی گـەل کەبوونی دەپارێزێت‌و تایبەتمەندییـەکانی نەتـەوەیی دیـاری دەکـات‌و پێشکەوتنی بۆ دابین دەکات. بەحوکمی پرنسیپی مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـیش هـەموو گـەلان‌و میللـەتان کەسـایەتی یاسـایی نێونەتەوەییان هەیە. بەڵام ئەو گەلانەی کەخـەبات دەکـەن لـەپێناوی ئازادی‌و سەربەخۆییداو ئۆرگانێکی نیشتمانیان پێکهێناوەو دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا هەیەو رێز لەپرنسیپە سـەرەکی‌یەکانی

یاسای نێودەوڵەتان دەگرن، ئەو گەلانە دەتوانن بەشداربن لەپەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا. گەلی کورد بەحوکمی سەرداریێتی نەتەوەیی ئەو مافەی هەیە کەئۆرگانی نەتەوەیی خەباتی رزگاری پێك بێنێو لەچوارچێوەی نیشتمانەکەی خۆیدا مافو ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکاتو هەوڵ بدات بۆ ئەوەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی پرۆسە بکات، بەشداربێت لەپەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا. بۆ ئەمەش، خەباتی گەلی کورد هەتاکو ئێستا لەهەڵچونو داچونێکی ئەوتۆدایە کەنەیتوانیوە بەشێوەیەکی بەردەوام پرۆسەی ئەو کەسایەتی‌یەی خۆی بکات، کەبناغەی جێبەجێ کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە.

پەیماننامەی سیڤەر لە ١٩٢٠ بەشێوەی ئۆتۆنۆمی چارەسەری بۆ مەسەلەی کورد دانابوو لەباکووری کوردستان، بەو مەرجەش ئەگەر کورد خۆی بیەوێت، پاش ساڵێك دەتوانێت دەوڵەتێکی کوردی دروست بکاتو کوردەکانی ولایەتی مووسڵ (باشووری کوردستان) بچنە پاڵ ئەو دەوڵەتە. بۆ ئەمەش چەند مەرجێکی سەخت دانرابوو کەبریتی بوون لەرەزامەندی تورکیاو ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان.

بەڵام رووداوە سیاسیو سەربازیەکانی ئەو سەردەمە بەلای بەرژەوەندی تورکیای کەمالی‌دا شکانەوەو، سیڤەر نەکەوتەکار. ئەوە بوو بەبەشداری تورکیای کەمالی پەیماننامەی لۆزان لە١٩٢٣دا ئیمزا کراو بەتەواوی مەسەلەی کوردی پێشێل کردو سنوورەکانی کوردستانی دابەشکرد. بەگوێرەی لۆزانو کۆمەڵێك رێکەوتننامەی تر کوردستان بەیەکجاری دابەشکرا بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەداو پاشتر سنوورەکانی جێگیرکران. ئیتر هەر لەدابەشکردنی تازەی کوردستانەوە لەپاش جەنگی یەکەم دەبوایە گەلی کورد لەچوارچێوەی تورکیا، عیراق،

ئێـران‌و سـوریادا بـەحوکمی ڕێزگرتنـی مافـەکانی مـرۆڤ، ڕێـزی لێ بگیرایەو وەکو هاوولاتی ئەو ولاتانە بەئەنـدازەی یەکسـانی مافـەکانی بپارێزرانایە. بەلام سیاسەتی ولاتـە داگیرکـەرەکانی کوردسـتان چـووە ئاستێکی ترو تا ڕۆژگاری ئیمڕۆ وەکـو سیاسـەتی جینۆسـاید دیـاری دەکرێت.

دابەشـکردنی کوردسـتان بـووە بەربەنـد لەبـەردەم پێکهێنـانی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو سەرهەلدانی بنەمایـەکی ئـابووری یەکگرتوو لەناوخۆی ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستانیشـدا، بزوتنـەوەی کورد تایبەتمەندیی جیهانی لێ زەوت کراو بەگوێرەی سیاسەتی نـاوخۆ ڕەفتاری لەگەلدا دەکرێ. بەرژەوەندی ولاتانی جیهـانیش لەلایـەکی تـر بوەستێت کەهیچ کاتێك نەبۆتە پالپشتێکی ئەوتۆ بۆ بزوتنەوەی کورد کەبتوانێت خۆی ڕابگرێت‌و بگاتە قۆناغی سەرکەوتنێکی یەکجارەکی. ئیتر فاکتەری ناوەکی‌و دەرەکی بوونە هۆی ئـەوەی کەبزتنـەوەی کـورد نەبێتە خاوەنی سـتراتیژێکی نەتـەوەیی بـۆ دیـاریکردنی چارەنووسـی سەرجەم میللەتی کورد.

لەسالی ١٩٩٠ دا حکومـەتی عیراق پەلاماری دەولەتی کوێتی داو داگیری کرد، ئیتر دەولەتانی دونیا بەرابەرایـەتی ئـەمریکاو بـەریتانیا هێرشیان کردە سەر عیراق‌و سـوپای عـیراق بەشـێوەیەکی زۆر خـراپ هەرەسـی هێنـا. لـەو هـەل‌و مەرجانـەدا لەناوچـەکانی کوردسـتاندا ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەرپابوو. دیارە پیرۆسترۆیکای یەکێتی سۆڤێت‌و کۆتایی هاتنی شـەڕی ساردیش بـووە فاکتـەرێك کـەبارو زروفێکـی جیهانی جیاواز دروست بوو، ئەنجومـەنی ئاسایشی نەتەوەیـەکگرتوەکان بڕیـاری (٦٨٨)ی بـۆ پاراسـتنی خـەلکی عـیراق بەگشـتی‌و کـورد

بەتایبەتی دەرکرد. ئیتر لـەدوای ئـەوەی حکومـەتی عـیراق نـەیتوانی دەزگاکانی خۆی وەکـو جـاران لەکوردسـتاندا بهێڵێتـەوەو حـوکمڕانی بکات، ئەو هەلە رەخسا کەگـەلی کـورد لەوبەشـەی کوردسـتاندا بـۆ یەکەمجار لەمێـژوودا هەڵبـژاردنێك بەسەرپەرشـتی هێزەکـانی بـەرەی کوردسـتانی بکـات بـۆ پێکهێنـانی پەرلـەمانێکی کـوردی. پـاش پێکهێنانی پەرلەمانو دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیـران، حکومـەتی هەرێمی کوردستانی عیراق پایتەختەکەی بـووە شـاری هـەولێر. ئـەو حکومەتـە پەیوەندییـەکی بـەردەوامی بـەوڵاتانی دونیـاو رێکخـراوە جیهانیەکانـەوە هـەبوو. ئـیتر وەکـو بـەدیهێنانی پرنسـیپی مـافی دیـاریکردنی چـارەنووس، کەوتـە پرۆسـەکردنی کەسـایەتی یاسـایی نێونەتەوەیی گەلی کورد. دەبوایە ئەو پەیوەندیو هەلـە مێژووییـە زۆر بەگرنگ لەبەرچاو بگیرایە بۆ ئەوەی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتانی عیراق خۆی رابگـرێو وەکـو ئۆرگـانێکی نەتـەوەیی بتوانێـت کێشـە گرنگو چارەنووسسازەکانی گەلی کورد چارەسەر بکـات. بـەڵام لەبـەر پیلانی دەوڵـەتانی دەوروبـەرو لەبـەر کـەم دەسـەڵاتی سـەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان، ئەو حکومەتە لـەکاتی شـەڕی نـاوخۆی پـارتی دیموکراتی کوردستانو یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتاندا بـوو بـەدوو پارچـــە یـــان دوو حکومـــەت، حکومـــەتێك لەشـــاری هـــەولێر، حکومـەتێکیش لەشـاری سـلێمانی. دیـارە بەپەیـدا بـوونی ئـەو دوو حکومەتە، زیانی گەورە لەمیللەتی کورد کـەوتو بزووتنـەوەی کـورد لەبەرچاوی دونیا لەرووی سیاسی‌یەوە تووشی شکستێکی گـەورە بـوو. بـەڵام لـەدوای ئاشـت بوونـەوەو لەیـەك نزیـك بوونـەوەی هـەردوو

حکومەتەکە، دۆخەکە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا مایەوەو جارێکیتر چاوەڕوانی داهاتویەکی باش دروست بۆوە.

بەگوێرەی ئەو بابەتانەی ئێمە لەلێکۆڵینەوەکانماندا خستمانە روو، کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەناوخۆی ئەو وڵاتانە ترازاوەو بەگوێرەی کۆمەڵێك بنەماو پرنسیپ لەیاسای نێونەتەوەییدا، بۆ پاراستنی مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسدا، ئەو کێشەیە پەیوەندە بەیاسای نێونەتەوەییەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووسیش بەبێ بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی نایەتە دی. ئەو کێشەیەش تاکو ئێستا لەسیاسەتی جیهانیدا روویەکی گەشی وەرگرتووە. بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێین کەبەرژەوەندیو سیاسەتی وڵاتانی دونیا رۆڵێکی دیاریان هەیە لەپیادەکردنی بنەماکانی یاسای نێو نەتەوەییدا. رەنگە لەهەلو مەرجێکدا ئەو بەرژەوەندییە وا بکەوێتەوە بەچاکەی ئەو گەلانەی کە تاکو ئێستا نەیانتوانیوە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەنو ببنە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسیو قانوونی خۆیان، رەنگە لەهەلو مەرجێکی تردا بەرژەوەندی وڵاتانی جیهان (یازلهێزەکان) ببێتە رێگر لەبەردەم چارەنووسو خەباتی گەلاندا بۆ پێکهێنانی ئۆرگانو حکومەتی نیشتمانی کەمافەکانی گەل بپارێزێتو بەشدار ببێت لەپەیوەندیی یاسایی نێوان دەوڵەتاندا.

ناکریو نارەوایە جارێکی تر کێشەی کورد لەیاسای نێونەتەوەیی دوورخەینەوەو لەچوارچێوەی ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا گەمارۆی بدەینەوە. ئەگەر بزوتنەوەی رزگاریی کورد ئەم مەسەلەیە بەگرنگ نەگرێت ئەوا بەهۆی سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە رێگەی دیاریکردنی چارەنووسمان زیاتر لێ دەگیرێت.

# ناوەرۆك


پێشەكیی چاپی دووەم............ ٣
پێشەكیی چاپی یەكەم........... ٦
**بەشی یەكەم:** چەمكی كەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی ١٥
**بەشی دووەم:** پرۆسەی كەسایەتیی نێونەتەوەییی گەلان و تایبەتمەندییەكانی .......... ٢٩
**بەشی سێیەم:** ماف و ئەركە سەرەكییەكانی گەلانی خەباتگێڕ لەپێناوی ئازادیدا.......... ٤٣
**بەشی چوارەم:** مەسەلەی كورد لەرێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكانی سەردەمی جەنگی یەكەمی جیهان... ٥٣
**بەشی پێنجەم:** ئۆرگانەكانی بەرجەستەكردنی كەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییی گەلی كورد ................ ٧١
**بەشی شەشەم:** بەرجەستەكردنی كەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەییی گەلی كورد لەسەر ئاستی جیهانی...... ١١٣
كۆتایی ......................... ١٣٥